- دەرچوونی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای بەخاوەنکردنی ئەو خانووە نیشتەجێیانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان لەنێو سنووری شارەوانیەکاندا لە هەرێمی کوردستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای شەشەم هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای هەمواری سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردەی ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای جێبەجێکردنی یاسای کۆمپانیاکانی فیدراڵی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی فیدراڵی ژمارە(٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای پشکنینی بۆ ماوەیی خوێن(کەمخوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ـ تەلاسیمیا) پێش هاوسەرگیریی.

# 11

پێنجشەممە
کانوونی یەکەم
Dec. 2025

٢٠ سەرماوەز ٢٧٢٥
٢٠ جمادي الآخرة ١٤٤٧

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسای پلەدارکردنە وەزیفییەکانی دەرچووانی کۆلێژی زانستەکان (بەشی کیمیا و بایۆلۆجی).
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسای یەکەم هەمواری یاسای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩ .
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٤، یاسای یەکەمین هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٢.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٤، یاسای یەکەمین هەمواری یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان.

15

دووشەممە

کانوونی یەکەم

Dec. 2025

٢٤ سەرماوەز ٢٧٢٥

٢٤ جمادي الآخرة ١٤٤٧

• دەرچوونی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەمواری یاسای ماف وئیمتیازاتی کەم ئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای پاسەوانیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

17

چوارشەممە

کانوونی یەکەم

Dec. 2025

٢٦ سەرماوەز ٢٧٢٥

٢٦ جمادي الآخرة ١٤٤٧

• دەرچوونی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ یاسای لێبوردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی لە سنوری شارەوانیەکان زیادەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسای یەکەم هەمواری یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای پارێزەرایەتی لەهەرێمی کوردستان.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی کوردستان.

20
شەممە
کانوونی یەکەم
Dec. 2025

٢٩ سەرماوەز ٢٧٢٥
٢٩ جمادي الآخرة ١٤٤٧

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسای سەندیکای ژمێریار وتەدقیقکارانی هەرێمی کوردستان.

• بڕیـاری ژمـارە (٣٦) سـاڵی ١٩٩٩ بڕیـاردان لـە پێکهاتـەی دەسـەڵاتی جـێ بەجێکـردن لـە هەرێمـدا (ئەنجوومەنـی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان عێـراق).

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریی.
• بڕیاری ژمارە (٣٨)ی ساڵی ١٩٩٩، بڕیاری هەڵبژاردنی (د.ڕۆژ نوری شاوێس) بەسەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی - عێراق.

23

سێشەممە

کانوونی یەکەم

Dec. 2025

٢ بەفرانبار ٢٧٢٥

٣ رجب ١٤٤٧

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو.

25

پێنجشەممە

کانوونی یەکەم

Dec. 2025

٤ بەفرانبار ٢٧٢٥

٥ رجب ١٤٤٧

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای باجی گومرگیی هەرێمی کوردستان.
• ئامادەبوونی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ باسکردنی ئەنجامی سەفەرەکەی بۆ بەغداو بارودۆخی عێراق بە گشتی.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێتاوانی و دەرچوونیان.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨.

• دەرچوونی یاساى ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسـاى بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشـان.
• دەرچوونـى یاسـاى ژمـارە (٣٢)ى سـاڵى ٢٠٠٧ یاسـاى هەمـوارى یەکەمـى جێبەجێکردنـى یاسـاى رێکخسـتنى موڵکایەتـى کشـتوکاڵى ژمـارە(٩٠)ى سـاڵى ١٩٧٥.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی).
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای خانەنشینی کەمئەندامی پێشمەرگە.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢، یاسای دەسەڵاتی دادوەری
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٩٩٢، یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٧، یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٣.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧، یاسای کۆڕی زانیاریی کوردستان.
• میوانداری بەڕێز سەماحەتی (عەبدولعەزیز ئەلحەکیم) سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی. (٢٠٠٥)
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
• بڕیاری ژمارە (٤٣) ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری بەخشینی چەند مافێك بە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان.
• بڕیاری ژمارە (٤٦) ساڵی ١٩٩٢ گۆڕینی بڕگەی دووەمی بڕیاری ژمارە (٢١)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان.
• بڕیاری ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٩٢، بڕیاری دیاریکردنی جەژن و بۆنەکانی کریستیانەکان بە مۆڵەتی رەسمی لەهەرێمی کوردستان.
• بڕیاری ژمارە (٤٨) ساڵی ١٩٩٢ دامەزراندنی سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز لە هەرێمی کودستان.
• بڕیاری ژمارە (٣٨)ی ساڵی ١٩٩٧، راستاندنی بودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٨.

29

دووشەممە

کانوونی یەکەم

Dec. 2025

٨ بەفرانبار ٢٧٢٥

٩ رجب ١٤٤٧

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٧ یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٨.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای جێبەجێکردن و هەمواركردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان.
• بڕیاری ژمارە (٤٨) ساڵی ١٩٩٢ دامەزراندنی سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییز لە هەرێمی کودستان.

• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای گەڕاندنەوەی ماڵە دەستبەسەر داگیراوەکان بەهۆی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بۆ خاوەنە ئەسلیەکانیان.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٨، یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٨، یاسای سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ.
• دەرچوونی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٠، یاسای یەکەم هەمواری یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد).
• بڕیاری ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٠، ڕاستاندنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠١.

# یاسای
# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
# ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢

## لەگەڵ هەموو هەموارکردنەکانی و دواین هەموارکردنی حەوتەم بە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٣

یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢
لەگەڵ هەموو هەموارکردنەکانی و دواین هەموارکردنی حەوتەم بە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٣

**دەروازەی یەکەم**
**پێکهێنانی پەرلەمان**

**ماددەی یەکەم:**
پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە سەدو یازدە ئەندام پێکدێت.

**ماددەی دووەم:**
هەڵبژاردنەکان بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ بە پێی سیستەمی لیستی کراوەی سنووردار ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی سێیەم:**
ئەندامی پەرلەمان دەبێتە نوێنەری گەلی کوردستان ـ عێراق.

**ماددەی چوارەم:**
١- ناشێ ئەندامێتی پەرلەمان و فەرمانبەرێیەتی گشتی بەیەکەوە کۆبکرێتەوە، هەر فەرمانبەرێکی گشتی کە بووە ئەندام لە ڕۆژی سوێند خواردنیەوە لەبەردەم پەرلەمان بە وازهێنەر لە فەرمانەکەی دادەنرێ و پێویستە لەسەری سکرتاریەتی پەرلەمان ئاگاداربکاتەوە لە هەڵویستی خۆی بەرامبەر وەزیفەکەی.
٢- ناشێ ئەندامییەتی پەرلەمان و ئەندامێتی ئەنجومەنێکی هەڵبژاردەی سەر بە دایەرەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە یەکەوە کۆبکرێتەوەو، پێویستە لەسەر ئەندام، لەماوەی هەشت ڕۆژدا، لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەوە یەکێ لە دوو ئەنجومەنەکە هەڵبژێرێ، ئەگەر ئەوە نەکات، ئەوە بە هەبَژێری ئەندامیەتی ئەم پەرلەمانە دادەنرێت و، پەرلەمان ئاگادار دەکات.

**ماددەی پێنجەم:**
هەموو ئەندامانی پەرلەمان خۆیان تەرخان دەکەن و، مومارەسەی ئەرك و فرمانی حزبی وسەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە مومارەسەی کاری وەزیفی و سەنعەتکاری و پیشەیی دانانرێت و، لەگەڵ مەبەستی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نییە.

**دەروازەی دووەم**
**هەڵبژاردنی پەرلەمان**
**بەشی یەکەم**
**دەستەکانی هەڵبژاردن**

**ماددەی شەشەم:**
بە یاسایەك، دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبردنی کارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا، خشتەی دەنگدەران ئامادە دەکات و، مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دەستنیشان دەکات و، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی ڕەوشی هەڵبژاردنەکان دەردەکات و، سەرۆك و ئەندامەکانی لیژنە گەلی مەرکەزەکانی ناوزەد دەکات.

**ماددەی شەشەم (دووبارە):**
یەکەم:کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەچێتەجێگەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کەلەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (٤)ی ماددەی (٢)ی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧، تاوەکو پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان ـ عێراقدا[1].
دووەم: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆی هەیە پێڕەوو ڕێنماییە تایبەتیەکانی خۆی بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ

(١) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنء ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ پێکهێنرا و ئەنجومەنی کۆمسیاران هەڵبژێران بە بڕیاری ژمارە (٣١) لە ٢٠١٤/١٢/٣ و هەردوو یاساو بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بە ژمارە ١٧٨ لە ٢٠١٤/٩/٤ و ١٨١ لە ٢٠١٤/١٢/١٨ بڵاوکرانەوە.

عێراق پێڕۆ بكات. بە جۆرێك كە لەگەڵا حوكمەكانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبن.

سێیەم: كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان، سەیركردنی ئەو ناكۆكی و ناڕەزاییانە دەگرێتە ئەستۆ كە لە میانەی ئامادەكردن و جێبەجێ كردنی ڕێكارەكانی هەڵبژاردنەكاندا ڕوودەدەن.

چوارەم: دەستەیەكی دادوەری لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان ـ عێراق، لە سێ دادوەری ناتەرخان (غیر متفرغین) پێك دەهێنرێت بۆ سەیركردنی ئەو تانونەی كەلە لایەن دەستەی هەڵبژاردنەكان یان لەلایەن تاكەتاكەی خەڵك یان كیانە زەرەر مەندەكانەوە بۆی دەنێردرێت و تانەیان لە بڕیارەكانی كۆمیسیۆن داوە، بڕیارەكانیشیش بنبڕ دەبن.

**ماددەی حەوتەم:**

دەستەی باڵای سەربەخۆ كە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق دەكات، بۆی هەیە، چۆنێتی و شێوازی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكان لە یەكە ئیدارییەكان و پێكهێنانی لیژنەكان لە مەركەزەكانی هەڵبژاردن دیاربكات.

**ماددەی هەشتەم:**

لیژنەی مەركەزی هەڵبژاردن، بە سەرۆكایەتی دادوەرێك یان جێگری داواكاری گشتی یان یاساناسێك و، نوێنەرێك لەهەر لیستێ لە لیستەكانی هەڵبژاردن پێك دێت.

## بەشی دووەم
## ناوچەكانی دەنگدان

**ماددەی نۆیەم:**

هەرێمی كوردستان ـ عێراق بەیەك ناوچەی دەنگدان دادەنرێت و، دابەش دەكرێت بەسەر چەند مەركەزێكی دەنگداندا.

**ماددەی دەیەم[1]:**

ئیلغا كراوە.

**ماددەی یازدەم:**

دەنگدانی تەواوكەر بۆ ئەندامێتی پەرلەمان بە پێی ئەو پرەنسیپانەی كە دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتوون لە هەموو بەشەكانی كوردستان ـ عێراق دوای نەمانی كۆسپ و تەگەرە دەكرێت كە ئێستا ناتوانرێ هەڵبژاردنیان تیادا بكرێت.

(١)بە ماددەی پێنجەمی یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ (یاسای هەمواركردنی سێیەم) ئیلغا كرا دەقی ماددە ئیلغاكراوەكەش ئەمە بوو: ناوچەی دەنگدانی دابەش دەكرێت بە چەند مەركەزێك و، لیژنەی ناوچە بە بەیاننامەیەك دیاری دەكات.

## بەشی سێیەم
## وادەی دەنگدان

**ماددەی دوازدەم:**

وادەی دەنگدان، بە بڕیاری سەرۆكی هەرێم لە میانەی پازدە ڕۆژدا لە بەرواری كۆتایی ماوەی پەرلەمانەوە، یان بە دەرچوونی بڕیاری پەرلەمان بە هەڵوەشاندنەوەی خۆی، دیاردەكرێت و، بەر لە وادەی دیاریكراویش بە ماوەیەك كە لە یەك مانگ كەم تر نەبێت، لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بەسەر هاووڵاتیاندا بڵاو دەكرێتەوە (جاڕ دەدرێت).

**ماددەی سیازدەم:**

دەنگدان لە هەموو لایەكی كوردستان ـ عێراقدا لەیەك ڕۆژدا دەبێت.

**ماددەی چواردەم[2]:**

ئیلغا كراوە.

## بەشی چوارەم
## تۆماری دەنگدەران

**ماددەی پازدەم:**

بۆ هەرێمی كوردستان، خشتە بەناوی دەنگدەران بۆ دەنگدان، بەپێی مەركەزەكانی هەڵبژاردن ئامادە دەكرێن و بە ڕیزبەندی پیتە ئەبجەدییەكان ڕێكدەخرێن كە پیشەو ناونیشان و بەرواری جێگەی لە دایك بوونیان تێدا تۆماركراوە. ئەگەر لە توانادا نەبوو ئەوە بكرێ، ئەو كاتە دەستەی باڵا بۆی هەیە ڕێگەیەكی تری لە بارتر بۆ وەدی هێنانی مەبەستی پێویست دیاربكات.

**ماددەی پازدەم (دووبارە)[3]:**

دەستەواژەی (تۆماری دەنگدەران) جێگای دەستەواژەی (خشتەی دەنگدەران) دەگرێتەوە لەهەر جێگایەكی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**ماددەی شازدەم:**

دەستەی باڵا بەلانی كەم (١٥) ڕۆژ پێش ماوەی دیاركراوی دەنگدان، تۆمارەكان بەسەر مەركەزەكانی دەنگداندا، لە

(٢) بە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/١٥ (یاسای هەمواركردنی چوارەم) ئیلغاكرا.

(٣) ماددەی پازدەم (دوو بارە) بە پێی ماددەی نۆیەمی یاساكە (یاسای هەمواركردنی چوارەم) ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٩، وە بەم شێوەیە: دەستەواژەی (تۆماری دەنگدەران) جێگای دەستەواژەی (خشتەی دەنگدەران) دەگرێتەوە لە هەرجێگایەكی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

هەرێمدا دابەش دەکات بۆ ئەوەی لە تابلۆی تایبەت بەم مەبەستە بە هاووڵاتیانی ڕابگەیەنێ بە مەرجێ بە مۆری دەستەی باڵا مۆربکرێن و، بەرواری ڕاگەیاندنەکەشی لەسەر بنووسرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە ماددەی پازدەمدا هاتووە.

**ماددەی حەڤدەم[1]:**

ئیلغا کراوە.

**ماددەی هەژدەم:**

١- هەر کەسێ مەرجەکانی دەنگدانی تێدا فەراهەم بێت و، ناوەکەی لە خشتەی دەنگدەراندا لەبیر کرابێ بۆی هەیە داوابکات ناونووس بکرێ، هەر دەنگدەرێکیش بۆی هەیە داوای ناونووسکردنی هەر هاووڵاتییەك بکات کە بەناهەق ناوی پشت گوێ خرابێ، یان داوای کوژاندنەوەی ناوی هەر هاووڵاتیەك بکات لە خشتەی دەنگدەراندا بە ناهەق ناوی نووسرابێ، ئەمانەش لە ماوەی دە ڕۆژدا دەبێ لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی تومارەکانی دەنگدەرانەوە.

٢- داواکارییەکە پێشکەش بە دەستەی باڵا دەکرێ، دەبێ ڕای لیژنەی مەرکەزی دەنگدانی پێوەندیداری لەگەڵ بێت. دەستەی باڵا، لەماوەی سێ ڕۆژ زیاتر نەبێ، لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکەوە، یەکلایی دەکاتەوە.

## بەشی پێنجەم
## مەرجەکانی دەنگدەرو پاڵێوراو

**ماددەی نۆزدەم:**

هەر هاووڵاتیەکی کوردستان ـ عێراق، چ نێر، چ مێ، بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەم بێت کە بە دەق لەم یاسایەدا هاتوون.

**ماددەی بیستەم:**

مەرجە دەنگدەر لە هاووڵاتیانی کوردستان ـ عێراق بێ و، هەژدە ساڵی تەمەنی تەواوکردبێ.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، ئەم مەرجانەی خوارەوەی فەراهەم بێت:

١- لە هاووڵاتیانی کوردستان ـ عێراق بێت و، لێی نیشتەجێ بێت.

٢- تەواو شیاوبێت و گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ.

٣- بە چاکی خوێندن و نووسین بزانێت.

٤- بە جۆرە جەریمەیەك حوکمی سجن نەدرابێ کە لە ڕەوشت و ئادابی گشتی و دەستپاکی لایدابێت.

٥- بە جەریمەی کوشتنی دەستەنقەست یان دزی حوکمی سجن نەدرابێ..

٦- لەو جەریمانەدا بەشداری نەکردبێ کە دەسەڵاتی سەر کوتکار لە کوردستاندا پلانی بۆ دانابێ یان ئەنجامی دابێت.

## بەشی شەشەم
## پاڵاوتن

**ماددەی بیست و دووەم:**

١- هەر کیانێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان ـ عێراق بکات کە ڕێژەیەك ئافرەتی تێدابێت لە (٣٠٪) کەمتر نەبێت و، ناوی پاڵێوراوەکانیش بە شێوەیەك ڕیزبەند کرابن کە نواندنی ڕێژەی ناوبراوی ئافرەتان لە پەرلەماندا زامن بکات، بە مەرجێ ژمارەی پاڵێوراوەکان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردندا لە (٣) پاڵێوراو کەمتر نەبن.

٢- لیستی پاڵێوراوەکان لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە بەرواری ڕاگەیاندنی وادەی هەڵبژاردن پێشکەش بە سەرۆکی دەستەی باڵا دەکرێت و هەموو بەڵگەنامەیەکی پێوە دەلکێنرێ کە لە ماددەی بیست و یەکەمدا داواکراون.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

١- دەستەی باڵا لە ماوەی بیست و چوار سەعات لە پێشکەشکردنی داواکاریەکان سەیریان دەکات و یەکلایان دەکاتەوەو، بڕیارەکەشی لە ماوەی دوو ڕۆژدا بە داواکاری پاڵاوتنەکەو بە نوێنەری لیستی پێوەندیدار ڕادەگەیەنێ.

٢- داواکاریی پاڵاوتنەکە بۆی هەیە لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە بەرواری پێڕاگەیاندنەکەیەوەی، لە بەردەمی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستاندا تانە لە بڕیارەکەی دەستەی باڵا بدات.

---

(١) ئەم ماددەیە ئیلغا کرا بەپێی ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٣ بەپێی هەمووارکردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و ماددەکەش پێش ئلغا کردن بەم شێوەیە بوو: ماددەی حەڤدەم: دایەرەی حاڵو باڵی شارستانی، پلیتی دەنگدان دەدات بەهەر هاوڵاتییەك تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کردبێ بەشێوەیەکی وا کە وەصف و شکلی بەپێی بەیاننامەی دەستەی باڵا دیارکرابێ بەمەرجێ دەنگدەر لەکاتی دەنگداندا کەسایەتی پێ دەربخات.

٣- دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی دوو ڕۆژدا بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەلێدانەکە دەردەکات.

٤- پێوەندیدارەکان، لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی بڕیارەکان لە تابلۆی ڕاگەیاندنی ئەو لایەنەی دەریچواندوون، بە پێڕاگەیەنراو دادەنرێن.

٥- دەستەی باڵا، لە ڕێگای جۆر بە جۆری ڕاگەیاندنەوە، لیستەکانی پاڵێوراوان ڕادەگەیەنێت و، لە تابلۆی ڕاگەیاندنی هەر مەرکەزێکی هەڵبژاردندا، لە ناوچەی هەڵبژاردنەکەدا، لانی کەم پێش دوازدە ڕۆژ لە وادەی دەنگدان هەڵدەواسرێن.

## بەشی حەوتەم
## پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

**ماددەی بیست و چوارەم:**

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لە سنووری یاساو سیستەمی گشتی و ئادابدا ئازادە، بە مەرجێ دەستەی باڵا ی هەڵبژاردنەکان پرەنسیپی هەلی یەکسان بۆ هەموو لیستەکانی کێبڕکێ زامن بکات.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

یەکەم: پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ڕۆژێك پاش ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوەکان دەست پێدەکات و، بەر لە (٤٨) سەعات لە دەستپێکردنی دەنگدانەوە دەوەستێ.

دووەم: کۆمیسیۆن، بە درێژایی ماوەی ئیجازەپێدراوی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئەو جێگایانە دەستنیشان دەکات کە ڕێگەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیان تێدا قەدەغەیەو، ریکلامی دەنگدانیان تێدا ناکرێت.

سێیەم: پێویستە لەسەر هەموو کەیانە سیاسیەکان کە لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبن، ریکلامەکانی دەنگدان پاك بکەنەوە، بە پێی ڕێنماییەکانی کە کۆمسیۆن دەریان دەکات.

چوارەم:

١- بینایەکانی وەزارەتەکان و، دائیرەکانی هەرێم و هەموو جێگاکانی کارو فرمان، قەدەغەیە بۆ کاری حیزبی و ریکلامی هەڵبژاردن.

٢- نابێ فرمانبەرانی دائیرەکانی هەرێم و، دەسەڵاتەکانی خۆجێ (المحلیە)، پێگەی وەزیفە، یان داهاتی هەرێم، یان ئامرازو دەزگاکانی هەرێم بۆ بەرژەوەندی خۆیان، یان بۆ هەر پاڵێوراوێك، بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو، سەربازیشەوە، بۆ هەڵبژاردن یان بۆ کارکردنە سەر دەنگدەران بە کاربێنن.

**پێنجەم:**

١- هیچ پاڵێوراوێك، ناشێ، نەخۆی، نە بە هۆی کەسێکی ترەوە، لە ڕۆژی دەنگداندا، بەرنامەی کار یان، بڵاوکراوە، یان پلیت، یان هەر شتێکی تر بڵاوبکاتەوە.

٢- ناشێ هیچ کارمەندێکی دایەرەکانی هەرێم، یان ئەندامانی دەسەڵاتەکانی خۆجێ (مەحللی)، لە ڕۆژی دەنگداندا، بەرنامەی کار، بەخۆی یان بە هۆی کەسی ترەوە بڵاوبکاتەوە.

٣- ناشێ بەناوی پاڵێوراوێکەوە کە لە کەشفی پاڵێوراوەکاندا ناوی تۆمارنەکراوە، ریکلام دابنرێ، یان بەرنامەی کار بڵاو بکرێتەوە، یان بڵاو کراوەو، پلیت دابەش بکرێت.

شەشەم: قەدەغەیە، پاڵێوراوەکان، هەر ریکلامێکی هەڵبژاردن بکەن کە دەنگدەران هەڵبخەڵەتێنێ یان گزییان لێ بکات، یان شێوازی برینداركردنی هەستی تێدابێت، یان جوێندانی تێدابێت.

حەوتەم: قەدەغەیە، لە موڵك ومالی گشتی، یان لە بوجەی وەزارەتەکان، یان لە موڵك و ماڵی ئەوقاف، یان لە موڵك و ماڵی پشتگیریی دەرەکی هیچ شتێك خەرج بکرێت.

هەشتەم: قەدەغەیە، هەر حیزبێك یان گروپێك، یان ڕێکخراوەیەك، یان کەیانێك (پێکهاتەیەك)، یان هەر لایەنێك، یان هەر کەسێك، هەر شێوازێکی فشار یان ترساندن، یان بە کافرکردن، یان بە خائین کردن بەکاربهێنێت.

## بەشی هەشتەم
## دەنگدان

**ماددەی بیست و شەشەم:**

سەرۆکی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژاردن و ئەندامەکانیشی، دادوەرو جێگری داواکاری گشتی نەبێ ئەم سوێندەی خوارەوە پێش دەست کردن بە ئەرکەکانیان، لە بەردەم لیژنەی ناوچەکەدا دەخۆن:

**(بە خوای گەورە سوێند دەخۆم، کە ئیشەکەم بەڕاستی و ئەمینی و بێ لایەنیەوەجێبەجێ بکەم).**

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

دەستەی باڵا ڕێنمایی دەردەچوێنێ، بە پێی ئەو ڕێنماییە شێوەو قەبارەی سندوقەکانی هەڵبژاردن و، شێوازی داخستن و کردنەوەیان دیاردەکات.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

دەستەی باڵا پلیتەکانی هەڵبژاردن چاپ دەکات و، سندوقەکانیان ئامادە دەکات.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**
یەکەم: لە دوای دڵنیابوون لە لێهاتەیی دەنگدەر، لەوەی هەڵگری رەگەزنامەی عێراقیە، پسوولەی دەنگدانی ڕادەست دەکرێت و ناوی نیشانە دەکرێت و بۆ پێگەی دیاریکراو بۆ دەنگدان رێنمایی دەکرێت.
دووەم: دەنگدەر بۆی هەیە ناوی یەکێك لەو قەوارە سیاسیانەی لە پسوولەی دەنگداندا نووسراون نیشانەبکات و ناوی یەکێك لە پالێوراوانی هەمان قەوارە نیشانەبکات یان تەنها قەوارە سیاسیەکە نیشانە بکات.
سێیەم: ئەو دەنگدەرەی خوێندنەوەو نووسین نازانێت بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی دەستنیشانی دەکات بۆ پڕکردنەوەی پسوولەی دەنگدانەکە.
چوارەم: نوێنەرایەتیکردن لە دەنگداندا رێگەی پێنادرێت.

**ماددەی سییەم:**
**یەکەم:** سەرۆکی لیژنەی بنکەی هەڵبژاردن پاراستنی رێککاریی لە بنکەکەی لە ئەستۆ دەگرێت، وە بۆی هەیە تەنها پشت ببەستێت بە پۆلیسی خۆجێیەتی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمدا و ئەو رێکارانە بگرێتەبەر کەوا باش بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دروستیان مسۆگەر بکات.
**دووەم:** هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و چەکداران بۆیان نیە بچنە نێو بنکەکانی هەڵبژاردن تەنها لەسەر داواکاری سەرۆکی لێژنەوە نەبێت.

**ماددەی سی و یەکەم:**
لیژنەی مەرکەز حوکم لەسەر هەموو شکایەتێك دەدات کە لە بارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە پێشکەشی کرابێت، ئەمەش بە بڕیارێکی پاساودار کە لە پرۆتۆکۆلێکی تایبەتدا تۆماری دەکات.

**ماددەی سی و دووەم:**
پرۆسەی دەنگدان، سەعات هەشتی بەیانی دەست پێدەکات و، سەعات هەشتی ئێوارە کۆتایی دێت، دەستەی باڵایش بۆی هەیە، بە بەیاننامەیەك وادەی دیکە دەست نیشان بکات لەو سەعاتانەی بۆ دەنگدانەکە دانراون تێپەڕنەکات.

**ماددەی سی و سێیەم:**
لە کاتی تەواوبوونی وادەی دیارکراوی پرۆسەی دەنگدان، سەرۆکی لیژنەی مەرکەز، کۆتایی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیێنێ و، لە پرۆتۆکۆڵی هەڵبژاردنەکەدا تۆماری دەکات، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لیستەکانی کێبڕکێ، بە ئاشکرا، سندوقەکان دەکرێنەوەو دەنگەکان جیادەکرێنەوە.

**ماددەی سی و چوارەم:**
ئەم پلیتانەی خوارەوە بە بۆش دادەنرێن:
١- ئەو پلیتەی مۆری لیژنەی مەرکەزی پێوەنەبێ.
٢- ئەو پلیتەی هیچ هێمایەکی بۆ هیچ لیستێکی پالێوراوی تیدانەبێ، یان گومان بخاتە سەر جۆری هەڵبژاردنی یەکێ لە لیستەکان.

**ماددەی سی وپێنجەم:**
لێژنەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن هەڵدەستن بە رێکخستنی کۆنووسی واژووکراو لە لایەن خۆیانەوە بۆ ئەنجامەکانی دەنگدان و سەرجەم بەڵگەنامە تایبەتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی لەگەڵدا هاوپێچ دەکرێت و لە زەرفێکی داخراوی مۆرکراو بە مۆرەکەی خۆی دادەنرێت بۆ سپاردنی لە لای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ، و دانەیەکی کۆنووسی کۆتایی کە لە لایەن نوێنەرانی قەوارە بەشداربووەکانەوە واژووکراوە دەدرێتە قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن.

**ماددەی سی و شەشەم:**
یەکەم: تێکڕای هەڵبژاردن بەپێی ئەم میکانیزمەی خوارەوە دیاری دەکرێت:
١- کۆی گشتی دەنگە دراوە دروستەکانی ئەو پێکهاتانەی لە ماددەی (٣٦دووبارە)ی ئەم یاسایەدا ئاماژەیان بۆ کراوە دابەش دەکرێتە سەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ هەر پێکهاتەیەك تەرخان کراوە بۆ دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن بۆی.
٢- ئەو دەنگانەی دەمێننەوە دابەش دەکرێنە سەر ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان پاش لێ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو کورسیانەی لە (١)ی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، بۆ دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردنی ئەو قەوارانەی حوکمەکانی ماددەی (٣٦ دووبارە)ی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە.
دووەم: ژمارەی ئەو کورسیانەی کەوا هەر قەوارەیەك بەدەستهێناوە بەپێی ئەم میکانیزمەی خوارەوە دیاری دەکرێت.
١- دابەشکردنی ئەو دەنگانەی هەر قەوارەیەك بەدەستیهێناون بەسەر تێکڕای هەڵبژاردن، کە بەپێی برگەی (یەکەم)ی سەرەوە دەرهێنراوە، بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی قەوارەی پەیوەندار بەدەستیهێناون.
٢- لە حاڵەتی دەستنەکەوتنی تێکڕای هەڵبژاردن لەلایەن هیچ قەوارەیەکی کێبرکێکار لەسەر ئەو کورسیانەی لە ماددەی (٣٦دووبارە) ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەوا یەك کورسی دەبەخشرێتە ئەو

قەوارەیەی کەوا زیـــاترین دەنگـــی لە نێـــو پێکهاتەکەدا هێناوە.

سـێیەم: ئەو کورسـیانەی لە ئەنجـامی دەسـتکەوتنی ماوەدەنگ کە نەگاتە تێکڕای هەڵبـژاردن بە بەتاڵی دەمێنـــنەوە دەبێـــتە هـــی ئەو قەوارانەی کەوا زۆرتـــرین ماوەدەنگیـــان بەدەســـتهێناوەو بەشێوەیەکی یەك لە دوای یەك.

**ماددەی سی و شەشەم (دووبارە):**

یەکەم: پێنج کورسی بۆ کلدان سریان ئاشوری تەرخان دەکرێ پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

دووەم: پێـنج کورسـی بـۆ تورکمـان تەرخـان دەکرێـت، پـاڵێوراوانی ئەو پێکهـاتەیە کێبڕکێـی لەسـەر دەکەن.

سـێیەم: یەك کورسـی بـۆ ئەرمەن تەرخـان دەکرێـت، پـاڵێوراوانی ئەو پێکهـاتەیە کێبڕکێـی لەسـەر دەکەن.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

یەکەم: نـاوی پـاڵێوراوانی قەوارەکە دووبـارە ریزبەنـد دەکـــرێنەوە بە گـــوێرەی ئەو دەنگـــانەی هەر یەکێکیـان بەدەسـتیهێناوەو کورسـیەکانیان پـێ دەبەخشـرێت سـەرەتا بەوەی بەرزتـرین دەنگـی بەدەستهێناوە تـاوەکو دیاریکردنی سـەرجەم ئەو کورسیانەی قەوارەکە بەدەستهێناون.

دووەم: لە حـاڵەتی نەهاتنەکـایەی رێـژەی تەرخـانکراو بـۆ ئافرەتـــان کە لە بـــڕگەی (١)ی مـــاددەی (٢٢)ی یاساکەدا هاتووە، ئەوا ژمارەی پێویستی ئافرەتـان لە نێـــوان ئەو بـــراوانەی لە (یەکەم)ی ســـەرەوە ئاماژەیـان بـۆکراوە بە گـوێرەی ئەو دەنگـانەی بەدەستیانهێناوە، پێش دەخرێن.

سێیەم:

١- دەستەی باڵا ئەو رێـژە سـەدییەی هەر قەوارەیەك بەدەسـتیهێناوەو ئەو کورسـیانەی پەرلەمـانی کە بردویەتیەوە رادەگەیەنێت.

٢- دەســـتەی باڵا نـــاوی براوەکـــانی ئەنـــدامێتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق رادەگەیەنێت.

**ماددەی زیادکراو بۆ یاساکە[1]:**

لە حـــاڵەتی بەتاڵمـــانی هەر کورســـییێك، ئەوا لە لایەن پاڵێورانـــانی ئەو قەوارەیەی خـــاوەن کورســـیەکەیە پـــڕ دەکرێتەوە، ئەویش بە بەخشینی بەو پاڵوراوەی زۆرتـرین دەنگـی بەدەسـتهێناوە، وە لە حـاڵەتی یەکسـان بـوونی دەنگەکـان پاڵێوراوانـدا ئەوا پڕکـردنەوەی کورسـیە بەتـاڵەکە بە گـوێرەی ئەولەویەتـی ریزبەنـدی ناوەکـان لە لیستە بنەڕەتیەکەوە دەبێت.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

دەسـتەی باڵا بـۆی هەیە هەڵبـژاردن لە هەر مەرکەزێکـی دەنگدان هەڵوەشـێنێتەوە ئەگەر دەرکەوت کە گـزی یـان فروفێڵی تێداکراوەو کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

**دەروازەی سێیەم**

**ئەندامێتی لە پەرلەماندا**

**بەشی یەکەم**

**پشتیوانە (الحصانە) و پاداشتەکان**

**ماددەی سی و نۆیەم:**

ئەنـدامی پەرلەمـان، هەر ڕاو بـۆ چوونێـك دەربـڕێ، یـان باســی هەر ڕووداوێــك بکــات لە کــاتی کــارکردنی لە پەرلەماندا، بەپرسیار نابێت.

**ماددەی چلەم:**

١- ناشێ هیچ ئەندامێك بە بێ ڕەزامەندیی پەرلەمان بگیرێ بە هۆی هەر تاوانێك بێ لە مـاوەی بەسـتنی پەرلەمانـدا، تەنیـا لەو بـارە نەبـێ کە تـاوانێکی لە دەست قەومابێ.

٢- نابێ هـیچ کەسێك لە ئەنـدامان لە مـاوەی دەورەی بەسـتنی پەرلەمانـدا بە هـۆی هەر تـاوانێکەوە بـێ بگیـرێ بەبـێ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی سـەرۆکی پەرلەمـان تەنیـا لەو بـارەدا نەبـێ کە تـاوانێکی لە دەست قەومابێ.

**ماددەی چل و یەکەم[2]:**

سـەرۆك و جێگـری سـەرۆك و سـکرتێر و ئەنـدامانی پەرلەمـان، مانگـانە، پاداشـتێك وەردەگـرن پەرلەمـان دەستنیشانی دەکات.

**ماددەی چل و دووەم:**

١- مـاوەی ئەنـدامێتیی پەرلەمـان بـۆ مەبەسـتی سـەرمووچەو بەرزکـردنەوەو خانەنشـینی حسـێب دەکرێ.

(١) ئەم ماددەی بە پێـی مـاددەی نـۆیەمی (یاسای هەمـوارکردنی حەوتەمی) ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠١٣، زیادکرا بو یاساکە.

(٢) تێبینی:بڕیـــاری ژمـــارە (١٣) ی ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٣ کە لە پەرلەمـانەوە دەرچـووە، لە ڕۆژنـامەی پەرلەمـان ژمـارە (٢)ی مانگی تشرینی یەکەمی /١٩٩٢ دا بڵاوکراوەتەوە.

٢- ئەگەر یەكێـك لە ئەنـدامانی پەرلەمـان، لە كـاتی خزمەتكردنـی لە پەرلەمانـدا، یـان بە هـۆی ئەوەوە بمرێ، ئەوا مـووچەی خانەنشینی بـۆ خێـزانەكەی دەبـڕدرێتەوەو پەرلەمـان بـڕەكەی دەستنیشـان دەكات[1].

## بەشی دووەم
## تەواوبوونی ئەندامێتی

**ماددەی چل و سێیەم:**

ئەنـدامێتی پەرلەمـان لە یەكێ لەم بـارانەی خـوارەوە كۆتایی دێت:

١- كۆتـایی هـاتنی مـاوەی پەرلەمـان یـان هەڵوەشانەوەی.

٢- وازهێنـانی ئەنـدام، لە ڕۆژی قبـوڵكردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگ كاری پێدەكری.

٣- ئەگەر یەكێـك لە مەرجەكـانی پاڵـوتنی بـۆ ئەنـدامێتی پەرلەمـان تێـدانەبوو، پەرلەمـانیش بە زۆریـنەی دوو لەسـەر سـێی دەنگـی ئەنـدامە ئامادەبووەكانی بڕیاری لەسەر بدات.

٤- ئامـادەنەبوونی ئەنـدام لە سێ دانیشـتنی لەسـەر یەك بەبێ عوزری مەشروع.

٥- مردنی ئەندام.

**ماددەی چل و چوارەم[2]: ئیلغاكراوە.**

## دەروازەی چوارەم
## ڕەوشی كار لە پەرلەمان

**ماددەی چل و پێنجەم:**

پەرلەمـان لە هەولێـر دەبەسـترێ و، دەشـێ لە هەر شوێنێكی دی ببەسەترێ كە پەرلەمان لە كاتی پێویستدا دەستنیشانی بكات.

**ماددەی چل و شەشەم:**

پەرلەمـان دانیشـتنی یەكەمـی دەبەسـتێ لە میـانەی دە ڕۆژی پاش دەرچوونی مەرسوومی هەرێم بـۆ بانگهێشـت و كۆبـوونەوەی، بەڵام ئەگەر بانگهێشـت نەكـرا، ئەوا، لە یەكەم ڕۆژی پـاش كۆتـایی هـاتنی مـاوەی نـاوبراو، لە خۆیەوە كۆدەبێتەوە.

**ماددە چل وحەوتەم:**

پەرلەمـان یەكەمـین دانیشـتنی بە سـەرۆكایەتی بە تەمەنـترین ئەنـدام دەبەسـتێ و، ئەنـدامەكانی ئەم سوێندەی خوارەوە دەخۆن:

**(بە خوای گەورە سوێند دەخۆم كە پارێزگاری یەكێتی گەل و خاكی كوردستان ـ عێراق و بەرژوەندیە باڵاكانی بكەم).**

**ماددەی چل و هەشتەم:**

پەرلەمان لە یەكەم دانیشتنیدا، بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی، سەرۆك و جێگری سەرۆك و سكرتێری پەرلەمان، بە زۆرینەی موتڵەقی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی چل و نۆیەم:**

**یەكەم:** پەرلەمـان لە دانیشـتنی یەكەمیـدا، وادەی دەورەكـانی بەسـتنی دەستنیشـان دەكـات، بە مەرجێ ساڵانە لە دوو دەورە كەمتر نەبێ.

**دووەم:** سـەرۆكی پەرلەمـان، یـان لانی كەم سێ یەكـی ژمارەی ئەندامەكانی، بۆیـان هەیە داوای بەسـتنی دانیشتنی نائاسایی بكەن، كۆبوونەوەكەش تەنیا بـۆ سـەیركردنی ئەو بابەتـانە دەبێـت كە لە بانگێشتەكەدا دیاركراون.

**سێیەم:** سەرۆكی پەرلەمان بۆی هەیە، لەكاتی پێویست و لەسـەرداوای سـەرۆكی هەرێـم یـان لەسـەر داوای سـەرۆكی ئەنجـومەنی وەزیـران داوای بەسـتنی دانیشتنێكی نائاسایی بكات.

**چـوارەم:** ئەو دەورەیەی بـوجەی گشـتی هەرێمـی تێـدا دەخرێتە بەرچاوی پەرلەمان، كۆتایی نایەت، پاش تەسدیقكردنی بوجەكە نەبێ.

---

(١) یاسای خانەنشینی ئەنـدامانی پەرلەمـان ژمـارە (١٣)ی سـاڵی ١٩٩٩ و، هەمـواركردنی یەكەمـی ژمـارە (٣٥)ی سـاڵی ٢٠٠٤ لە ٢٠٠٤/٣/٢٥ دا و، هەمـواركردنی دووەمـی بە یاسـای ژمـارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە ٢٠٠٨/٦/٢٩ كە هەردووكیان لە ڕۆژنـامەی فەرمیـی (وەقـایعی كوردسـتان) ژمـارە (٤٩) لە ٢٠٠٤/٦/٤ و ژمارە (٨٩) لە ٢٠٠٨/٧/٢٨ بڵاوكراونەتەوە.

(٢) ئەسڵی مـاددەكە: (ئەگەر یەكێـك لە كورسیەكانی پەرلەمـان چـۆڵ بوو، پـاڵێوراوێكی دیـكە، لە هەمـان لیسـت جێـی ئەندامەكەی پێشوو دەگرێتەوەو، لایەنی خاوەن لیستەكە بە پێـی حـوكمی بڕگە (٢) لە مـاددەی سـی و حەوتەمـی ئەم یاسایە دەستنیشـانی دەكـات). پاشـان بە مـاددەی یەكەم لە یاسای ژمارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٤ (یاسای یەكەم هەمـواركردنی یاسای ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢) هەمـواركرا. پاشـان مـاددەكە هەمـووی بە پێـی مـاددەی حەقـدەم لە یاسـای ژمـارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ (یاسای هەمواركردنی سێیەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ئیلغاكرا.

**ماددەی پەنجا:**

١- دانیشتنی پەرلەمان نابێتە دانیشتنێکی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێ، بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی ئامادەبووەکان دەدات، بەدەر لەو حاڵەتانەی کە بە پێی یاسا پێویستی بە زۆرینەیەکی تایبەت دەبێت، ئەگەر دەنگەکانیش یەکسان بوون، ئەوا دەنگی سەرۆك لایەکیان قورس دەکات.

٢- پرۆژە یاساکان، ماددە بە ماددە دەنگیان لەسەر دەدرێت.

**ماددەی پەنجا و یەکەم:**

ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکات و، لە دوا دانیشتنی ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت.

**ماددەی پەنجا و دووەم:**

دانیشتنەکانی پەرلەمان ئاشکران و، دەشێ لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان یان لایەنی کەم چوارەیەکی ئەندامەکانی و ڕەزامەندیی پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووەکان، دانیشتنە کە نهێنی بێت.

**ماددەی پەنجا و سێیەم:**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لە ئەنجومەن هەڵقولاوە، یان دە ئەندام لە ئەندامەکانی بۆیان هەیە پرۆژەکانی یاساکان پێشنیازبکەن، پرۆژەی یاسایش و تووێژی لەسەر ناکرێ بەر لەوەی لیژنەی تایبەتی و پسپۆر سەیری بکات، هەر پرۆژەیەکیش پەرلەمان ڕەتی بکاتەوە، لە میانەی هەمان دەورەی بەستنی پەرلەمان پێشکەش ناکرێتەوە.

**ماددەی پەنجا و چوارەم:**

١- هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە بە پێی پێڕۆی ناوخۆی پەرلەمان پرسیارو لێپرسینەوە ئاراستەی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بکات لەو بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی کارو دەسەڵاتەکانیان و، ئەوانیش دەبێ لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنیانەوە وەڵامی بدەنەوەو لەناو پەرلەماندا، لە کاتی پێویستدا و تووێژ لەسەر بابەتی لێپرسینەوەکە دەکرێ.

٢- چواریەکی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە داواکاری هۆکار پێشکەش بکەن بۆ بڕوا لێسەندنەوە لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن، یان یەکێ لە ئەندامەکانی، پەرلەمانیش تا ماوەی حەوت ڕۆژ لە مێژووی پێشکەشکردنیەوە تێنەپەڕێت و تووێژ لەسەر ئەم داواکاریە ناکات، دوای دوو ڕۆژ لە وتووێژ، ئینجا دەنگی لەسەر دەدرێ.

٣- ئەگەر پەرلەمان بڕوایی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان لە سەرۆکەکەی بکێشێتەوە، ئەوا، دەبێ دەستبەجێ وازهێنانی خۆی پێشکەش بکات.

**ماددەی پەنجا و پێنجەم:**

سەرۆکی پەرلەمان یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە، پاراستنی نیزام لەناو پەرلەماندا دەگرێتە ئەستۆ.

**دەروازەی پێنجەم**

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان**

**ماددەی پەنجاو شەشەم(1):**

پەرلەمان، ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:

١- یاسادانان.

٢- بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتنەکان و، یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان ـ عێراق، دیارکردنی پێوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی (مەرکەزی).

٣- دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە ئەویش دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی ئەندامانی دەسەڵاتەکەی هەیە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان یان کەسانی تردا.

٤- متمانەدان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان لێسەندنەوەی.

٥- بڕیاردان لەسەر بوجەی گشتی و پلانەکانی گەشەپێدان.

٦- چاودێری دانان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٧- پێکهێنانی لیژنەی جۆربەجۆر بۆ لێکۆڵینەوە لەهەر کاروبارێکی بیەوێ.

٨- دانانی پێڕۆی ناوخۆی و، دیارکردنی میلاکات و، بڕیاردان لەسەر بوجەکەی و دامەزراندنی کارمەندەکانی.

---

(1)بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستانەوە بە ژمارە (١) لە (٢٠٠٥/٧/٥) دا دەرچووە کە : پەرلەمان خۆی دەبێتە مەرجەعی سیاسی و دەستووری بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکانی چارەنووسی گەلی کوردستان ـ عێراق. ودیاریکردنی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی کۆماری عێراق ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بە ژمارە (٥٨) لە ٢٠٠٥/١٢/٢٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

٩- پێکهوهنـانی لیـژنهی ههمیشـهیی و کاتییهکـان له ئهندامانی پهرلهمان به پێی پێڕهوی ناوخۆی.
١٠- دانـانی ڕێسـا (بنچیـنه) بـۆ تۆمهتبـارکردن و دادگایکردنی ئهندامهکانی، له کاتی شکاندنی ئهو سوێندهی که خواردوویانه.
١١- یهکلاکردنهوهی ئهو تانانهی که پێشکهش کراون له بـارهی دروسـتیی ههڵبژاردنـی ئهنـدامهکانی، ئهندامێتیش به زۆرینهی دهنگی دوو لهسهر سێی ئامادهبووانهوه نهبێ، ههڵناوهشێتهوه.

## دهروازهی شهشهم
## جهریمهکانی ههڵبژاردن

**ماددهی پهنجاو حهوتهم:**

یهکهم: ههرکهسێ، بهیاننامه، یان وێـنه، یـان بلاوکراوهی تایبهتی ههڵبژاردن له دهرهوهی جێگا تایبهتهکانی ههڵبواسێ، بۆ ماوهیهك سزای حهپسی دهدرێ له یهك مانگ زیاتر نهبێ.

دووهم: ههر کهسـێ له حـوکمی برگهکـانی (چـوارهم، پێـنجهم، شهشـهم، حهوتهم)ی مـاددهی بیست وپێنجهمـی ئهم یاسـایه لابـدا، سـزای حهپسی دهدرێت بۆ ماوهیهك لهیهك مانگ کهمتر نهبێت و له شهش مانگ زیاتر نهبێت و، به غهرامهیهکیش له یهك ملیۆن دینار کهمتر نهبێت و له پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نهبێت.

سێیهم: به حهبس سزا دهدرێ بۆ ماوهیهك له (٦) مانگ کهمتر نهبێـت و، به غهرامهیهکـیش له (١٠٠,٠٠٠) سهد ههزار دینار کهمتر نهبێت و له (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سهد ههزار دینار زیاتر نهبێت، ههر کهسێ:

١- به ئهنقهسـت نـاوێکی یـان چهنـد نـاوی، یـان خهسـڵهتی درۆی له نهخشـهکانی ههڵبژاردنـدا نووسـی، یـان به ئهنقهسـت و به پـێچهوانهی حوکمهکانی ئهم یاسایه ناوێکی نهنووسی.
٢- ناوی خۆی، یان ناوێکی تری، بهبێ فهراههمبوونی مهرجهکانی یاسایی نووسی و دهرکهوت که دهشی زانی، یـان ههر کهسێ نـاوێکی تـر نهنووسێ یـان بیسڕێتهوه.
٣- له ههڵبژاردنـدا دهنگـی خـۆی بـداو بشـزانێ که نـاوهکهی له تۆمـاری دهنگدهرانـدا به پـێچهوانهی یاسـا نووسـراوه، یـان ئهو مهرجه یاسـاییانهی له دهسـت داوه که پێویسـتن بـۆ بهکارهێنـانی مـافی دهنگدان.
٤- به ئهنقهست بهناوی کهسێکی ترهوه دهنگ بدات.
٥- نهێنـی دهنگدانی دهنگـدهرێك ئاشـکرابکات بهبـێ ڕهزامهندی.
٦- مافی دهنگدانی خۆی له جارێك زیاتر بهکاربێنێ.
٧- ئـارهزووی دهنگـدهرێکی نهخـوێ،دهوار بگـۆڕێ و، ناوی کهسێك بنووسێ یان ئاماژه به هێمایهك بدات که ئهو نهخوێنـدهرواره نهیویسـتبێ، یـان ههر دهنگـدهرێکی له مـافی دهنگـدان به گیـر هێنـابێ (عرقل).
٨- خۆی، له زیاتر لهیهك بازنهدا، یـان له زیـاتر له یهك لیستی ههڵبژاردندا پاڵاوتبێ.
٩- له کاتی جیاکردنهوهی دهنگهکاندا گزیی کردبێ.

چـوارهم: به حهپـس سـزا دهدرێـت بـۆ مـاوهیهك له یهك مانگ کهمتر نهبـێ و، لهیهك ساڵیش زیـاتر نهبێ، ههر کهسێ:

١- به ئهنقهسـت دهسـت درێـژی بکـاته سـهر وێـنهی پاڵێوراوهکان یان بهرنامهکانیان که له جێگای تایبهتی خۆیانـدا لکێنـراون، بـۆ سـوودی کهسـێکی تـر یـان لایهنێکی تر، بـۆ ئهوهی زیـان بهو پـاڵێوراوه بگهینـێ، یان کاریگهری لهسهر پرۆسهی ههڵبژاردنهکه ههبێ.
٢- ئهگهر رایگهیانـد، که پاڵێوراوێـك یـان زیـاتر له پرۆسـهی ههڵبـژاردنهکه کشاونهتهوهو دهشـێزانی که درۆدهکـات بهڵـم مهبهسـتی ئهوهبـوو که کـار له دهنگدهران بکات یان دهنگهکانی ئهو پاڵێوراوه بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.
٣- بهههر هۆیهك، دهست درێژی بکاته سهر ئـامرازانهی دهنگدان، که به یاسا ڕێگای پێدراوه، بهسڕینهوه یـان به دڕاندن یان بهههر هۆیهکی تر.

پێنجهم: به حهپس، بـۆ مـاوهیهك سزاد دهدرێـت، له یهك ساڵ کهمتر نهبێ، ههر کهسێ:

١- هێـز، یـان ههڕهشـه بهکـاربێنێ بـۆ ڕێـگه گـرتن له دهنگدانی کهسێك بهو شێوهیهی که خۆی دهیهوێ، یان ڕێگهی پێنهدات دهنگ بدات.
٢- بهڵێن بدات بهههر دهنگـدهرێك یـان به غهیـری ئهو که سوودێکی بداتێ یان بیخاته پێشی یـان بهڵێنـی بـداتێ بـۆ ئهوهی به بـارێکی دیـاریکراو بیهێنێـنه دهنگ، یان نهیهلێ دهنگ بدات.
٣- سوودێك قبول بکـات یـان داوای بکـات، بۆ خـۆی، یـان بـۆ غهیـری خـۆی لهو کهسـهی که خزمهتـی گشتیی پرۆسـهکانی ههڵبژاردنـی کهوتـووهته سـهر شان.

٤- دەنگوباسی درۆ لە بارەی ڕەوشتی پاڵێوراوێکەوە یان لە بارەی ناوبانگیەوە، لەناو دەنگدەراندا بلاوبکاتەوە یان جاری بدات، بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر ڕای دەنگدەران دەربارەی ئەنجامەکانی دەنگدانەکە.

٥- بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە چەکەوە، یان بە تیغەوە (سلاح جارح) بچێنە ناو بارەگای تایبەتی دەنگدانەوە.

٦- جوێن، یان تەشەر بدات یان دەست درێژی بکاتە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان، یان یەکێ لە ئەندامەکانی لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا.

٧- سندوقەکانی دەنگدان، یان خشتەکانی دەنگدان، یان هەر بەڵگەنامەیەك خراپ بکات کە پێوەندیی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە هەبێت.

٨- دروشمەکانی ئایین، یان ماڵەکانی خواپەرستی بۆ کاری حیزبی یان بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربێنێ.

شەشەم: بە حەپس، بۆ ماوەیەك سزا دەدرێ لە یەك ساڵ کەمتر نەبێ و، بە غەرامەیەکیش لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و، لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێ، هەر کەسێ:

١- سندوقەکانی دەنگدان، یان وەرەقەکانی دەنگدان، یان تۆمارەکانی دەنگدانی هەبێ، یان بیشارێتەوە، یان لە ناویان بەرێت، یان خراپیان بکات، یان تێکیان بدات، یان بیاندزێ، یان ئەنجامەکانیان بەهەر ڕێگەیەك بگۆڕێت.

٢- بە هێز، یان بە هەڕەشە، لە ئازادیی هەڵبژاردن یان لە پێڕۆی هەڵبژاردن لابدات.

حەوتەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر سەلمێنرا کەیانێکی سیاسی لە هەر جەریمەیەك لە جەریمەکانی هەڵبژاردندا ـ کە دەقەکەی لەم یاسایەدا هاتووە ـ تێوەگلا، ئەوا بە غەرامەیەکی مالی سزا دەدرێ بڕەکەی (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار بێت.

هەشتەم: کەیانی سیاسی، لەو دەنگانەی کەلە مەرکەزی هەڵبژاردندا بە دەستی هێناوە بێبەش دەکرێ، لە حاڵەتێکدا لە جەریمەیەك لەو جەریمانەی هەڵبژاردندا تێوەگلێ کە دەقەکانیان لە بەندەکانی (یەکەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم)ی ماددەی (٢٥) ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

نۆیەم: سزادەدرێ بە حەپس و بە غەرامەیەکیش لە دە ملیۆن کەمتر نەبێ و، لە بیست وپێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ هەر کەسێ لە حوکمی بڕگەی (هەشتەم)ی ماددەی (٢٥)ی ئەم یاسایە لابدات.

دەیەم: هەر حیزبێك، یان هەر کەیانێکی (پێکهاتەیەکی) سیاسی، میلیشیای چەکداری هەبێ لە بەشداربوونی هەڵبژاردن بێبەش دەکرێت.

یازدەیەم: هەر کیانێکی سیاسی بە هێز یان بە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز، بۆ بەرژەوەندی خۆی، یان لە دژی غەیەری خۆی، ناوچەیەکی هەڵبژاردن دابخات، لە بەشداربوونی هەڵبژاردنەکان و لە ژماردنی دەنگەکان بێبەش دەکرێت.

دوازدەیەم: بەدەر لە حوکمەکانی ڕێسا گشتییەکان، سزای جەریمەی تەواوی بەسەردا دەدرێ، هەر کەسێ هەوڵ بدات ماددەکانی جەریمەکانی هەڵبژاردن کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون پێشێل بکات.

## دەروازەی حەوتەم
## حوکمە جیاجیاکان

**ماددەی پەنجاو هەشتەم:**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، جێگەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە لەم یاسایەدا هاتووە دەگرێتەوە بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی پەرلەمان و بەرێوەبردنی.

**ماددەی پەنجاو نۆیەم:**

هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، کە لە دەرەوە دادەنیشن (المقیمین) مافی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراقدا هەیە.

**ماددەی شەستەم:**

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە) و، سوپاو، کارمەندانی نەخۆشخانەکان، بەندیخانەکان و حەپس و سجنەکان، لە چەند مەرکەزێکی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدرێت کە دەستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە هاوەدەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا دەستنیشانیان دەکات، بە مەرجێ پێش چل و هەشت سەعات لە وادەی دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت.

**ماددەی شەست و یەکەم[1]:**

یەکەم: ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە هی لیستێك بوو کە پاڵێوراوی نەمابێ، ئەوا کورسیەکە بۆ پاڵێوراوێکی دیکە لە قەوارەیەکی سیاسی دیکە تەرخان دەکرێ کە کەم ترین ڕادەی ژمارەی ئەو دەنگانەی بە دەست هێناوە کە بۆ پڕکردنەوەی کورسییەك پێویستەو بە پێچەوانەوەش کورسییەکە بەبەتاڵی دەمێنێتەوە.

دووەم: ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە تایبەت بە ئافرەت بوو، مەرج نییە ئافرەتێکی دیکە جێ بگرێتەوە، مەگەر لەو بارەدا کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتاندا هەبێ.

سێیەم: لە حاڵەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و، پاڵێوراوێکی دیکە بە پێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.

**ماددەی شەست و دووەم:**

دوای ڕەتبوونی سێ مانگ بەسەر کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان، گوێ لەو داواکارییانەی ناگیرێ لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دروستبوون.

**ماددەی شەست و سێیەم:**

نابێ هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار بچێنە ناو پەرلەمان یان لە نزیك دەرگاکانی جێگیر بێ مەگەر بە داواکردنێك لە سەرۆکی پەرلەمان.

**ماددەی شەست و چوارەم[2][3]:**

ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن لە ڕۆژنامەی تایبەتی بڵاودەکرێنەوە کە خۆی دەری دەکات و لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیشیان جێبەجێ دەکرێن، ئەگەر مێژوویێکی دی بۆ دەستنیشان نەکرا بێ.

**ماددەی شەست و پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (بەرەی کوردستانی) بە جێبەجێ کراو دادەنرێ.

---

(١) بڕگەی (پێنجەم) زیادکرا بو ماددەکە بە پێی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواركردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و بڕگەکانی (یەکەم ودووەم) ی هەڵوەشاوە وڕێزبەندی ماددەکان ڕاست کراوە بە پێی ماددەی دەیەمی یاسای ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠١٣ لە یاسای هەمواركردنی حەوتەمی یاسای پەرلەمان .

واتا ماددە ٦١ پێش هەمواركردن بەم شێوەیە بوو: یەکەم: ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لەبەر هەر هۆیەك کورسییەکەی لە دەستدا، ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە لیستەکەی خۆی بە گوێرەی ئەو تەرتیبەی تێیدا هاتووە، جێی دەگرێتەوە، ئەمەش بەچاو ئەو لیستانەوە کە هاوبەندییان نەکردووە؛ دووەم: ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لەبەر هەر هۆیەك کورسییەکەی لە دەستدا ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە هەمان قەوارەی سیاسی کە هاوبەندی لەناو لیستی هەڵبژاردنی هاوبەندیدا کردووە جێگەی دەگرێتەوە؛ سێیەم: ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە هی لیستێك بوو کە پاڵێوراوی نەمابێ، ئەوا کورسیەکە بۆ پاڵێوراوێکی دیکە لە قەوارەیەکی سیاسی دیکە تەرخان دەکرێ کە کەمترین ڕادەی ژمارەی ئەو دەنگانەی بە دەستهێناوە کە بۆ پڕکردنەوەی کورسییەك پێویستەو، بە پێچەوانەوەش کورسییەکە بە بەتاڵی دەمینێتەوە؛ چوارەم: ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە تایبەت بە ئافرەت بوو، مەرج نیە ئافرەتێکی دیکە جێی بگرێتەوە، مەگەر لەو بارەدا کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتاندا هە بێ؛ پێنجەم: لە حالەتی سویند نەخواردنی پالیورای هەلبژاردراو بۆ پەرلەمان لە ماوەی دیاریکراودا بە بێ هیچ هۆیەکی رەوا، ئەوا دوای (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و، پاڵێوراوێکی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.

(٢) یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی (وەقایعی کوردستان) دەرچوێندرا کە وەقایعی کوردستان تایبەتمەند دە بێ بە بڵاوکردنەوەی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەوەی بەهاوپێچەکانیان ئەژماردەکرێن و پێڕەوەکان و ئەوەی بە هاوپێچەکانیان ئەژمار دەکرێت و ئەو مەرسوم و فەرمانانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا هەن و وەزارەتی داد دەرچواندنی یاسای ڕۆژنامەی فەرمی لە ئەستۆ دەگرێ و ئەم یاسایە لە (ڕۆژنامەی پەرلەمان) بە ژمارە (٤٦) لە ١٩٩٩/١١/١١ بڵاوکراوەتەوە وە دواتر لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بە ژمارە (٢) لە ٢٠٠٠/٥/٤ بڵاوکرایەوە.

(٣) تێبینی: دەرچوواندنی یاساو بڕیارەکان یان تانە لێدانیان بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی ١٥ ڕۆژدا لە مێژووی گەیاندنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان بۆ دوویارە پێداچوونەوە لەسەری لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو (ماددەی (١٠) بڕگەی (١) و بڕیاری پەرلەمان پاش تانە لێدانە سەرۆکی هەرێم بنبڕ دە بێ و هەروەها لە حالەتی دەرنەچوواندنی سەرۆکی هەرێم لە ماوەی دیاریکراودا وە تانە لێنەدانی، یاساوبڕیارەکان بە دەرچوو هەژمار دەکرێت و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی لە ئەستۆی پەرلەمان دەبێت.

**سەرۆکایەتی سیاسیی بەرەی کوردستان:**
- جلال تاڵەبانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- مسعود بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- عبدالله ئاگرین پارتی سۆسیالستی کوردی (پاسۆك).
- رسول مامەند پارتی سۆسیالستی کوردستان - عێراق.
- عزیز محمد حیزبی شیوعی کوردستان.
- سامی عبدالرحمن پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.
- قادر عزیز پارتی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- یعقوب یوسف بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری.

**هۆکارە زەروورەکانی دانانی ئەسڵی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان - عێراق)**

حکومەتی عێراق، لەم دواییەدا کارێکی ئەوتۆی کرد کە لە مەوبەر شتی وا ڕووی نەداوە، ئەوەبوو بڕیاری دا ئیدارەکانی خۆی (دایەرەو فەرمانبەران)ی لە ناوچەی کوردستان بکێشێتەوە، بەمەش بۆشاییەکی حکومی و یاساکاریی بێ وێنەی نایەوەو، بەرەی کوردستانی کە لە گەڵیدا لە دانوستاندا بوو خستە بەردەم بارودۆخێکی ئاڵۆزو ئەزموونێکی گران چونکە هەر کۆمەڵگەیەك ئادەمیزادی تێدابێت، ناچار، پێویستە کاروباری ڕێك بخرێ بۆ ئەوەی یاسا، سەروەر بێ و، عەدالەت بەرپابێ و، خۆراك و دەرمان دەسەبەربێ و، ئاسایش و ماف و موڵك و ماڵ و ئازادی و ژیان و حورمەتی هاووڵاتیان پارێزراو بێت، ئەمانەش بە کۆششی تەنیا کەس (الفردی) زامن ناکرێن ململانێ و ئاژاوەی لێ پەیدا دەبێ، ئەم دۆخە پێویستی بە کۆششی هاوبەشە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەو داسەپاندنی حوکمی یاساو عەدالەت، ئەمەش لە ڕێگای نوێنەرانی گەلەوە دێتە دەست.

ئادەمیزاد، هەر لە کۆنەوە دانی بە دیموکراتیدا ناوە، کە شێوازێکی چاکی دەربڕینی ئاوات و ئومێدی دوا ڕۆژو ڕاو بۆ چوونی کۆمەڵ و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیەتی کە حوکم و ئیدارە بگرێتە ئەستۆ، ئەم پرەنسیپە سەلماندوویەتی کە بۆ کار پێکردن چاکەو، شایەنی ئەزمونەو، هیچ پرەنسیپێکیش بە درێژایی چاخەکانی مێژوو بە قەدەر پێڕۆی دیموکراتی خۆڕاگر نەبووە، تا، وای لێ هات، بووبە ڕێساو ڕچەی جیهانی ئەمڕۆ، ئەم جیهانەی کە لاپەرەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی تێدا دەپێچرێتەوەو، پایەکانی سیستەمێکی جیهانیی نوێی لە جێ دادەمەزرێ کە لەسەر دوو کۆچکەی بنچینەیی ڕادەگیرین، ئەمانەن: (دیموکراتی و، ڕێزنان لە ماف و ئازادییەکانی ئادەمیزاد (مرۆڤ).

بەرەی کوردستانی، کە خۆی دەسەڵاتی واقیعی گۆڕەپانەکەیە (Defacto) کەوتەخۆو، شانی دایە بەر ئەو ئەزموونە سەخت و گرانە، کە حکومەتی عێراق، بۆی بە جێ هێشت، لەبەر ئەوە، بەرەی کوردستان بڕیاری دا کە بە گیانێکی سەردەمیانە، شان بداتە بەر ئەو ئەرکانەو، بە کردەوە پێگەیەنێتە واقیعی ئەم ژیانەی ئێستای کوردستان - عێراق لەم پێناوەشدا، هەنگاوی یەکەم لەم کاروانەدا ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە پا هەڵگرێ و بگاتە کاروانی جیهانی خاوەن شارستانی بۆ زامنکردنی ئەوەی کە بناغەی لەسەر دوو کوچکەی دیموکراتی و ڕێزلێنان لە ماف و ئازادییەکانی ئادەمیزاد دامەزرێنێ کە بەڵگەنامەو ڕێساکانی نێودەوڵەتی بنیاتیان ناوە، هەروەها بۆ ئەوەش بە جیهانی بسەلمێنین کە گەلی کوردستان - عێراق دەتوانێ کاروباری خۆی بە پێی ئەوپرەنسیپانەی کە جیهانی ئەمڕۆ دانی پێداناوە هەڵسووڕێنێ و بەڕێوەی ببات.

بەرەی کوردستانی، لە ساڵی (١٩٨٨) دا بە پێی پێڕۆی ناوخۆی بڕیاری وابوو ئەنجومەنێکی نیشتمانیی کوردستانی پێکەوە بنێ، ڕاو ئارەزووی گەلی کوردستان دەرببڕێ و کلیلی چارەنووسی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام بارودۆخ نەڕەخسا کە ئەو بڕیارەی لە زەمینەی واقیعدا بە کردار جیبەجێ بکات تەنیا لەو دوو ساڵەی بەر لە بەرخودانە شکۆمەندەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) دانەبێ، دوای ئەوەش هەر بۆی نەکرا، لەبەر ئەو کارەساتە یەك لە دوایەکانەی کە لەسەر یەك و بە خێرایی دەقەومان و، کۆڕەوە گشتییە مێژوویینەکەشی بەسەر داهات و، ئەو دانوستانەش لەگەڵ حکومەتی عێراق کە بوو بەریشیمانەوە، تا ئێستاش هیچ ئاواتێکی بەرەی کوردستان بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکانی گەلی کوردستان - عێراقی وەدەست نەهێنا ئەوەبوو حکومەتی عێراق کەوتە فڕوفێل و دەستخە ڕوکردنمان و، لەو بەڵێنانەش پەشیمان دەبووەوە کە لە سەرەتای دانووستانەکاندا

پێمـانی دابـوو، وێـڕای ئەوەش فشـاری هەمە جـۆری سەربازی و ئابوری و دارایی و ئیداری و دەروونـی خستە سەر کوردو کوردستان و، لە کەمترین حـورمەت و مـافی مـرۆڤ کە لە جیهـانی شارسـتانیدا، ئاسـاییەو دانـی پێـدانراوە لای داو پشـت گـوێی خسـت، لەبەر هەمـوو ئەوانەو، لەبەر ئەوەش کە پێـڕۆی دیمـوکراتی بـریتیە لە حوکم و فەرمانڕانیی گەل و بەرێـوەبردنی کاروبـاری گەل لە ڕێگـای نـوێنەرانەوە کە خـۆی بە شـێوەیەکی ئـازاد هەڵیانبژێرێ و، هەمـوو دەسـەڵاتێکیان پێدەسپێرێ کە بە زنجیـرە ڕێکارێـك حـوکمی یاسـا بەرپـابکەن و کـۆمەڵی دەزگاو ڕێکخراوی پسپۆڕو تایبەتمەندی لێ بێتەدی و، بە پێـی پرەنسـیپی جیـاکردنەوەی هەرسـێ دەسـەڵاتی تەشـریعی و جێبەجێکـاری و دادوەری، بۆشـایی یاسـایی پـڕبکەنەوەو، ئیـدارەی کاروبـاری کوردسـتان ـ عێـراق پێکەوەبنـێن و، جـۆری پەیوەنـدی لەگەڵ حکـومەتی مەرکەزی دەست نیشان بکەن..

ئەو هەمـوو نیشـانەش بە هەڵبژاردنێکـی ئـازادو یەکەو ڕاسـت و دیمـوکراتی نەبـێ نـاکرێ و نـایەتەدی، جـا بـۆ وەدیهێنـانی ئەو ئـاوات و ئامانجـانەی گەلـی کوردسـتان ـ عێراق، ئەم یاسایە تەشریع کرا.

**سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی ١٩٩٢/٤/٨**
**ڕێکەوتی (١٩)ی نەورۆزی ساڵی ٢٦٩٢ ی کوردی**

**ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئەم یاسایە**
**پەرلەمانتار عەونی بەزاز**

## پێرستی هەموارکردنەکان

١- هەمـوارکردنی یەکەم بە یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٤ بوو و لە ڕۆژنـامەی (پەرلەمـان) لە ژمـارەی (٢٣) دا بڵاوکرایەوە و لە ١٩٩٤/١٢/١٤ جێبەجێکرا.

٢- هەمـوارکردنی دووەم بە یاسـای ژمـارە (٥)ی سـاڵی ١٩٩٨ بوو، لە ژمارە (٣٧)ی ڕۆژنامەی پەرلەمان بڵاوکرایەوەو لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ١٩٩٨/٤/٢٩ دا جێبەجێکرا.

٣- هەموارکردنی سـێیەم بە یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ بوو لە ڕۆژی دەرچـوونیەوە لە ٢٠٠٤/١١/٢١ ەوە جێبەجێکراو لە ڕۆژنامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) دا لە ژمارە (٥٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٢٩ بڵاوکرایەوە.

٤- هەموارکردنی چوارەم بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ کـراو لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٥ بە جێبەجـێ کـراو دانـرا و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) لە ژمارە (٩٨) ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٤ دا بڵاوکرایەوە.

٥- هەموارکردنی پێنجەم، بە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ کـراو لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ جێبەجـێ کـرا و لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) لە ژمـارە (١٠٠) ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١ بڵاوکرایەوە.

٦- هەموارکردنی شەشەم، بە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ کـراو لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٦ جێبەجـێ کـرا ولە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) لە ژمـارە (١٠٩) ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٥ بڵاوکرایەوە.

٧- هەموارکردنی حەوتەم، بە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٣ کـراو لە ڕۆژی ٢٠١٣/٦/١٩ جێبەجـێ کـرا ولە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) لە ژمـارە (١٦٦) ڕۆژی ٢٠١٣/٧/١١ بڵاوکرایەوە.

# پەیڕەوی ناوخۆی
# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان - عێراق
مێژووی دەرچوون: ١٧ /٧ /٢٠١٨

بە پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (٨) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕیاری ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٤، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/١٧، ئەم (پەیرەوی ناوخۆ)یەی پەسندکرد:

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق
بەشی یەکەم
پێناسەکان

ماددەی (١):
ئەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانیان لە بەرامبەریاندا نووسراوە:
هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان - عێراق
سەرۆك: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
دەستەی سەرۆکایەتی: دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان
ئەندام: ئەندامی پەرلەمان
دانیشتن: کۆی گشتی ئەو کۆبوونەوانەیە، کە لە رۆژێکدا دەبەسترێن.
خولی پەرلەمان: ماوەی ویلایەتی پەرلەمان
پەیڕەو: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان
سەرۆك وەزیران: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق.
ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران: جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان دەگرێتەوە.
پرۆژە یاسا و بڕیار: پرۆژەی ئەو یاسا و بڕیارانەیە، کە لە لایەن (١٠) دە ئەندام پەرلەمان، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان دەسەڵاتی دادوەریی، بە مەبەستی دەرچواندن، ئاڕاستەی پەرلەمان دەکرێن.

**بەشی دووەم**
**پێکهاتە و دانیشتنەکانی پەرلەمان**

ماددەی (٢):
یەکەم: پەرلەمان لە هەرێمدا، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە و ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات، کە لەم پەیڕەوە و لە یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە.
دووەم: پەرلەمان، لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێت، بەو پێیەی، کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو هاتووە و بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێن و نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان - عێراق دەکەن.

ماددەی (٣):
پەرلەمان، دانیشتنی یەکەمی خۆی، لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێم، لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا، لە رێکەوتی پەسەندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت. لەکاتی ئاراستەنەکردنی بانگهێشتنامەکەدا، پەرلەمان بەشێوەیەکی ئاسایی لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی رۆژی دوای ماوەی ئاماژەپێدراو، کۆدەبێتەوە.

ماددەی (٤):
دانیشتن، لە هەولێر دەبێت. دەکرێت لەسەر داوای سەرۆك، یان دەستەی سەرۆکایەتی، یان (١٠) دە ئەندام و بە رەزامەندیی پەرلەمان، لە هەر شوێنێکی تر بێت، بە پێی پێویست.

ماددەی (٥):
یەکەم: دانیشتن، بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی یاسایی دەبێت، یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی سادە پەسەند دەکرێن، جگە لەو یاسا و بڕیارانەی، کە پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە، بەزۆرینە هەژمار دەکرێت.
دووەم: ئەگەر رێژەی یاسایی تەواو نەبوو، سەرۆك کردنەوەی دانیشتنەکە، بۆ ماوەیەك دوادەخات، ئەگەر رێژەکە هەر دەستەبەر نەبوو، دانیشتنەکە، بۆ کاتێکی تر، دوادەخرێت.

سێیەم: ئامادەبوونی ڕێژەی یاسایی، بۆ دروستی دەنگدان مەرجە، بەڵام کار ناکاتە سەر بەردەوامیی کۆبوونەوەکە.

ماددەی (٦):
خولی پەرلەمان، (٤) چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنەوە دەستپێدەکات و بە کۆتاییهاتنی دوایین دانیشتنی، لە ساڵی چوارەمدا، کۆتایی دێت.

ماددەی (٧):
یەکەم: پەرلەمان، لە ساڵێکدا دوو وەرزی گرێدانی هەیە:
یەکەمیان، لە سەرەتای مانگی ئادارەوە، دەستپێدەکات، تا کۆتایی مانگی حوزەیران و بە (خولی بەهارە) ناو دەبرێت.
دووەمیان، لە سەرەتای ئەیلولدا دەستپێدەکات، تا کۆتایی کانوونی یەکەم و بە (خولی پاییزە) ناودەبرێت.
دووەم: لە نێوان دوو وەرزی یاساداناندا، پەرلەمانتاران و لیژنەکان، لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، بەردەوام دەبن.
سێیەم: ئەو وەرزەی گفتوگۆی پڕۆژە بودجەی هەرێمی تێدادەکرێت، تا پەسەندکردنی بودجە بەردەوام دەبێت.
چوارەم: پەرلەمان، دەتوانێت لەسەر داوای سەرۆك، یان سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆك وەزیران، یان (٢٥) بیست و پێنج ئەندام، بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامەکانی، ماوەی گرێدانی هەریەك لە دوو وەرزەکە، بۆ ماوەیەك لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر نەبێت، درێژبکاتەوە، ئەویش بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی، کە پێویست بووە وەرزەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە.

ماددەی (٨):
یەکەم: سەرۆك یان لانی کەم (٣/١)، سێ یەکی ژمارەی ئەندامان، دەتوانن، بانگهێشتی دانیشتنی نائاسایی بکەن، دانیشتنەکە، تەنیا بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێت کە لە بانگهێشتەکەدا، دیاریکراون.
دووەم: سەرۆك، لەکاتی پێویستدا، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆك وەزیران، بانگهێشتی دانیشتنێکی نائاسایی دەکات.
ماددەی (٩):
یەکەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان، بە ئاشکرا دەبن.
دووەم: دەکرێت، دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆك، یان (٤/١) چواریەکی ئەندامان و بە رەزامەندیی پەرلەمان، نهێنی بن.
سێیەم: لەکاتی پێویستدا دەکرێت، دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆك وەزیران، بەرەزامەندیی پەرلەمان، نهێنی بن.

## بەشی سێیەم
## هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی

ماددەی (١٠):
دەستەی سەرۆکایەتی پێکدێت لە (سەرۆك و جێگری یەکەم و جێگری دووەم)ی پەرلەمان بە مەرجێک یەک لە (٣) سێ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئافرەت بێت.

ماددەی (١١):
یەکەم: پەرلەمان، دانیشتنی یەکەمی خۆی، کە لە ماددەی (٣) سێی ئەم پەیڕەوە ئاماژەی پێدراوە، بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین کاندیدی دەرچووی ئامادەبوو، دەبەسترێت.
دووەم: بەتەمەنترین کاندیدی دەرچووی ئامادەبوو، لەلایەن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، بانگهێشت دەکرێت دەبێتە سەرۆکی یەکەم دانیشتن، ئەرکی تەنیا بریتی دەبێت لە بەڕێوەبردنی دانیشتنی یەکەم و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی.

ماددەی (١٢):
یەکەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن، لە بەردەم پەرلەماندا، سوێندی یاسایی، دەخوات.
دووەم: کاندیدە هەڵبژێردراوەکان، لەبەردەم پەرلەماندا، سوێندی یاسایی، دەخۆن.
سێیەم: (سوێندخواردن)ی یاسایی سەرۆکی یەکەم دانیشتن و کاندیدە هەڵبژێردراوەکان، بەم شێوەیە دەبێت:
(بەخودای گەورە سوێند دەخۆم، کە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و یەکێتی خاك و گەل و شکۆ و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و سامانی گشتیی بپارێزم و ئەرکی ئەندامیەتیی بە ڕاستیی و دڵسۆزییەوە جێبەجێبکەم).
چوارەم: هەر کاندیدێکی هەڵبژێردراو، بە ناوەڕۆکی ئەو سوێندە یاساییەی، لەم ماددەیە هاتووە، پابەند نەبوو، دەبێت سوێندەکە، دووبارە بکاتەوە.
ماددەی (١٣):
یەکەم: لە رێکەوتی (سوێندخواردن)ی یاساییەوە، کاندیدی هەڵبژێردراو، دەبێتە ئەندام و بە دەستبەکار هەژمار دەکرێت و گشت مافێکی ئەندامێتی دەبێت و هەموو ئەرکەکانی ئەندامێتی دەکەوێتە ئەستۆ.
دووەم: ئەگەر کاندیدی هەڵبژێردراو، بەبێ پاساوی ڕەوا، لە دانیشتنی یەکەمەوە، بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ (سوێندخواردن)ەکەی ئەنجامنەدا، مافی سوێندخواردنی یاسایی نامێنێت.

ماددەی (١٤):

پەرلەمـان، بە زۆریـنـەی رەهـای ژمـارەی ئەنـدامان و بە دەنگدانی نهێنـی و راستەوخۆ، دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بەپێی ئەم رێکارانە هەڵدەبژێردرێت:
یەکەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن، دەرگای خۆپاڵاوتن، بـۆ پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی، دەکاتەوە.
دووەم: داوا لە پـــاڵێوراوان دەکـــات، کە خۆپاڵاوتنیـــان رابگەیەنــن و دواتــر دەرگــای خۆپاڵاوتن دادەخـات و پرۆسەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.
سـێیەم: بە پێـی پیتەکـانی (ئەلفبـێ)ی کـوردی، داوا لە ئەندامان دەکات، بۆ پۆستەکانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بەجیا دەنگ بە پاڵێوراوەکان بدەن.
چـوارەم: ئەنـدام، نـاوی پـاڵێوراوی خوازیـاری خـۆی، بـۆ هەریەك لە پۆستەکان، لەسـەر پسووڵەیەکی تـایبەت بەو هەڵبـژاردنە دەنووسێت و بەدەسـتی خـۆی دەیخـاتە نـاو سندوقی تایبەت بەو پۆستە.
پێنجەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن کۆتاییهـاتنی پرۆسـەی دەنگـدان ڕادەگەیەنێـت و داوا لە دوو لەحوترین ئەنـدام دەکـات، بـۆ جیـاکردنەوەی دەنگەکـان، بە سەرپەرشـتی خۆی.
شەشەم: ئەگەر ژمارەی دەنگەکانی دوو ڕکابەر، یان زیاتر، بـۆ هەریەك لە پۆسـتەکان یەکسـان بـوون، پرۆسـەی دەنگـدان دووبـارە دەکـرێتەوە، ئەگەر دیسـان ژمـارەی دەنگەکـان یەکسـان بـوون بە تیروپشـك پۆسـتەکە، بـۆ یەکێك لە پاڵێوراوەکان، یەکلا دەکرێتەوە.
حەوتەم: ئەگەر، بـۆ هەریەك لە پۆسـتەکان، تەنهـا یەك پاڵێوراوی بێ رکابەر هەبوو، سـەرۆکی یەکەم دانیشـتن، ڕاسـتەوخۆ بە ناولێنـان، پـاڵێوراوەکە، بـۆ پۆسـتەکە بە سەرکەوتوو، رادەگەیەنێت.
هەشتەم: سەرۆکی یەکەمدانیشتن، ئەنجامی دەنگدان، بۆ ئەنـدامان ئاشکرادەکات و داوا لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی هەڵبژێردراو دەکات، بچنە جێگەی تەرخانکراوی خۆیان.

ماددەی (١٥):
ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی، لە یەکێك لەم حاڵەتـانەدا پۆستەکەی لەدەستدەدات:
یەکەم: دەست لەکارکێشانەوە، بە رەزامەنـدیی زۆریـنـەی ئامادەبوانی ئەندامان.
دووەم: متمانە لێسەندنەوە لەسەر پێشنیاری (٣/١)ی سێ یەکی ئەندامان و بە رەزامەندی (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی ئەندامان.
سێیەم: لەکاتی چۆڵبوونی یەکێك لە پۆستەکانی دەستەی سـەرۆکایەتی، کە لە بـڕگەی (یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، تـا شـوێنەکەی پـڕ دەکـرێتەوە، دەبێـت لەکارەکانی بەردەوام بێت.
چوارەم: لەکاتی چۆڵبوونی پۆسـتی یەکێـك لە ئەنـدامانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی بەهەر هـۆیەك بێـت، پەرلەمـان لە یەکەم دانیشتنی دوای چۆڵبوونەکە، پۆستەکە، بە هەمـان رێگای کارپێکراو لەم پەیڕەوەدا پڕدەکاتەوە.
ماددەی (١٦):
ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی
دەستەی سەرۆکایەتی، ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی هەیە:
یەکەم: دانان و ڕێکخستنی بەرنامەی کاری دانیشـتنەکانی پەرلەمان، بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.
دووەم: خوێنـــدنەوەی کـــورتەی کۆنووســـی دانیشـــتنی پێشووتری پەرلەمان و، پەسەندکردنی.
ســـێیەم: دانـــانی رێســـای تـــایبەت بە رێکخســـتنی کۆنووسەکان و واژۆکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکە.
چـوارەم: یەکلاکردنەوەی نـاکۆکی پسـپۆریەتیی (تنـازع الاختصاص)، لە نێوان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان.
پێـــنجەم: ڕاســـپاردنی لیژنەیەکـــی دیـــاریکراو، بەدراسەتکردنی بابەتێکی دیاریکراو.
شەشـەم: بڕیـاردانی پەیـکەری رێکخسـتنی پەرلەمـان و هەمـــوارکردنی و داڕشـــتنەوەی سیاســـەتی دارایـــی و کارگێریی پەرلەمان.
حەوتەم: لەگەڵ دیـــوانی پەرلەمـــان و لیـــژنە پەیوەندیدارەکانـدا، بـودجەی سـاڵانە و ژمێـرەی کۆتـایی پەرلەمـان، رێکـدەخات و بـۆ پەرلەمـان دەیخـاتەڕوو، بە مەبەســـتی پەســـەندکردنی و سەرپەرشـــتیکردنی و جێبەجێکردنی.
هەشـــتەم: رەزامەنـــدیی دەربـــڕین بە دامەزرانـــدن و خانەنشـینکردنی کارمەنـدانی پەرلەمـان و راوێژکـار و بەرێـوەبەرە گشـتیەکان لە چوارچێـوەی رێکـار و مەرجی یاساییدا.
نـۆیەم: رێکخسـتنی پەیوەنـدییەکانی پەرلەمـان لەگەڵ سەرجەم دامەزراوەکان و هەموو ئەو ناوەنـدانەی دەچنە چوارچێـوەی کـاری هاوبەشـی پەرلەمـانیی، لە نـاوخۆ و دەرەوەی هەرێم.
دەیەم: دەرکردنـــی بەیاننـــامە و دەربڕینـــی هەڵوێســـت، لەسەر بابەت و رووداو و پێشهاتەکان.
یازدەم: سەرپەرشتیکردنی کاروباری کـارگێریی و دارایـی سەرجەم نوسینگەکانی پەرلەمان.
دوازدەم: هەر ئەرك و دەسـەڵاتێکی تـر کە لەم پەیـڕەوەدا پێیان سپێردراوە.

ماددەی (١٧):
دەسـتەی سـەرۆکایەتی، کۆبـوونەوەی هەفـتانەی خـۆی دەبێـت و دەکرێـت لە هەرکـاتێکی تـر کە پێویسـت بێـت، لەسەر داوای سەرۆك، کۆببێتەوە.

ماددەی (١٨):
ئەرك و دەسەڵاتەكانی سەرۆك:
یەكەم: نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان و قسەكردن بە ناوییەوە.
دووەم: جێبەجێكردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەكانی پەرلەمان.
سێیەم: كردنەوەی خول و دانیشتنەكانی پەرلەمان، و سەرۆكایەتیكردنییان، كۆتاییپێهێنان و دواخستنیان، دەست نیشانكردنی كاتی ئەنجامدانیان.
چوارەم: بەرزەفتكردنی گفتوگۆكان و پارێزگاریكردن، لە ڕێكارییەكان و پارێزگاریكردن، لە شكۆی پەرلەمان.
پێنجەم: گرتنەبەری ڕێكاری پێویست، بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناو پەرلەمان.
شەشەم: خستنەڕووی ئەو بابەتانەی، پێویستیان بە دەنگدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەكان هەیە.
حەوتەم: نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان، لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتیمانییەكاندا، دەشێت جێگرەكانی، یان هەر ئەندامێكی تر، بۆ ئەوكارە ڕاسپێرێت.
هەشتەم: سەرجەم ئەو رەفتاركارییە یاسایی (التصرفات القانونیة) و كارگێریی و داراییانەی، كە بە پەرلەمانەوە پەیوەستن، دەگرێتەبەر بەمەرجێك، لەگەڵ بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی ( ١٦ ) شازدەی ئەم پەیڕەوەدا ناكۆك نەبێت.
نۆیەم: ناردنی بڕیار و یاسا پەسندكراوەكان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، بە مەبەستی دەرچواندنیان.
دەیەم: هەژماردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی، لە ماوەی دیاریكراودا، لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە بەیاسا و بڕیاری دەركراو،دەرناچن.
یازدەم: واژۆكردنی سەرجەم نوسراوە فەرمییەكان، لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێكردن و لایەنی تری ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.
دوازدەم: واژۆكردنی سەرجەم ئەو نامە و نوسراوانەی، لە پەرلەمانەوە، یان لە یەكێك لە لیژنەكانیەوە دەردەچن و دەكەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەرۆك.
سێزدەم: دەرچواندنی بڕیاری خانەنشینكردنی ئەندامانی پەرلەمان.
چواردەم: پیادەكردنی هەردەسەڵاتێكی دی، كە ئەم پەیڕەوە و یاسا كار پێكراوەكان پێیان بەخشیوە.

ماددەی (١٩):
دەسەڵاتەكانی جێگری یەكەمی سەرۆكی پەرلەمان:
یەكەم: پیادەكردنی سەرجەم دەسەڵاتەكانی سەرۆك، لەكاتی ئامادەنەبوونیدا.
دووەم: هاریكاریكردنی سەرۆك، بۆ رایكردنی ئەركەكانی.
سێیەم: سەرپەرشتیكردن و بەدواداچوونی كاری لیژنەكان و پێشكەشكردنی ڕاپۆرت دەربارەیان، بۆ سەرۆك.
چوارەم:سەرۆكایەتیكردنی كۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنە هەمیشەییەكان.
پێنجەم: بەشداریكردن، لەكارەكانی دەستە، وەك ئەندام تیایدا.
شەشەم: هەردەسەڵاتێكی تر كە سەرۆك پێدەدات، یان لە یاسا كارپێكراوەكاندا هەیەتی.

ماددەی (٢٠):
دەسەڵاتەكانی جێگری دووەمی سەرۆكی پەرلەمان:
یەكەم: خوێندنەوەی بەرنامەی كاری دانیشتن.
دووەم: سەرپەرشتیكردنی نوسینی كۆنووسی دانیشتنی پەرلەمان و بەرنامەی كاری دانیشتنەكان و چاپكردن و دابەشكردنیان بەسەر ئەنداماندا، پاش پەسەندكردنیان لە لایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە.
سێیەم: تۆماركردنی ناوی ئەو ئەندامانەی دەیانەوێت بەشداری گفتوگۆ بكەن، بەپێی ڕێزبەندیی كاتی داواكارییەكانیان.
چوارەم: دڵنیابوون، لە بوونی ڕێژەی یاسایی دانیشتن و ئەنجامدانی كاری تۆماركردنی ناوی ئامادەنەبووان، بەپاساو و بێ پاساو.
پێنجەم: چاودێریكردن و ژماردنی دەنگەكان، لەكاتی دەنگدان و دڵنیابوونەوە لە ئەنجامەكان.
شەشەم: بەدواداچوونی كاروباری ئەندامان و خستنەڕووی كێشە و داواكاری و پێشنیارەكان، بۆ دەستەی سەرۆكایەتی، بۆ بڕیارلێدانیان، ئەگەر خۆی نەیتوانی چارەسەریان بكات.
حەوتەم: سەرپەرشتی و چاپكردن و بەدواداچوونی ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمان دەنگیان لە سەر دەدرێت و بەراوردكردنیان، بەو دەقانەی دەنگیان لەسەر دراوە.
هەشتەم: سەرپەرشتی بەئەنجام گەیاندنی وەرگێرانی پرۆژە، یان پێشنیازەكە، لە كوردی بۆ عەرەبی بە پێچەوانەشەوە، بە پشتبەستن بە شارەزایان و پسپۆڕانی زمان.
نۆیەم: نوسینی پەراوێزی كۆتایی، لە سەر دەقی كۆتایی پرۆژە، یان پێشنیازەكە، بۆ سەرۆك و بەدواداچوون لە گەیشتنی بۆ سەرۆكی هەرێم، لە ماوەی دیاریكراو.

دەیەم: بەشداریکردن لەکارەکانی دەستە وەکو ئەندام تیایدا.
یازدەم: هەر دەسەڵاتێکی دی کە ئەم پەیڕەوە پێی بەخشیوە.

## بەشی چوارەم
## ئەندامێتی

ماددەی (٢١):

دروستیی ئەندامێتی

یەکەم: مەبەست لە دروستیی ئەندامێتی، دڵنیابوونە لە باری یاسایی ئەندام، لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری، بۆ پاڵاوتنی، تا راگەیاندنی ئەنجامەکان و بوونی بە ئەندام، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی (٢١) بیست و یەك لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا ئاماژەی پێدراوە.
دووەم: پەرلەمان لەرێگەی هەڵبژاردن لیژنەیەکی کاتی لەسەرەتای هەموو خولێکی هەڵبژاردن پێك دەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بەو تانانەی پێشکەشکراون لە سەر دروستی ئەندامێتی، پێك دێت لە ژمارەیەك ئەندام کە لە (٥) پێنچ ئەندام کەمتر نەبێت و لە (٧) حەوت ئەندام زیاتر نەبێت، بەمەرجێك لەنێوان ئەندامانی لیژنە، ئەندامانی تانە لێدەر یان تانە لێدراو لەسەر دروستی ئەندامێتی تێدانەبێت، لیژنەکە لە یەکەم دانیشتنیدا سەرۆك و بریاردەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژرێت و کارەکانی بەپێی ئەو حوکمە تایبەتییانە کە بۆ لیژنەکانی پەرلەمان دانراون لەم پەیڕەوەدا بەرێوەدەبات.
سێیەم: هەموو ئەندامێك، مافی هەیە، تانە لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی دی بدات، هەر پاڵێوراوێك، لە لیستی براوەدا، دەتوانێت تانە لە ئەندامێتی ئەندامی براوە لە لیستەکەی خۆی، لە پەرلەمان بدات و داوای پوچەڵکردنەوەی هەڵبژاردنی و دروستی ئەندامێتیەکەی بکات.
چوارەم: تانەکان بەنووسین لە ماوەی وەرزی یاسادانانی یەکەمی پەرلەماندا، دوای هەڵبژاردن، پێشکەشی سەرۆك دەکرێن و ئەویش ئاراستەی لیژنەی پێداچوونەوە، بە دروستیی ئەندامێتی دەکات.
پێنجەم: لیژنە، وێنەیەکی تانەکە، بۆ ئەندامی تانەلێدراو دەنێرێت، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی بۆی دیاریی دەکەن، بەرگریکردن لە خۆی پێشکەش بکات، هاوکات دەتوانێت ئەو بەڵگانە ببینێت کە لە سەری پێشکەشکراون.
شەشەم: لیژنەکە پێداچوونەوە بە داوای تانەلێدان دەکات و دەتوانێت هەموو کۆنووس و بەڵگەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئەندامی تانەلێدراو ببینێت و بانگهێشتی گەواهیدەر (شاهد) و کەسی شارەزا بۆ گەیشتن بەراستی بکات، هەروەها راپۆرتەکەی لەماوەیەك لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی ناردنی داواکە پێشکەش دەکات، دواتر پەرلەمان دروستیی ئەندامێتی بە زۆرینەی (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی دەنگی ئامادەبوان، یەکلا دەکاتەوە.
حەوتەم: لەکاتێکدا کە تانەکە جدیی نەبوو، یان زانیاریی نادروستی لە خۆگرتبوو، بە ئامانجی لەکەدارکردنی، تانەلێدراوەکە لیژنە راپۆرتێك بە سەرۆك دەدات، ئەویش دەتوانێت بە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی بدات، بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر تانەلێدەر، هەروەها بۆ تانەلێدراو هەیە خۆی راستەوخۆ، ئەم رێوشوێنە بگرێتەبەر.

**ئەرکەکانی ئەندام:**

ماددەی (٢٢):

یەکەم: ئەندام بەئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان پابەند دەبێت، ئەگەر بەبێ هۆیەکی ڕەوا ئامادەی دانیشتنەکان نەبوو، سەرۆك بەنووسین سەرنجی رادەکێشێت، ئەگەر ئامادەنەبوون دووبارە بووەوە ٥٪ لەسەدا پێنجی موچەکەی لە هەردانیشتنێك، کە ئامادەی نەبێت دەبرێت، ئەگەر ئامادەنەبوون، لە (٣) سێ دانیشتنی یەك لە دوای یەکدا، یان (٥) پێنچ دانیشتنی پچڕ پچڕ بێت، لەماوەی یەك وەرزی یاساداناندا، ئەوا ئامادەنەبوونەکەی لە ماڵپەری تایبەتی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە، وێرای بڕینی مووچەکەی لە ئەنجامی ئامادەنەبوونیدا، ئەگەر ئامادەنەبوونی دوای ئەم دووبارە بووەوە ئەوا سەرۆك دەتوانێت بابەتەکە بخاتە بەردەمی پەرلەمان و پەرلەمانیش دەتوانێت بە زۆرینەی دەنگی رەهای ئەندامەکانی بەلەدەستدانی ئەندامێتی لەقەڵەمی بدات.
دووەم: ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بەهۆی ڕاسپاردنی بە ئەرکێکی پەرلەمان بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێت و بە (بەشاندکراو) هەژماردەکرێت.
سێیەم: لە بەرواری ئەنجامدانی (سوێندخواردن)ی یاساییەوە، ئەندام بەدەست لەکارکێشاوە لە کارەکەی پێشوویدا، دادەنرێت. پێویستە پەیوەندی لەو کارە بپچڕێنێت و بە خۆ تەرخانکردنی تەواو، بۆ کاری پەرلەمان، پابەندبێت.
چوارەم: نابێت ئەندام لە ماوەی خولی هەڵبژاردن گرێبەست لەگەڵ پەرلەمان یان حکومەت بۆ خۆی یان لە رێگای کەسانی دیکە ئەنجام بدات، هەروەها نابێت سیفەتی ئەندامێتی خۆی بقۆزێتەوە (إستغلال) یان بەکاربهێنێت یان رێگە بدات، سیفەتی نوێنەرایەتییەکەی بۆ کارێکی بازرگانیی یان دارایی بەکاربهێنرێت.
پێنجەم: پیادەکردنی ئەرك و کاری حزبی، یان سەندیکایی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپیادەکردنی کاری وەزیفی، یان پیشەیی هەژمارناکرێن.

شەشەم: نابێت ئەندام، دەست لە کارەکانی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن وەربدات، تەنها لە چوارچێوەی پسپۆرییەتی یاسادانان و چاودێری نەبێت.
حەوتەم: نابێت ئەندام کۆکردنەوە بکات لە نێوان ئەندامێتی لە پەرلەمان و ئەندامێتی ئەنجومەنێکی تر، لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا، پێویستە لە سەر ئەندام لە ماوەی (٨) هەشت رۆژدا لە رێکەوتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن یەکێك لەو دوو ئەنجومەنە هەڵبژێرێت، بەپێچەوانەوە وا هەژماردەکرێت کە ئەندامێتی لە پەرلەمان هەڵبژاردووە.
هەشتەم: هەرکاتێك، ئەندام پۆستێکی وەزاری وەرگرت، بەدەستکێشاوە لە ئەندامێتی پەرلەمان هەژماردەکرێت.

**مافەکانی ئەندام:**

ماددەی (٢٣):
یەکەم: لەکاتی کۆتایهاتنی ئەندامێتی، ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی لەدەست نەدابوو، ئەندام بۆی هەیە بگەرێتەوە بۆ وەزیفە و، سەرپشکە لەوەی مووچەی خانەنشین، یان مووچەکەی تری وەربگرێت و ئەندامانی خولەکانی پێشووتری پەرلەمان دەتوانن لەم مافە سوودمەندبن.
دووەم: ماوەی ئەندامێتیەکەی، بۆ مەبەستی سەرموچە و پلە بەرزکردنەوە (ترقیة) و خانەنشینی هەژماردەکرێت.
سێیەم: ئەندام، دەتوانێت مۆڵەتی نەخۆشیی، بەپێی رێکارەکان وەربگرێت.
چوارەم: سەرۆك، دەتوانێت مۆڵەتێکی ئاسایی بدات بە ئەندام، ئەگەر بارودۆخەکەی پێویستی کرد، بۆ ماوەیەك، کە لە (١٥) پازدە رۆژ تێپەرنەکات، بەسەریەکەوە، یان پچڕپچڕ، لە ماوەی هەر وەرزێك، لە وەرزەکانی یاسادانانەدا.
پێنجەم: هەریەك لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامان، مووچە و دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن، کە بە یاسا رێکدەخرێن.
شەشەم: ئەگەر ئەندامێك، لەکاتی یان لە ئاکامی راژەی لە پەرلەمان یان بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد، ئەوا بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، موچەیەکی خانەنشینی، بۆ میراتگرانی تەرخان دەکرێت.
حەوتەم: کاتێك فراکسیۆن، یان ئەندام لەبەر هەڵوێستێك، بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەکەن لەناو هۆڵی پەرلەمان بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێت.
هەشتەم: ئەندام دەتوانێت لە رێگەی فراکسیۆن و لیژنەکانیەوە، ئاگاداری سەرجەم کاروبارە ناوخۆییەکانی لیژنەکانی پەرلەمان و دانیشتنەکانی پەرلەمان ببێت.

**پارێزبەندی پەرلەمانیی**
**(الحصانة البرلمانية):**

ماددەی (٢٤):
یەکەم: ئەندام، ئازادی ئاخاوتن و رادەربرینی تەواوی هەیە لەکاتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانیدا، بە شێوەیەك ڕەچاوی رێزگرتن لە دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بکات.
دووەم: نابێت ئەندام ڕاوەدوو (ملاحقة) بنرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت یان ماڵ و نوسینگەکەی پشکنینی بۆ بکرێت یان دەستگیر بکرێت بەبێ مۆڵەتی پێشوەختەی پەرلەمان تەنیا لەو حاڵەتە نەبێت کە تاوانێکی بینراوی ئەنجام دابێت.
سێیەم: بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندیی، پێویستی بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمانەو لەدەرەوەی وەرزەکانی یاسادانانیش، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیار لەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندی دەدات.
چوارەم: بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی، تەنیا بۆ ئەو کردە تاوانییەیە، کە لە داواکەی دادوەری هاتووە، لەسەر کردەکانی تری، ئەندام جێبەجێ نابێت.
پێنجەم: ئەگەر ئەندام تاوانێکی لەجۆری جینایەت لەناو حەرەمی پەرلەمان ئەنجامدا، لەسەر سەرۆك پێویستە کە فەرمان بکات بەدەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنی لە شوێنێکی دیاریکراو، پاشان رادەستی دەسەڵاتی دادوەری بکات، بەڵام ئەگەر تاوانەکە، لە جۆری کەتن (جنحة) بوو، سەرۆك دەتوانێت دەسەڵاتی دادوەری ئاگاداربکاتەوە بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی پێویست بەرامبەری.
شەشەم: ئەو ئەندامەی پارێزبەندیی لەسەر هەڵگیراوە و رانەگیراوە (توقیف)، لە یەکێك لە گرتووخانەکان دەتوانێت بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان، بکات و بەشداریش بێت لەگفتوگۆکردن و دەنگداندا.
حەوتەم: ئەندام، لە رۆژی (سوێندخواردن)ی یاساییەوە پارێزبەندی پەرلەمانی دەبێت و ناتوانێت بەبێ مۆڵەتی پەرلەمان تەنازولی لێ بکات.
هەشتەم: ئەگەر پەرلەمان، داوای هەڵگرتنی پارێزبەندی رەتکردەوە، بەبێ پێشکەشکردنی بەڵگەی نوێ لە سەر هەمان بابەت، داواکاری نوێ پێشکەش ناکرێتەوە.

**نەمانی ئەندامێتی:**

ماددەی (٢٥):
یەکەم: کۆتایهاتنی ئەندامێتی
لە یەکێك لەم حاڵەتانەدا دەبێت:
١. کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان، یان هەڵوەشانەوەی.
٢. مردنی ئەندام.

٣. ئەندام، توانای ڕاپەڕاندنی کاری پەرلەمانی نەبێت، کە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکیی تایبەتمەند سەلمێنرابێت.

دووەم: دەست لەکارکێشانەوە:

١. ئەندام، دەتوانێت، بێ مەرج، بەداوایەکی نووسراو دەست لەکارکێشانەوەی لە پەرلەمان پێشکەشی سەرۆك بکات.
٢. دەبێت سەرۆك لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا، داواکارییەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو بارێکدا لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا، دەست لەکارکێشانەوەکە، بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلا بکرێتەوە.
٣. ئەندامی داواکار، دەتوانێت لە داواکەی پاشگەزببێتەوە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داوایەکی نووسراو بۆ سەرۆك پێش دەنگدان لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی.

سێیەم: لەدەستدانی ئەندامێتی (سقوط العضوية)

ئەندام، لەم حاڵەتانەدا ئەندامێتی، لەدەستدەدات:

١. لەدەستدانی شیاویەتی یاسایی.
٢. یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامێتی، کە لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواکراودا هاتووە، لەدەستدا بدات.
٣. حوکمدران بە هۆی ئەنجامدانی تاوانێکی ئەنقەست، یان کەتنێکی ئابڕووبەر.
٤. ئامادەنەبوونی ئەندام، لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەپێی برگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢٢)ی ئەم پەیڕەوە.

ماددەی (٢٦):

دەنگدان لەسەر لەدەستدانی ئەندامێتی بەشێوەی نهێنی دەبێت.

ماددەی (٢٧):

ئەگەر، کورسیەکیی پەرلەمان، بەتاڵ مایەوە، ئەوا بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، کاندیدێکی تری هەمان لیست، جێگەی دەگرێتەوە.

## بەشی پێنجەم
## لیژنە هەمیشەیی و تایبەتییەکان
### یەکەم
### لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان

ماددەی (٢٨):

یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکان، لە ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبوانی پەرلەمان، هەڵدەبژێردرێن.

دووەم: لیژنە هەمیشەییەکان، لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێن کە نابێت لە (٥) پێنج ئەندام کەمترو لە (١١) یازدە ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان.

سێیەم: هەر لیژنەیەکی پەرلەمان، لەسەر بانگهێشتی سەرۆك، لەدوای یەك هەفتە، لە دیاریکردنی ئەندامەکانی (سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و یەکێك لە فەرمانبەرانی پەرلەمان یان زیاتر دەبێت بە سکرتێری لیژنە.

چوارەم: دەستەی سەرۆکایەتی، لە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا، توانا و پسپۆریی و خواست و پێویستیی لیژنەکان لەبەر چاو دەگرێت.

پێنجەم: دەبێت ئەندام بەلانی کەمەوە لە لیژنەیەکی هەمیشەیی ئەندام بێت و ناکرێت لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بێت، هەروەها ناکرێت ئەندام ببێتە سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان بڕیاردەری زیاتر لەیەك لیژنە.

ماددەی (٢٩):

پەرلەمان، لەم لیژنە هەمیشەییانە پێك دێت:

یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی.

دووەم: لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری.

سێیەم: لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

چوارەم: لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

پێنجەم: لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

شەشەم: لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر.

حەوتەم: لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.

هەشتەم: لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی.

نۆیەم: لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

دەیەم: لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی.

یازدەم: لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

دوازدەم: لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

سێزدەم: لیژنەی دەسپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.

چواردەم: لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

پازدەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و لە مافی مرۆڤ.

ماددەی (٣٠):

یەکەم: هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی کارەکانیدا دەتوانێت لەنێو ئەندامەکانیدا لیژنەی لاوەکی پێکبهێنێت، بۆکارێکی دیاریکراو لەسەر پێشنیاری (٣/١)ی سێ یەکی ئەندامانی لیژنە، کاری لیژنە لاوەکیەکان کۆتایی دێت بەکۆتایی هاتنی کارەکە.
دووەم: هەر لیژنەیەك بەلانی کەمەوە لە مانگێکدا (٢) دووجار کۆدەبێتەوە، ئەم حوکمە لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان لە نێوان دوو وەرزی یاسادانانادا، جێبەجێ نابێت.
سێیەم: لیژنە هەمیشەییەکان لەکاتی پێویستدا لەسەر داوای سەرۆك، یان جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی لیژنە، یان (٣/١) سێ یەکی ئەندامانی لیژنە، کۆدەبنەوە، دەبێ ئەندامانی لیژنە (٢٤) بیست وچوار کاتژمێر پێش کۆبوونەوە لەلایەن بڕیاردەری لیژنە لە کات و شوێن و بەرنامەی کاری کۆبوونەوە ئاگادار بکرێنەوە.
چوارەم: ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوەی لیژنە، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان، تەواو دەبێت. بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەدرێن، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لیژنە لەگەڵیەتی زۆرینە دەبێت.
پێنجەم: کۆبوونەوەکانی لیژنە لە کۆنووسدا تۆمار دەکرێن، کە ناو و واژۆی ئامادەبوان و پوختەیەك لە بیروڕای ئەندامان و ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا، وەردەگیرێت، لەخۆدەگرێت.

ماددەی (٣١):
سەرۆك دەتوانێت هەربابەتێك بخاتە بەردەم لیژنە هەمیشەییەکان، بەپێی تێڕوانینی خۆی، یان لانی کەم لەسەر داوای (٥) پێنج ئەندام.
ماددەی (٣٢):
یەکەم: پاش ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی لیژنە هەر ئەندامێك دەتوانێت لەکۆبوونەوەی هەر لیژنەیەك ئامادەبێت و ڕاو سەرنجی خۆی پێشکەش بکات بەبێ بوونی مافی دەنگدان.
دووەم: ڕاوێژکارەکانی پەرلەمان بە پێی پسپۆڕیی بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەکان دەکەن، بەبێ بوونی مافی دەنگدان.

ماددەی (٣٣):
ئەو حوکمانەی لەم پەیڕەوەدا تایبەتن بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بەسەر ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنەکانیش جێبەجێ دەبن.

ماددەی (٣٤):
لەکاتی بەتاڵی ئەندامێتی یەکێك لە لیژنەکان ئەوا ئەندامێکی تر بەپێی هەمان ڕێگەی دەقکراو لەم پەیڕەوەدا کاندید دەکرێت و جێگەی دەگرێتەوە.

ماددەی (٣٥)
بە ڕەزامەندیی سەرۆك، لیژنەی هەمیشەیی، دەتوانێت داوا لە لیژنەیەکی تری پەرلەمان بکات، ڕای خۆی لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا، بخاتەڕوو.

ماددەی (٣٦):
(١٠) دە ئەندام، یان هەر فراکسیۆنێکی پەرلەمانی دەتوانێت لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژدا، بەسەر ئاڕاستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند داوای ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن.

ماددەی (٣٧):
ئەگەر بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ڕوونبۆوە کە یەکێك لە لیژنە هەمیشەییەکان، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا کەمتەرخەمی دەنوێنێت، ئەوا دەتوانێت لە هۆکارەکان بکۆڵێتەوە و هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ کاراکردنی لیژنەکە، بەڵام ئەگەر هەر نەیتوانی، لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پێویستە ئەندامی نوێ بۆ لیژنەکە بپاڵێوێت، بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم پەیڕەوەدا هاتوون و بیانخاتە بەردەم پەرلەمان.

ماددەی (٣٨):
ئەگەر لیژنەی هەمیشەیی، پێشنیازی یاسایەکیان تاوتوێکرد، کە ڕێژەی یاسایی ئەندامان پێشکەشیان کردبوو، دەکرێت یەکەم ئەندام کە واژۆی کردووە، ئەگەر ئەندامی لیژنەکە نەبوو ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنە بێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازی یاساکە، ئەگەر ئەو نەی توانی دەکرێت ئەندامێکی تر لەوانەی واژۆیان کردووە ئامادەبێت.
ماددەی (٣٩):
هەموو لیژنەیەکی هەمیشەیی، ناوی ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی کە تایبەتمەندییان بەکاری لیژنە پەیوەستە، دەستنیشان دەکات و لەکاتی پێویستدا، لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاوێژیان پێدەکات و سوود لە پسپۆڕی و لێهاتوییان وەردەگرێت و دەکرێت لەسەر کارەکەیان پاداشت بکرێن و ئەگەر پێویست بوو گرێبەستیان لەگەڵدا بکرێت.

ماددەی (٤٠):

هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، لەسەر داوای (٣/١)ی سێ یەکی ئەندامەکانی دەتوانێت دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (جلسات الاستماع)، لەسەر هەر بابەتێك کە پەیوەست بێت، بەتایبەتمەندیی لیژنەکە ئەنجامبدات، بۆ بەرپرس و کەوادری حکومی و کەرتی تایبەت و پسپۆران و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەرکەسێك، کە بە پێویستی بزانن، هەر ئەندامێکیش دەتوانێت لەم دانیشتنە ئامادەبێت و گفتوگۆ بکات، دەبێت لیژنە پوختەی دانیشتنی گوێگرتن و ئەنجامەکانی، لە ڕاپۆرتێکدا، ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.

ماددەی (٤١):
هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، لە چوارچێوەی پسپۆرییەکەیدا، بەدواداچوون و لێکوڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو یاسا گشتییانەی، بە بەرژەوەندیە بنەرەتییەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم پەیوەندیدارن، هەروەها چاودێریکردنی گونجانی سیستەم و ڕێنماییەکان، کە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی یاساکە دەرچووێندراون لەگەڵ ئامانجی سەرەکی یاساکە، لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێویستە، ڕاپۆرتێك لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونیان و پێشنیازەکانیان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش دەتوانن ئەوەی گونجاوە، لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکە بیگرنەبەر.

ماددەی (٤٢)
یەکەم: لیژنەکان دەتوانن داوا لە سەرۆك بکەن، بۆ بەشداری کردنی وەزیری پەیوەندیدار بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنە و پێشکەشکردنی ڕونکردنەوەی پێویست، لەسەر ئەو بابەتەی دەخرێتەڕوو، بەشێوەیەك ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لەڕێکەوتی ئاراستەکردنی بانگهێشتنامەکە، تێپەرنەکات.
دووەم: وەزیری پەیوەندیدار، دەتوانێت لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا ئامادەبێت کاتێك گفتوگۆی بابەتێك دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەوەزارەتەکەی و دەتوانێت ستافی وەزارەتەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێت بۆ کۆبوونەوە، هەروەها تێڕوانینەکانیشیان لە ڕاپۆرت جێگیر دەکرێن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.
سێیەم: لیژنەکان دەتوانن، بۆ بەشداریی ئەوانەی کە پلەیان، لەخوار وەزیرەوەیە لە کۆبوونەوەی لیژنەدا، داوا ئاراستەی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بکەن.
چوارەم: لیژنەکان دەتوانن لەڕێی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگە فەرمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن، کە زانیاریی پێویستیان پێشکەش بکات، یان لە کۆبوونەوەی لیژنەدا ئامادەبن .
پێنجەم: ئەگەر ئەو لایەنانەی لە بڕگەکانی سەرەوەدا باسکراون، خۆیانگرت لە پێدانی زانیاری یان ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوە، ئەوا ئەو کاتە لە ڕێی سەرۆکەوە، سەرۆك وەزیرانی لێ ئاگاداردەکرێتەوە و لەحاڵەتی وەڵامنەدانەوەی داواکاریەکەی لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا، بابەتەکە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان، بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

**دووەم**

**لیژنە تایبەتییەکان**

ماددەی (٤٣):
یەکەم: پەرلەمان، لیژنەی کاتی بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی، یان (٤/١)ی چواریەکی ژمارەی ئەندامان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان لە کاتی پێویستدا پێکدەهێنێت.
دووەم: دەستەی سەرۆکایەتی، لە دەرەوەی وەرزەکانی یاساداناندا، دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتیی هەیە.
سێیەم: بابەتە تاوانکارییەکان و هەر بابەتێك، لەژێر تێڕوانینی دادگاکاندا بێت، نابێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی لیژنە تایبەتییەکانی پەرلەمان.
چوارەم: لەکاتی کارکردنی لیژنە، هەرئەندامێك نهێنی کاری لیژنە، بدرکێنێت ئەندامێتی لیژنە لەدەست دەدات.

ماددەی (٤٤):
یەکەم: لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە ئەرکی لیژنە تایبەتییەکان ئاسان بکات و بەڵگەنامە و زانیاریی داواکراویان پێشکەش بکات.
دووەم: لیژنە تایبەتییەکان دەتوانن کاری بەدواداچوون و پشکنین و گەڕان بەدوای ڕاستییەکان، سەبارەت بە ووردەکاری ئەو بابەتانەی بۆی ڕاسپێردراون لەتەواوی دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا، ئەنجام بدەن، دەتوانن بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە شارەزایان و ڕاوێژکاران ببەستن.
سێیەم:
١. بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم پەیڕەوەدا دەقنووس کراوە، لیژنە تایبەتییەکان دەتوانن بەنووسراو داوای ئامادەبوونی هەرکەس و لایەنێك بکەن، بەمەبەستی ڕاوەرگرتن و گوێ بیستبوونی وتەکانیان.
٢. ئەگەر کەس و لایەنی بانگکراو بێ پاساو لەکاتی دیاریکراودا ئامادەنەبوو، ئەوا لیژنەی کاتی دەتوانێت لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاگاداربکاتەوە، بە مەبەستی

ئامادەکردنی داواکراو بەگوێرەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییە بەرکارەکان لە هەرێم.

ماددەی (٤٥):
یەکەم: لیژنەی تایبەت، ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی، ئاراستەی سەرۆك دەکات، دوای دابەشکردنی بەسەر ئەندامانـدا، ڕاپۆرتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، بەمەبەستی تاوتوێکردن و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لە بارەیەوە.
دووەم: ئەگەر ڕاپۆرتەکە، لە نێوان دوو وەرزی یاسادانانـدا، ئاڕاستەی سەرۆك کرا، ئەوا بەپێی گرنگی بابەتەکە، دەستەی سەرۆکایەتی، بڕیار لەسەر دواخستنی خستنەڕووی بۆ وەرزی نوێی یاسادانان دەدات، یان ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی، بۆ خستنەڕووی بابەتەکە و بڕیاردان لەسەری.

ماددەی (٤٦):
کاری لیژنە تایبەتییەکان، بەکۆتایی هاتنی کاتی دیاریکراو، یان ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە، کۆتایی دێت.

## بەشی شەشەم
## سیستمی کار لەپەرلەمان
### یەکەم
### بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان

ماددەی (٤٧):
یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی، بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، دادەنێت.
دووەم: هەموو دانیشتنێك، بەرنامەی کاری پێشوەختەی دەبێت، (٤٨) چل وهەشت کاتژمێر پێش وادەی دانیشتنەکە سەرجەم ئەندامان لەڕێی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانەوە لەبەرنامەی کار ئاگاداردەکرێنەوە.

ماددەی (٤٨)
یەکەم: بڕگەکانی بەرنامەی کار، بە پێی ئەو ڕێزبەندییەی، لەبەرنامەکەدا هاتووە، گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، پاش و پێش خستنی هەر بڕگەیەك، لەسەر پێشنیاری سەرۆك، یان (٣) سێ پەرلەمانتار، بەڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت.
دووەم: تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێت بڕگەیەکی دی گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەتوانرا گفتوگۆ دەربارەی بڕگەیەك تەواو بکرێت، دەستەی سەرۆکایەتی، دەتوانێت، ئەو بابەتە بە هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوە و بەرەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو، بابەتەکە بۆدانیشتنی، داهاتوو، دوادەخرێت و بڕگەی دوای ئەوە، گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.
سێیەم: هەر بابەتێك لە بەرنامەی کاردا نەبێت، گفتوگۆی لەبارەوە ناکرێت.
چوارەم: سەرۆکی فراکسیۆن، یان نوێنەری پێکهاتەیەك، یان لانی کەم (١٠) دە ئەندام، بەر لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لە وادەی دانیشتنەکەدا، دەتوانێت داوای زیادکردنی بابەتێك، بۆ بەرنامەی کار بکات، بابەتەکە گشتی و بەپەلە بێت و دواخستنی ببێتە هۆی لەدەستدانی گرنگی داواکارییەکە.

ماددەی (٤٩):
یەکەم:
١. هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، یان تایبەت، دەتوانێت لەماوەی (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر بەر لەدانیشتنی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات، گفتوگۆی دیاردەیەك، یان ڕووداوێك، یان بارێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی کارەوە.
٢. هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەك بەم مەرجانە بخاتەڕوو:
أ. (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر پێش دانیشتنی پەرلەمان، داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکات.
ب. بیرۆکەکە نوسراو بێت.
ج. ئەندام بەناوەرۆکی نوسراوەکە پابەند دەبێت.
د. بیرۆکەکە، بەکێشەیەکی گشتییەوە پەیوەست بێت و پێشنیاز و چارەسەری لەخۆگرتبێت.
دووەم: ئەگەر پێویستی کرد، دەکرێت گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی بڕگەی (یەکەم) لەسەر داواکاری لیژنە یان ئەندامان، بەئامادەبوونی سەرۆك وەزیران، یان وەزیری تایبەتمەند، یان هەردووکیان بێت.
سێیەم: ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی، بە داواکاریی لیژنە و ئەندامان ڕازی نەبوو، ئەوانیش لەسەر داواکەیان پێداگیربوون، سەرۆك ڕێگە دەدات هاوپشت یان دژ بەداواکەیان لەماوەی (٣) سێ خولەك بیروبۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە بخەنەڕوو، ئەوکات بەبێ گفتوگۆ، پەرلەمان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەبارەوە دەدات.

### دووەم
### ڕیزبەندی و سیستمی دانیشتنی ئەندامان

ماددەی (٥٠):
شوێنی دانیشتنی ئەندامان، لە هۆڵی پەرلەماندا، بە پێی لیستی ڕیزبەندکراو، بەپێی پیتەکانی (ئەلفبێ)ی کوردی،

بەرەچاوکردنی زنجیرەی یەك بە دوای یەکی هەمان فراکسیۆن، دیاری دەکرێت.

ماددەی (٥١):

کارنامەی هەفتانەی پەرلەمان، بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم: ڕۆژانی یەك شەممە، ئەندام، بەدواداچوون، بۆ کاروباری هاونیشتمانیان دەکات.

دووەم: ڕۆژانی دووشەممە، کۆبوونەوەی لیژنەکان دەبێت، بەپێی پێویست لیژنە دەتوانێت لە هەر ڕۆژێکی تر کۆبوونەوە ئەنجام بدات.

سێیەم: ڕۆژانی سێ شەممە و چوارشەممە، تایبەت دەبێت بە دانیشتنی پەرلەمان.

چوارەم: ڕۆژانی پێنج شەممە، تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت، بە پێی پێویست.

پێنجەم: دەستەی سەرۆکایەتی لەکاتی پێویست دەتوانێت خشتەی کاری هەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات.

## سێیەم
## دانیشتنەکانی پەرلەمان

ماددەی (٥٢):

یەکەم: سەرۆك، دانیشتنی پەرلەمان، (بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ... بە ناوی گەلی کوردستان)ەوە دەکاتەوە لەگەڵ ئاماژەدان، بە ژمارە و ڕێکەوتی دانیشتن و وەرزی یاسادانان و خولی گرێدان.

دووەم: دوای کردنەوەی دانیشتنەکە، پوختەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو، بە مەبەستی ڕاستاندنی دەخرێتەڕوو، دوای ئەو ڕاستکردنەوانەی بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی یان لەسەر داوای ئەندامان تێدا ئەنجام دەدرێت.

سێیەم: خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسەکە، لەلایەن جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانەوە، ئەم بڕگانە لە خۆدەگرێت:

١. ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەکان، بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە.
٢. ناوی نوێنەرانی حکومەت لە دانیشتنی پێشوو ئەگەر ئامادەبووبن.
٣. ئەو بابەتە سەرەکییانەی، کە لە دانیشتنەکەدا تاووتوێکراون.
٤. ئاماژەدان بە هەر یاسا و بڕیارێك، کە لە دانیشتنی پێشوودا، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرابێت.
٥. ئەگەر لەبەر کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان دانیشتن ئەنجام نەدرا، دەستەی سەرۆکایەتی، لە ڕاستاندنی پوختەی کۆنووسەکەدا، شوێنی پەرلەمان دەگرێتەوە.

## چوارەم
## ئامادەبوون لەدانیشتنەکانی پەرلەمان

ماددەی (٥٣):

یەکەم:

١. سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، لەسەرداوای خۆیان، دەتوانن ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن و لەگفتوگۆکانیدا بەشداری بکەن، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.
٢. ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بهێنن، بەمەبەستی ڕاوێژ و پشتپێبەستنیان بەمۆڵەتی سەرۆك، بێ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێت.

دووەم:

١. میوانان و میدیاکاران، بەوەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانن لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، ئامادەبن.
٢. ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئامادەی دانیشتنی کراوە دەبن، نابێت لە ژمارەی ئەو کورسیانە تێپەڕبکات کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆ میوانان تەرخان کراون.

## پێنجەم
## شێوازی گفتوگۆکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان

ماددەی (٥٤):

یەکەم: ئەندام، بەمۆڵەتی سەرۆك، لەوجێگەیەی دانیشتووە، یان لەو سەکۆیەی بۆ مەبەستی ئاخاوتن ئامادەکراوە دەدوێت.

دووەم: لەگەڵ خستنەڕووی هەر بڕگەیەك، لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆکردن، سەرۆك داوا لە جێگری دووەمی دەکات ناوی داواکارانی مۆڵەتی ئاخاوتن، تۆمار بکات.

سێیەم: سەرۆك بەرەچاوکردنی ریزبەندی تۆمارکردنی ناوی ئەندامان ڕێگە بەئەندامان دەدات ئاخاوتن بکەن.

چوارەم: ئەندام، ئاخاوتنەکانی ئاڕاستەی سەرۆك دەکات و پێویستە بەم خاڵانە پابەندبێت:

١. ئەندام بۆی نیە، لە (٣) سێ خولەك زیاتر، بدوێت، بێجگە لەو دانیشتنانەی تایبەتە بەگفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە و ئەو دانیشتنانەی دەستەی سەرۆکایەتی تایبەتمەندییان دەداتێ.
٢. نابێت ئەندام، وەڵامی ئەندامانی تر بداتەوە و توانجیان لێ بدات، ئاخاوتنی خۆی یان هی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە، تەنیا دەتوانێت پشتگیری بکات.

٣. دەبێت ئەندام ئاخاوتنەكانی لەسەر ئەو بابەتە چڕبكاتەوە كە خراوەتەڕوو و نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك كە دەنگی لەسەر دراوە، یان گفتوگۆ لەبارەیەوە كۆتایی هاتووە.
٤. هەرئەندامێك دەتوانێت تەنها یەك جار لەسەر هەر بابەتێك بدوێت.

پێنجەم: سەرۆك، دەتوانێت ڕێگە لەبەردەوام بوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەكەی بگرێت، ئەویش لە یەكێك لەم ئەگەرانە:
١. بێ مۆڵەت ئاخاوتنی كرد.
٢. لەكاتی ئاخاوتندا وشەی نەشیاو، یان تانەوتەشەر، بەرامبەر هەر دەزگایەكی دەستووریی و یاسایی هەرێم یان ئەندامێك، یان فراكسیۆنێكی پەرلەمانی، یان هەركەسێكی دی بەكار هێنا.
٣. باسی لە تایبەتمەندییەكانی ئەندامێك، یان هەركەسێكی تر كرد.
٤. باسی لە نهێنییەكانی دۆسیەیەك كە لە بەردەم دادگایە كرد، یان هەر دۆسیەكی تر كە لەكاتی دركاندنی ڕێگە پێدراو نەبێت.
٥. ماوەی دیاریكراوی ئاخاوتنی، كۆتایی هاتبێت.
٦. ئەگەر لە بابەتی گفتوگۆ دەرچوو.

ماددەی (٥٥):
یەكەم: سەرۆك، دەتوانێت فەرمان بكات بە سڕینەوەی هەموو یان بەشێك لە ئاخاوتنی هەر ئەندامێك لە پرۆتۆكۆل كە پێچەوانەی شێواز و مەرجەكانی گفتوگۆكردن بێت، كە لەم پەیڕەوەدا دەقنوس كراون، و لەكاتی نارەزایی ئەندام، دەستەی سەرۆكایەتی، بێ گفتوگۆكردن، بڕیاری یەكلاكەرەوە دەدات.
دووەم: ئەندام، دەتوانێت، پێشنیازی سڕینەوەی ئاخاوتنی ئەندامێكی دی بكات، ئەگەر لە پەیڕەو لایدا، یان پێچەوانەی شێواز و مەرجەكانی گفتوگۆكردن بوو، سەرۆك بڕیار لەسەر داواكاری ئەندامەكە دەدات.

ماددەی (٥٦):
یەكەم: ئەندام، دەتوانێت، پشت بەستن، بەیەكێك لە ماددە و بڕگەكانی دەستوور و یاسا بەركارەكان و یان یەكێك لە ماددە و بڕگەكانی ئەم پەیڕەوە لە هەركاتێكی دانیشتنی پەرلەماندا لە ڕێی خاڵی پەیڕەوییەوە داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بۆ ماوەیەك كە لە (١) یەك خوولەك زیاتر نەبێت بەبێ ڕەچاوكردنی (تۆماركردن و ڕێزبەندی) ئاخاوتن بكات.
دووەم: تەنیا ئەم بارانەی بەخاڵی پەیرەوەی دادەنرێت:
١. پێشێلكردنی یەكێك لە ماددە و بڕگەكانی دەستوور و یاسابەركارەكان، یان یەكێك لە ماددە و بڕگەكانی ئەم پەیڕەوە.
٢. ئەگەرگفتوگۆكان، لە بابەتی دانیشتنەكە، دەرچوون.
٣. داواكردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ، لەسەر بابەتێك و بڕیاردان، لەسەر گفتوگۆكردن، لە بابەتێكی تر یان ئاڵوگۆر، لە بەرنامەی كار.

سێیەم: ئەگەر ئەندام، بە خاڵی پەیرەوی داوای ئاخاوتنی كرد، بەڵام ئاخاوتنەكەی خاڵی پەیڕەوی نەبوو، سەرۆك، دەتوانێت ئاخاوتنی پێ ببڕێت و لەكاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێكی تری بۆ ئاخاوتن بە (خاڵی پەیرەو)، پێنادات.

**شەشەم/ بەرزەفتكردن**

ماددەی (٥٧):
ئەگەر لەكاتی دانیشتنەكانی پەرلەماندا، هەر سەرپێچییەك، لەلایەن هەر ئەندامێكەوە بكرێت، كەدەشێ كاربكاتە سەر بەڕێوەچوونی دانیشتنەكە، یان ئاخاوتنی نەشیاوی بەرامبەر پەرلەمان و دەستەی سەرۆكایەتی و یان هەریەكێك لە ئەندامان لێ ببیسترێ، سەرۆك بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ دەكات:
یەكەم: بەبیر ئەندامەكە دەهێنێتەوە كە ڕێكوپێكی دانیشتنەكە بپارێزێت.
دووەم: ئەگەر پابەند نەبوو هەر بەردەوام بوو، سەرۆك وریایی (تنبیە) دەكاتەوە.
سێیەم: لەحاڵەتی بەكارهێنانی زمانی زبردا، ئەوا وریاكردنەوەكە سڕینەوەی ئاخاوتنەكانیشی لە پرۆتۆكۆل لەگەڵدا دەبێت.
چوارەم: ئەگەر ئەمجارەش پابەند نەبوو بەردەوام بوو، سەرۆك دەتوانێت لە دانیشتنەكەدا، بێبەشی بكات.
پێنجەم: لەكاتی پێویستدا. سەرۆك دەتوانێت دانیشتنەكە هەڵبگرێت یان دوای بخات.

**بەشی حەوتەم**

**چاودێریكردن**

**یەكەم**

**پرسیار**

ماددەی (٥٨):
ئەندام، دەتوانێت، پرسیاری نوسراو، یان زارەكیی لە ڕێی دەستەی سەرۆكایەتییەوە، بۆ سەرۆك وەزیران، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بنێرێت، بۆ ڕوونكردنەوەی بابەتێك كە دەكەوێتە چوارچێوەی پسپۆرییەكەیان یان بابەتێك كە ئەندام زانیاری لەبارەیەوە نییە، یان دەیەوێت بەدواداچوونی لەبارەوە بكات، یان دەیەوێت ڕای حكومەت، لەبارەی بابەتێكەوە بزانێت.

ماددەی (٥٩):
مەرجەكانی پرسیاری نووسراو:

یەکەم: دەبێت، پرسیار لە لایەن یەك ئەندام، یان زیاتر، پێشکەش کرابێت و رێکەوت و واژۆی لەسەر بێت و لە رێی سەرۆکەوە، ئاراستە کرابێت.
دووەم: دەبێت پرسیار روون و پوخت بێت و مەبەستەکەی دیاری کراوبێت، توانج و رای تێدا نەبێت و لەکەداری کەسێتییەکان و دەستە و دامەزراوەکانی هەرێم نەکات.
سێیەم: نابێت بابەتی پرسیارەکە، لەبەردەم دادگادا، بێت.
چوارەم: دەبێت پرسیارەکە، لە تایبەتمەندیی ئەو وەزارەتە بێت، کە پرسیارەکەی ئاراستە کراوە.
پێنجەم: نابێت پرسیارەکە، پێچەوانەی دەستوور و یاسا و بەرژەوەندیی گشتی بێت و نابێت پێشتر وەڵام درابێتەوە.
شەشەم: ئەو بابەتانەی ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراون، پرسیاریان لەبارەوە ناکرێت، تا لیژنە راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات، بە مەرجێك، لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ، تێپەڕنەکات لیژنە راپۆرتەکە ئامادە بکات.
حەوتەم: ئەو پرسیارانەی، بۆ سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی دەنێردرێن دەبێت بە کارنامە و سیاسەتی گشتی حکومەت و جێبەجێکردنی یاسای بەرکار، پەیوەستبن.

ماددەی (٦٠):
یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی، دەتوانێت ئەو پرسیارانە رەتبکاتەوە، کە یەك لەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە لەماددەی (٥٩)ی ئەم پەیڕەوە ئاماژەیان پێدراوە .
دووەم: لەماوەیەك کە لە (٧) حەوت رۆژ تێپەرنەکات، لەبەرواری گەیشتنی پرسیارەکە، سەرۆك پرسیارەکە دەنێرێت بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەو وەزیرەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە، لەرێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
سێیەم: دەبێت ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاراستەکراوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لە هەموو حاڵەتێکدا، نابێت وەڵامی پرسیارەکە، لە (٢١) بیست و یەك رۆژ زیاتر دوابخرێت.

ماددەی (٦١):
یەکەم: بەکۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان پرسیار کۆتایی نایەت، تەنیا ئەو ماوەیە بۆ وەڵامی پرسیار دیاریکراوە نامێنێت و لەسەرەتای وەرزی گرێدان، سەرلەنوێ ماوەکە دەست پێدەکاتەوە.
دووەم: ئەندام دەتوانێت پرسیارەکەی بکێشێتەوە.
سێیەم: ئەگەر زیاتر لەیەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاراستەکرد، ئەوا پرسیارەکە بەناوی هەموو ئەوئەندامانەوە ئاراستە دەکرێت کە پێشتر پێشکەشیان کردووە و وێنەیەکی وەڵامەکەش، ئاراستەی هەموو ئەو ئەندامانە دەکرێتەوە.

ماددەی (٦٢):
یەکەم: سەرۆك وەزیران، یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانێت ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری زارەکیی بداتەوە، یان داوای دواخستنی بکات بۆ ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە رۆژ، تێپەڕ نەکات.
دووەم: دەکرێت پرسیاری زارەکیی، بە نووسین، لە ماوەی دیاریکراودا وەڵام بدرێتەوە.

ماددەی (٦٣):
یەکەم: ئەندام، دەتوانێت لە هەر دانیشتنێکدا، کە بۆ پرسیاری زارەکی تەرخانکراوە، تەنیا یەکجار پرسیار ئاڕاستە بکات .
دووەم: تەنیا ئەو ئەندامەی پرسیاری ئاراستەکردووە دەتوانێت یەکجار بەکورتیی بەدواداچوون (تەعقیب) لەسەر وەڵامی پرسیارلێکراو بکات.
سێیەم: پرسیارلێکراو، دەتوانێت، بەکورتیی و بۆ یەکجار لەسەر بەدواداچوونی ئەندامی پەرلەمان وەڵام بداتەوە.
چوارەم: دەبێ ئەو ئەندامەی پرسیاری زارەکیی دەکات، (٤٨) چل وهەشت کاتژمێر، بەر لەدانیشتنی تایبەت، بۆ پرسیاری، زارەکیی، ناوی خۆی و پوختەیەکیش لەو پرسیارە، بداتە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان.
پێنجەم: ناکرێت لەکاتی پرسیاری زارەکیی، لەهەمان دانیشتندا، پرسیار بۆ پرساندن بگۆردرێت.

ماددەی (٦٤):
کاتی دیاریکراو، بۆ پرسیار و وەڵامی زارەکی، بەم شێوەیە دەبێت:
یەکەم: (٢) دوو خولەك، بۆ پرسیار.
دووەم: (٣) سێ خولەك، بۆ وەڵامدانەوە.
سێیەم: (٣) سێ خولەك، بۆ بەدواداچوونی ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە.
چوارەم: (٣) سێ خولەك، بۆ وەڵام دانەوەی بەدواداچوونەکە.

ماددەی (٦٥):
مەرجەکانی پرسیارکردن، لە سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پرۆژە بودجەی گشتی و پرۆژە یاساکان جێبەجێ ناکرێت.

## دووەم
## خستنە ڕووی بابەتێکی گشتیی بۆ گفتوگۆ
## (طرح موضوع عام للمناقشة)

ماددەی (٦٦):
یەکەم: (١٠) دە ئەنـــدام، دەتـــوانن، داوایەك پێشکەشـــی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بـۆ ئەوەی بـابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو، بۆ گفتوگـۆ، لەنێـوان پەرلەمـان و حکومەتـدا، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.
دووەم: ســەرۆك وەزیــران، دەتوانێــت داوا لە پەرلەمــان بکات، بۆ ئەوەی بابەتێك، بۆ گفتوگۆکردن بەئامـادەبوونی خـۆی، یـان یەکێـك لە ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران بخرێتەڕوو.
سێیەم: دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لەماوەیەکدا کە لە (١٤) چـــوارده ڕۆژ تێپەڕنەکـــات، وادەی ئەو دانیشـــتنە دیاریی بکات.
چوارەم: لەو دانیشتنەی بابەتێکی گشتی، بۆ گفتوگۆکردن دەخـرێتەڕوو، پرسـاندن و لێسـەندنەوەی متمـانەیی تێـدا ناکرێت.
پێنجەم: هەرئەندامێك دەتوانێت بەشداریی، لە گفتوگۆدا بکات.
شەشـــەم: حکـــومەت، دەتوانێـــت داوای دواخســـتنی ئەو دانیشتنە بکات، بـۆ مـاوەیەك، کە لە (٧) حەوت ڕۆژ زیـاتر نەبێـت و بەهەمـاهەنگی لەگەڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتی ڕۆژێکی تر دیاری دەکرێت.
حەوتەم: پێویســتە ئەو ئەنــدامانەی واژۆیــان کــردووە ئامادەبن و دەستپێکی ئاخاوتنیان پێبدرێت.

ماددەی (٦٧):
یەکەم: ئەگەر پێش دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکە، هەموو یـان زۆرینـەی ئەنـدامان داواکەیـان کشـاندەوە، سـەرۆك داواکەیان بەلاوە دەنێت.
دووەم: ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی، لەخستنەڕووی ئەو بـابەتە گشـتییە بـۆ گفتوگـۆ رازی نەبـوو، ئەو ئەنـدامانەی واژۆیانکردووە، پێداگریان کرد، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەکلایکردنەوە.
سـێیەم: دەکرێـت لە ئەنجـامی، خسـتنەڕووی بـابەتێکی گشـتی بـۆ گفتوگـۆ، دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بـابەتەکە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، بـۆ ئەوەی راپـۆرتی تایبەت لەبارەیەوە، ئامادە بکات، دواتر پەرلەمـان، بڕیـار و ڕێوشـوێنی پێویسـت بگـرێتەبەر، یـان دەکرێـت لەو دانیشتنەدا، پەرلەمان راسپاردەی پێویست دەربکات.

## سێیەم
## پرساندن

ماددەی (٦٨):
بـریتیە لە داواکـردن لە سـەرۆك وەزیـران، یـان یەکێـك لە ئەنــدامانی ئەنجــومەنی وەزیــران، بــۆ ڕوونکــردنەوەی کارنامەی حکومەت و هۆکارەکانی ئەو بڕیـار و ڕەفتار و کارانەی، کە دەکەونە بواری پسپۆڕییەکەیان.

ماددەی (٦٩):
یەکەم: هەر ئەنـــدامێك، بە واژۆی ( ٥/١ ) پێـــنج یەکـــی، ژمارەی ئەنـدامان دەتوانێـت داوای پرسـاندن، لە سـەرۆك وەزیران بکات.
دووەم: هەر ئەندامێك، دەتوانێـت، بە واژۆی (٦/١) شـەش یەکـی، ژمـارەی ئەنـدامان، داوای پرسـاندن، لە ئەنـدامانی ئەنجومەنی وەزیران بکات.
سێیەم: گفتوگۆکردن لەسەر پرساندن ئەنجـام نادرێـت تـا (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕێکەوتـی گەیشـتنی داواکـارییەکە، بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

ماددەی (٧٠):
ئەو مەرجانەی لە پرساندندا هەن، هەمان ئەو مەرجـانەن، کە لە پرسـیاردا ئاماژەیـان پێـدراوە، بە پابەنـدبوون بەم خاڵانە:
یەکەم: داواکاریی پرساندنەکە بەنووسین، هاوپێچ لەگەڵ بابەتی پرساندنەکە و بەڵگە و زانیـاریی و وبەڵگەنامەکـان ئاراستەی سەرۆك دەکرێن.
دووەم: پێویستە ئەو کەسەی پرساندنی لێکراوە، لە ڕۆژی گەیشتنی پرساندنەکە لە ماوەیەك کە لە (١٤) چـوارده ڕۆژ تێپەر نەبێت وەڵام بداتەوە.
سـێیەم: ئەگەر پرسـاندنەکە پێویسـتی بە لێکـۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاریی هەبوو، پرسێندراویش نەیتوانی لە مـاوەی دیـاریکراودا وەڵامی بـداتەوە، داوا لەسـەرۆك دەکات بە دواخستنی پرسـاندنەکە بـۆ مـاوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژ زیـــاتر نەبێـــت، دواخســـتنی پرســـاندن لەوماوەیەدا زیاتر بە ڕەزامەندیی پەرلەمان دەبێت.
چوارەم: دەسـتەی سـەرۆکایەتی پرسـاندن و وەڵامەکەی، لە بەرنامەی کـاری نزیکترین دانیشـتندا، دادەنێت، ئەگەر وەڵامی پرسـاندنەکە، لە کـاتی دیـاریکراودا، نەگەیشـتە پەرلەمــان ئەوا تەنیــا پرســاندنەکە، دەکــرێتە بــابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخانکراو.

ماددەی (٧١):
یەکەم: دوای خوێنـــدنەوەی پرســـاندن و وەڵـامەکەی، پرۆسەی پرساندنەکە، بەم شێوەیە دەبێت:

١. ئاخـاوتن، دەدرێـتە ئەو ئەنـدامەی داوای پرسـاندنی کـردووە، بـۆ مـاوەیەك لە (١٥) پـازدە خـولەك زیـاتر نەبێت، دواتر بە هەمان کاتی دیاری کراو، دەرفەت بە کەسی پرسێندراو دەدرێت.
٢. هەریەکەیان، بۆ یەکجار لەماوەی (٣) سێ خولەکدا، مافی وەڵام دانەوەیان هەیە.
٣. دواتر دەرفەتی ئاخاوتن، بـۆ مـاوەی (٢) دوو خـولەك، دەدرێـتە هەریەك لەو ئەنـدامانەی، کە پێشـتر نـاوی خۆیان تۆمارکردوە.

دووەم:
١. ئەگەر پرسێندراو، بەبێ هـۆ ئامـادەنەبوو، پرۆسـەی پرساندنەکە، بەبێ ئامادەبوونی پرسێندراو بەردەوام دەبێت.
٢. ئەگەر ئامـــادەنەبوونەکە، بەپاســـاوێکی ڕەوا بـــوو، دەسـتەی سـەرۆکایەتی کـاتێکی تـر، بـۆ پرساندنەکە دیـاریی دەکـات کە لە (٣٠) سـی ڕۆژ تێـپەر نەکـات، ئەگەر لەو ماوەیەشـدا ئامـادەنەبوو، حـوکمی خـاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەی بەسەردا، جێبەجێ دەبێت.

ماددەی (٧٢):
ئەو پرســـاندنانەی لە وەرزی یاســـادانانی پێشـــوودا پێشکەشـکراون، دەخـــرێنە بەرنـــامەی کـــاری وەرزی یاسادانانی نوێوە.

ماددەی (٧٣):
لەم حاڵەتانەدا پرساندن بە کۆتاییهاتوو، هەژمار دەکرێت:
یەکەم: ئەو ئەنـــدامەی داوای پرســـاندنی کـــردووە، دەتوانێـت، لەهەر قۆناغێـك لە قۆناغەکـانی پرسـاندن بە ڕەزامەنـدی ئەو ئەنـدامانەی واژۆیـان کـردووە، داوای پرساندنەکەی بکشێنێتەوە.
دووەم: دەست لە کارکێشانەوەی ئەو وەزیرەی، پرساندنی بۆ کراوە.
سـێیەم: دەسـت لە کارکێشـانەوەی ئەو ئەنـدامەی، کە پرساندنی کردووە.
چـوارەم: ئەگەر وەڵامی پرسـاندنەکە، بـاوەڕ پێهێنەربـوو، یان دەنگی پێویستی نەهێنا، بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

**چوارەم**

**لێسەندنەوەی متمانە**

ماددەی (٧٤):
یەکەم: لێسـەندنەوەی متمـانە دروسـت نابێـت بەبـێ ئەنجامـدانی پرۆسـەی پرسـاندن، چ بە ئامـادەبوونی پرسێندراو بێت یان بە ئامادەنەبوونی.
دووەم: ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە بڕوا پێهێنەرنەبوو، بـۆ پرسـێنەر، دەتوانێـت پێشـنیازی لێسـەندنەوەی متمـانە بکات، بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان.
سـێیەم: پـێش دەنگـدان، لەسـەر لێسـەندنەوەی متمـانە، سەرۆك ڕێگا دەدات بە ئاخاوتن لەسـەر ئەم بـابەتە، بە (٢) دوو ئەندام لەوانەی داوای لێوەرگرتنەوەی متمـانە دەکەن و (٢) دوو ئەنـــــدامیش لەوانەی دژی لێســـــەندنەوەی متمانەن.
چوارەم: سەرۆك وەزیـران، بە متمـانە لێسـەندراو هەژمـار دەکرێـــت، ئەگەر زۆریـــنەی (٣/٢) دوو لەســـەر سـێی ئەندامان بۆ لێسەندنەوەی متمانە دەنگیاندا.
پێـنجەم: ئەنـدامی ئەنجـومەنی وەزیـران بە متمـانە لێســـەندراو هەژماردەکرێـت، ئەگەر زۆریـــنەی ڕەهـای ئەندامان بۆ لێسەندنەوەی متمانە دەنگیاندا.
شەشەم: بابەتی لێسـەندنەوەی متمانە، لە ماوەیەکـدا، کە لە (٥) پێـــنج ڕۆژ زیـــاتر نەبێـــت، لە ڕۆژی پرســـاندنەوە ئەنجام دەدرێت.

ماددەی (٧٥):
ئەگەر پرســـاندن بە وەرگـــرتنەوەی متمـــانە، لە ســـەرۆك وەزیران کۆتایی پێهات، ئەوا کابینەی حکومەت، بەدەست لەکارکێشـــاوە هەژماردەکرێـــت و وەك حکـــومەتی کاربەڕێکەر بەردەوام دەبێت، تـا ئەو کـاتەی بەپێـی یاسا کارپێکراوەکان،کابینەی نوێ پێکدەهێنرێت.
ماددەی (٧٦):
هەموو ڕێکارەکانی چاودێریکردنی پەرلەمان، بـۆ سـەرۆك وەزیـران و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران، سـەرۆکی کۆمیسیۆن و دەستە سەربەخۆکان، دەگرێتەوە.

**بەشی هەشتەم**

**یاسادانان**

ماددەی (٧٧):
مەبەست لە یاسا دانان:
یەکەم: دەرکردنی یاسا و بڕیار.
دووەم: هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان.
سێیەم: بەرکارکردن یان هەموارکردنی کـارپێکردنی یاسا فیدراڵیەکان.

ماددەی (٧٨):
پرۆسەی یاسادانان، بریتیە لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی:
یەکەم: پـــڕۆژە یاســـا، یـــان پـــڕۆژە بڕیـــار، کە لەلـایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، پێشکەش دەکرێن.
دووەم: پێشنیازی یاسا، یـان بڕیـار کە لانی کەم، لەلایەن (١٠) دە ئەندامەوە پێشکەش دەکرێن.

سێیەم: ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە پێشـکەش دەکـرێن، لەو بابەتـانەی پەیوەندیدارن بەخۆیان.
چـوارەم: پێشـنیازی ئەو یاسـا و بڕیـارانەی، لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە، بە پێی یاسا کارپێکراوەکان، پێشکەش دەکرێن.

**پێشنیازی یاساو بڕیار**

ماددەی (٧٩):
پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان، کە لەلایەن ژمارەی پێوست لە ئەنـدامانەوە، پێشـکەش دەکـرێن، پێویستە شـێوازی یاسادانان لەخۆ بگرن و لە مـاوەی (١٤) چـواردە ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنیانەوە لەلایەن لێژنەی یاساییەوە بەهەمـاهەنگی، لەگەل دەسـتەی سـەرۆکایەتی بڕیاریـان لەسـەر دەدرێـت لەسـەر بنەمـای گونجانـدنییان لەگەڵ یەکێك لەم پێوەرانەی:
یەکەم: هەبـوونی بـابەتێکی گشـتی، کە پێویسـتی بەدەرکردنی یاسا، یان بڕیارێك بێت.
دووەم: هەبوونی بۆشاییەکی یاسایی.
سـێیەم: ئەگەر،کێشـە لە جێبەجێکردنـی یاسـا هەبێـت و پێویستیی، بە هەموارکردنەوە بێت.
چـوارەم: پێویستە لە دەرچوواندنی ئەو یاسا و بڕیـارە، ڕەچاوی بارگرانی دارایی، لەسەر حکومەت بکرێت.

ماددەی (٨٠):
یەکەم: دوای تێڕوانینـی پێشـنیازی یاسا یـان بڕیـارەکە، لەلایەن دەسـتەی سـەرۆکایەتی و لیـژنەی یاسـاییەوە، ئەگەر دەرکەوت یەکێـك لەو پێـوەرانەی تێـدانییە کە لە ماددەی (٧٩)ی ئەم پەیـڕەوەدا، هـاتووە، ڕەتـدەکرێتەوە و خوێندنەوەی یەکەمی، بۆ ناکرێت.
دووەم: لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان، کە پێشنیازی یاسا یـان بڕیارەکەیـان پێشکەشـکردووە، ڕای دەسـتەی سەرۆکایەتی، و لیژنەی یاسایی بۆیان بڕوا پێهێنەرنەبوو، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری.
سـێیەم: ئەگەر پێشـنیازی یاسـا، یـان بڕیـارەکە، بە شـێوەیەکی گشـتی، ڕەتنەکـرایەوە، بەحوکم دەسـتەی سـەرۆکایەتی و لیـژنەی یاسـایی، تێبینییـان لە سـەر پێشـنیازەکە هەبـوو، لەو حـاڵەتەدا بـۆ ئەو ئەنـدامانەی پێشکەشـیان کـردوە دەگەڕێنـدرێتەوە، بـۆ ڕەچـاوکردنی تێبینیەکان و دووبارە پێشکەشکردنەوەی.
چوارەم: کاتێك پڕۆژە، یان پێشنیازەکە، لە لایەن دەستەی سـەرۆکایەتی و لیـژنەی یاسـاییەوە، ڕەزامەنـدی لەسـەر دەدرێـت، لە یەکەم دانیشـتنی دوای ڕەزامەنـدییەکە، دەخرێتە بەرنامەی کارەوە.

ماددەی (٨١):
یەکەم: هـیچ پـڕۆژە پێشـنیازێك، وەرناگیرێـت، ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی هەبێت، لەگەڵ پـڕۆژە پێشـنیازێکی تـر، کە لەژێـر دەسـتی لیـژنەی تایبەتمەنـد دایە بـۆ ڕاپـۆرت نووسین.
دووەم: ئەگەر لیـژنەی تایبەتمەنـد بـۆی دەرکەوت، کە لە نێـوان پـڕۆژە یاسـا و پێشـنیازی یاسا دژیەکـی هەیە لە ڕووی بنەمـا بنەڕەتییەکـانەوە ئەوا لیـژنە بەڕاپـۆرتی، تـایبەت ڕای خـۆی پێشکەشـی پەرلەمـان دەکـات، ئەگەر هەریەکێکیـان، لەڕووی بنەمـاوە پەسـەندکرا، مانـای ڕەتکردنەوەی ئەوەی تـرە و دواتـر لیـژنە ڕێکاری یاسایی خۆی دەگرێتەبەر.
سێیەم: پڕۆژە یاسا، بە بنەما دادەنرێـت، ئەگەر پێشـنیازی یاسـای تـر، پێشکەشـکراو لە ڕووی بنەمـاوە یەکبـوون، بە مەرجێـك پێشـنیازی یاسـا نەچـووبێتە قۆنـاغی ڕاپـۆرت نووسین.
چـوارەم: ئەگەر پێشـنیازی یاسـا ڕەتکـرایەوە، لە هەمـان وەرزی یاساداناندا، پێشکەش ناکرێتەوە.

ماددەی (٨٢):
لە هەر وەرزێکـی یاسـاداناندا تەنیـا لە مـانگی یەکەمـی وەرزی یاسـاداناندا، ئەنـدامانی پەرلەمـان، دەتـوانن پێشنیازی یاسا، پێشکەش بکەن تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە دۆخێکی تایبەت بێتە پێش و پێویستیی بە یاسا، یـان بڕیـارێکی بەپەلە هەبێـت و لەوبـارەش دەسـتەی سـەرۆکایەتی هەڵسـەنگاندن بـۆ پێویسـتیی و بە پەلەیـی یاسا یان بڕیارەکە دەکات.
ماددەی (٨٣):
یەکەم: ئەو پـڕۆژە یاسـا و بڕیـارانەی، لەلایەن حکومەت پێشکەش دەکرێن، ڕاستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتن دوای گەیشـتنیان بە پەرلەمـان، خوێنـدنەوەی یەکەمیـان بـۆ دەکرێت.
دووەم: ئەگەر پڕۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەنـدیی زیـاتر لە یەك لیـژنە بـوو، دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بەهەمـاهەنگی، لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی، بڕیـار دەدات بە بەشکردنی پڕۆژە یان پێشنیازەکە و نـاردنی هەر بەشـەو بۆ لیـژنەی تایبەتمەنـد، لیـژنەش تەنیـا لە سـەر ئەو بەشـە ڕاپۆرت ئامادە دەکات کە ئاڕاستەی کراوە.

ماددەی (٨٤):
یەکەم: دەبێت لیژنەی تایبەتمەند، لە ماوەی (٢١) بیست و یەك ڕۆژدا، ڕاپۆرتی خۆی، لەسـەر پـڕۆژە، یـان پێشـنیازی یاسا و بڕیارەکان، ئامادە بکات.
دووەم: ئەگەر پڕۆژە یان پێشنیازی یاسـا و بڕیارەکـان، بە شـێوەی بەپەلە، ئاڕاسـتەی لیـژنەی تایبەتمەنـد کرابێـت،

دەبێــت لە مــاوەی (٧) حەوت ڕۆژدا، ڕاپــۆرتی خــۆی پێشکەش بکات.
سـێیەم: لیـژنەی تایبەتمەنـد، دەتوانێـت بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپۆرت، لەسەر پڕۆژە، یان پێشـنیازی یاسـا و بڕیارەکـان، هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بکات.
چوارەم: ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا، لیژنەی تایبەتمەنـد، ڕاپــۆرتی ئامــادەنەکرد جێگــری یەکەمــی ســەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی لیژنە ئاگاداردەکاتەوە و، دەبێت لیژنە لە مـــاوەی (٤) چـــوار ڕۆژدا، لە ڕۆژی گەیشـــتنی ئاگادارکردنەوەکە، ڕاپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات و بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی لەم بارەیە، یەکلاکەرەوە دەبێت.

ماددەی (٨٥):
یەکەم: ڕاپــۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد، دەدرێـتە لیـژنەی یاسایی بـۆ پێـداچوونەوەی ڕاپۆرتەکە، لە مـاوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕێکەوتـی گەیشـتنی، تەنیـا لە ڕووی دارشـتنەوەی یاسـایی و دڵنیـابوون لە دژنەبـوونی دەقەکـان، لە گەڵ دەستور و یاسا کارپێکراوەکان.
دووەم: ئەگەر پڕۆژە، یان پێشنیازی یاسا و بڕیـارەکە، بە (خەسلەتی پەلە) ئاراستە کرابێت دەبـێ لیـژنەی یاسایی، لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژدا، پێداچوونەوەی خۆی بکات.
سـێیەم: ڕاپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد، خوێنـدنەوەی دووەمـی بـۆ ناکرێـت، تـا لەڕووی دەسـتووریی و یاسـا کارپێکراوەکان، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ڕاستاندنی بـۆ نەکرێت.

ماددەی(٨٦):
دەبێ جێگری دووەمی سـەرۆکی پەرلەمـان، (٤٨) چـل و هەشـت کـاتژمێر پـێش خوێنـدنەوەی دووەم، ڕاپـۆرتی ڕاسـتێندراوی لیـژنەی تـایبەت بـۆ ئەنـدامان دەسـتەبەر بکات.

ماددەی (٨٧):
یەکەم: خوێنـــدنەوەی دووەم، بە خوێنـــدنەوەی دەقـــی پڕۆژە، یـان پێشـنیازەکە، دەسـتپێدەکات، دواتـر ڕاپـۆرتی لیژنەی تایبەتمەند، دەخرێتەڕوو.
دووەم: ئەگەر ڕاپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد، داڕشـتنێکی نـوێی پێشـنیاز کردبێـت بـۆ پـڕۆژە یـان پێشـنیازەکە، بەدەنگدان بڕیار لە سەر وەرگرتنی ئەو دارشتنە بە بنەمـا بۆ گفتوگۆکردن دەدرێت.

ماددەی(٨٨):
یەکەم: ئەو ئەندامەی ناوی تۆمارکراوە، دەتوانێت، لەسەر هەر ماددەیەك تەنیـا یەکجـار بـدوێت و نابێـت لە (٢) دوو خولەك، تێپەر بکات.
دووەم: ئەگەر لە کـــاتی گفتوگـــۆکردنی پـــڕۆژە یـــان پێشنیازەکە، وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبوو، دەتوانێت لە بارەی هەر ماددەیەکەوە (٢) دوو خولەك بدوێت.

ماددەی (٨٩):
یەکەم: لەو دانیشـــتنەی بـــۆ خوێنـــدنەوەی دووەم تەرخـانکراوە، دەنگـدان لەسـەر پـڕۆژە، یـان پێشـنیازەکە ناکرێت.
دووەم: لیـــژنەی تایبەتمەنـــد، بە هەمـــاهەنگیی، لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی، سـەرجەم پێشـنیاز و ڕایەکـان بەهەنـد وەردەگـرن و سـەرلەنوێ داڕشـتنەوە، بـۆ ئەو مـاددانە دەکەن، کە پێویستە دابڕێـژرێنەوە، ئەگەر پێویسـتی کـرد ڕوونکردنەوەش دەدەن.

ماددەی (٩٠):
یەکەم: دانیشـــتنی دەنگـــدان، لە ســـەر پـــڕۆژە، یـــان پێشنیازەکە، نابێت لە هەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشـتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەر بکات.
دووەم: ئەنـدام، لەو مـاوەیەدا، دەتوانێـت داوای بینینـی داڕشـتنەوەی کۆتـایی، لە جێگـری دووەمـی سـەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بکات.
سـێیەم: لە دانیشـتنی دەنگـدان، ڕێ بە گفتوگـۆ یـان پێشکەشکردنی پێشنیازی تازە نادرێت.

ماددەی (٩١):
یەکەم: دەنگـدان، لە سـەر نـاوی یاسـا یـان بڕیـارەکە دەسپێدەکات، دواتر یەکە بە یەکەی ماددەکـان و کۆتـایی بە دەنگدان لە سەر هۆیەکانی دەرچواندن، دواجار گشت یاسا یان بڕیارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت.
دووەم: لەکـاتی بـوونی زیـاتر، لە یەك پێشـنیاز، هەمـوو پێشنیازەکان، دەخرێنە دەنگدان، کامیان زۆرینەی دەنگـی هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت.
سێیەم: لە خستنە دەنگدانی ڕایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخـرێتە دەنگـدان بەلایەنی کەم (٣) سـێ ئەنـدام پشتگیریی ڕایەکە بکات، جگە لەو (٢) دوو ئەندامەی بـۆ ئاخاوتن دەکەونە ڕیزبەندی کۆتایی.

ماددەی (٩٢):
پەرلەمان، بە (خەسلەتی پەلە) دەروانێتە پڕۆژە و بڕیـاری تـایبەت، بە بـودجە و ئیعتمـاداتی زێـدەگی و ژمێـرەی کۆتایی، هەروەها دەتوانێـت بڕیـار لەسـەر هەر بـابەتێکی تری بەپەلە بدات.

ماددەی (٩٣):

یەکەم: یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان، پەسەند دەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی پێویستییان بە زۆرینەی تایبەت هەیە.
دووەم: سەرۆك بە پێی ئەنجامی دەنگدان، بڕیاری پەرلەمان بە ڕەزامەندی، یان ڕەتکردنەوە لە سەر یاسا و بڕیارەکان ڕادەگەیەنێت.

ماددەی (٩٤):
دەبێت یاسا و بڕیارەکان، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی پەسەندکردنیانەوە، بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەمەبەستی دەرچواندنیان.

ماددەی (٩٥):
یەکەم: ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم، لە ماوەی ئەو (١٥) پازدە ڕۆژەدا، بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو، یاسا یان بڕیارەکەی بەشێوەیەکی گشتی (کلي) یان بەشێك (جزئي) ڕەتکردەوە، لەو کاتە، دەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا، ڕاپۆرتی خۆی بنوسێت، پاشان لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە، دێتە ناو پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمان لەوبارەوە، یەکلاکەرەوە دەبێت، یان بە ڕای سەرۆکی هەرێم وەردەگرێت و ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند تاوتوێ دەکریت یان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامان پێداگیری لەسەر ڕای خۆی دەکات و ئەم جارەش ڕای پەرلەمان ڕەتناکرێتەوە.
دووەم: سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەتوانێت ئامادەی دانیشتنەکە ببێت.

ماددەی (٩٦):
ئەگەر، گومان لە سەر دەنگدان هەبوو، لایەنی کەم (٥) پێنج ئەندام، داوای دووبارەکردنەوەی دەنگدانیان کرد دەبێت دەنگدان دووبارەبکرێتەوە.

ماددەی (٩٧):
لەکاتی گفتوگۆکردندا، لەسەر هەر پرۆژە و پێشنیازی یاسا و بڕیارێك ئەگەر ڕای جیاواز سەبارەت بە پەسەندکردن دروست بوو، ئەولەویەت لە دەنگدان بە پێی ئەو ڕیزبەندیە دەبێت:
یەکەم: پێشنیازی ڕەتکردنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە.
دووەم: پێشنیازی گەڕاندنەوەی پرۆژەکە بۆ حکومەت.
سێیەم: گەڕاندنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، کە ڕاپۆرتی ئامادە کردوە.
چوارەم: پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێکی تر.

## بەشی نۆیەم
## بودجە

ماددەی (٩٨):
یەکەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك و بەر لەساڵی دارایی، بە مەبەستی گفتوگۆ، پڕۆژە بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت.
دووەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو بۆ پەرلەمان بنێرت.
سێیەم: ئەگەر پڕۆژە بودجە و ژمێرەی کۆتایی، لەو ڕێکەوتەی لە بڕگەی (یەکە م و دووەم)ی ئەم ماددەیەدا دیاریکراوە نەگەیشتە پەرلەمان، پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری دارایی دەکات، ئەگەر هۆکاری گونجاو هەبوو ماوەیەکی پێدەدات کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

ماددەی (٩٩):
دەستەی سەرۆکایەتی، لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا، پاش گەیشتنی پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە، پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و ئەندامانی پەرلەمان دەکات.

ماددەی (١٠٠)
هەر لیژنەیەك لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە تێبینییەکانی خۆی، دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بە تایبەتمەندی خۆیەوە لە نێو پرۆژە بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی و لەماوەی (١٠) دە ڕۆژدا، دەداتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.

ماددەی (١٠١)
یەکەم: لەسەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، ڕاپۆرتی بودجە و ژمێرەی کۆتایی خۆی، دەربارەی پڕۆژەکە لە ماوەیەکدا لە (٢١) بیستویەك ڕۆژ، دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی لیژنەکان، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکات.
دووەم: پێویستە دەستەی سەرۆکایەتی، لە یەکەمین دانیشتن لەدوای گەیشتنی، ڕاپۆرتەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە.
سێیەم: ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو، لیژنەکە نەیتوانی ڕاپۆرت پێشکەش بکات، دەستەی سەرۆکایەتی، دەتوانێت ماوەیەکی تری پێبدات لە (١٠) دە ڕۆژ تێپەرنەکات، ئەگەر لەو ماوەیشدا، ڕاپۆرتی پێشکەش نەکرد، بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی لیژنە پەرلەمانییەکان،

دوای ڕێکخستنیان، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

ماددەی (١٠٢):

یەکەم: ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بەسەر ئەندامانـدا دابەش دەکرێت و ناکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە دەست بە گفتوگۆ بکرێت بەر لە تێپەڕبوونی (٤٨) چل وهەشت کاتژمێر بەسەر دابەشکردنیدا.

دووەم: ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆکەرەوەی سەرجەم راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان و رای کۆتایی لیژنەی دارایی و ئابووری دەبێت.

ماددەی (١٠٣):

یەکەم: پەرلەمان، دەتوانێت تەرخانکراوی پڕۆژەی بودجە هەڵبوەشێنێتەوە، یان کەمی بکاتەوە، یان لە ماددەیەك بۆ ماددەیەکی تر، یان لەبەشێك بۆ بەشێکی تر، یان لە دەروازەیەك بۆ دەروازەیەکی تر بیگوازێتەوە.

دووەم: پێشنیازی زیادکردنی تەرخانکراوی پڕۆژە بودجە، یان هێنانەکایەی تێچووی نوێ یان کەمکردنەوەی داهاتەکان، پەسند ناکرێت، تەنیا لەو بارەوە نەبێت کە پەرلەمان بتوانێت بڕوا بە حکومەت بهێنێت.

ماددەی (١٠٤):

یەکەم: وەزیری پەیوەندیدار، راپۆرتی حکومەت، سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە دەخاتەڕوو، پاشان لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکانی پەرلەمان، پێشکەش دەکات.

دووەم: ڕاپۆرتەکان، بە شێوەیەکی گشتی، گفتوگۆیان لەبارەوە، دەکرێت پێش چوونەسەر گفتوگۆکردنی دەروازەکانی پڕۆژە بودجە و بڕیاردانی بەندەکانی، هەر ئەندامێك دەتوانێت بۆ ماوەیەك لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکان بکات.

ماددەی (١٠٥):

یەکەم: لیژنە، (بەشەکانی) پڕۆژە بوودجە دەخاتەڕوو، بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەریان، ماددە بە ماددە.

دووەم: هەرئەندامێك دەتوانێت لەسەر هەر ماددەیەك بۆ ماوەیەك لە (٣) خولەك تێپەڕنەکات، گفتوگۆبکات.

ماددەی (١٠٦):

دەنگدان، بەپێی ماددەی (٩١)ی ئەم پەیڕەوە دەبێت.

ماددەی (١٠٧)

پەرلەمان، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت، کە سەرۆکایەتی دیوان بەهەماهەنگیی لەگەڵ لیژنەی دەسپاکیی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، ئامادەی دەکات و پاش پەسەندکردنی لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەخرێتە نێو بودجەی گشتی.

ماددەی (١٠٨):

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی پەرلەمان، لەکۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بەدانانی ژمێرەی کۆتایی و بەرێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

ماددەی (١٠٩)

ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك، کە لە دەرەوەی ئیرادەی حکومەت بێت، ئامادەکردن یان پێشکەشکردنی پرۆژە بودجە، بکەوێتە دوای دەستپێکی ساڵی دارایی، ئەوا بۆ هەر مانگێك کە بودجە دواکەوتووە، ڕێژەی (١٢/١) ئەو تەرخانکراوەی بۆ ساڵی دارایی رابردوو بڕیاری لەسەر درابوو خەرج دەکرێت.

## بەشی دەیەم
## فراکسیۆن و ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی

### یەکەم
### فراکسیۆن

ماددەی (١١٠):

یەکەم: هەر پارت و قەوارەیەکی سیاسی بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات، خاوەنی لیست و بەرنامەی هەڵبژاردن بێت و کورسی بەدەست هێنا دەبێتە فراکسیۆن.

دووەم: پەرلەمانتار ئازادە لەکاری پەرلەمانیی، بەلام هەرکاتێك ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیا بۆوە، یاخود چووە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، ئەوا ئەندامێتی خۆی لە دەستدەدات لە پەرلەمان و کەسێکی تر، لەو فراکسیۆنە بەپێی ڕێزبەندی شوێنی پڕدەکاتەوە بەرەزامەندی پەرلەمان.

سێیەم: دەستەی سەرۆکایەتی، بەپێی پێوەری کورسی پەرلەمانی، بۆ ڕاپەراندنی کاروچالاکیی، بودجەیەك بۆ فراکسیۆن دیاریی دەکات، ئەم بودجەیە دەکەوێتە ژێر ڕێکارە داراییەکانەوە.

### دووەم
### ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی

ماددەی (١١١):

ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییانە دەگرێتەوە، کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەکردووە، یان لێی دەکشێنەوە و ئازادیی کاری پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆنییان، بۆ دەستبەر دەکرێت.

**بەشی یازدەیەم**
**دیوانی پەرلەمان و نووسینگەکانی پەرلەمان**

**یەکەم**
**دیوانی پەرلەمان**

ماددەی (١١٢):
پەرلەمان بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکانی دیوانێکی دەبێت، لە لایەن سەرۆکێکەوە بەپلەی تایبەت، بەڕێوەدەبرێت.

ماددەی (١١٣):
یەکەم: سەرۆکی دیوان، بە فەرمانێک، لە لایەن سەرۆکەوە، دادەمەزرێت و لە بەردەمیدا، بەرپرسیار دەبێت.
دووەم: سەرۆکی دیوان ئەرکەکانی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن سەرۆکەوە پێی دەدرێت پیادە دەکات.
سێیەم: پێکهاتە و دابەشکردنی کارگێریی دیوانی پەرلەمان، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، بە پەیڕەوێکی تایبەت ڕێك دەخرێت.

ماددەی (١١٤):
دیوانی پەرلەمان، لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییانە پێك دێت:
یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان.
دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی.
سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان.

ماددەی (١١٥):
هەریەك لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتی پرۆتۆکۆل و هاریکاریی نێودەوڵەتی، بە دەستەی سەرۆکایەتیەوە پەیوەست دەبن.

**دووەم**
**نووسینگەکانی پەرلەمان**

ماددەی (١١٦):
دەستەی سەرۆکایەتی، دەتوانێت لە ناوەندی پارێزگاکان و هەرشوێنێکی دی پێویست بکات، نوسینگە بکاتەوە.

ماددەی (١١٧)
یەکەم: نوسینگە هەڵدەستێ بەوەرگرتن و گەیاندنی داواکاری و سکاڵای هاوڵاتیان بەئەندامانی پەرلەمان لەو نوسینگەیە، تا ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت بە مەبەستی بە دواداچوون و وەڵامدانەوە و گەیاندنەوەی وەڵامەکان بەخاوەنەکانیان.
دووەم: پێویستە سکاڵاکان لە ژێر دادبینیدا نەبێت و قوناغەکانی بەدواداچوونی لە لایەنی تایبەتمەند، بڕیبێت.
سێیەم: هەر نوسینگەیەك، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی چەند کارمەندێکی دەبێت، یەکێك لە کارمەندەکان دەبێتە بەڕێوەبەری کارگێریی نوسینگە، ژمارە و چۆنێتی کارکردنیان لە لایەن سەرۆکی دیوانی پەرلەمانەوە دیاری دەکرێت.
چوارەم: پەرلەمان، پێویستیی و خەرجییەکانی نوسینگەکان، دابین دەکات.

**بەشی دوازدەیەم**
**حوکمە کۆتاییەکان**

ماددەی (١١٨):
یەکەم: پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت و دەکەونە بەر فەرمانی سەرۆك.
دووەم: سەرۆك، قەبارەی ئەو هێزە و ژمارەی تاکەکانی دیاری دەکات، کە بە تەواوی دەزانێت بۆ پاراستنی ڕێکاریی و پاسەوانی، لە پەرلەمان.
سێیەم: هێنانە ژوورەوەی چەکی ئاگرین، یان برینداركار، بۆ ناو باڵەخانەی پەرلەمان قەدەغەیە.
چوارەم: جگە لە پاسەوانی پەرلەمان، بۆ هیچ چەکدارێك، یان هێزێکی چەکدار نییە، بچێتە نێو باڵەخانەی پەرلەمان و بۆیان نییە لە نزیك دەرگاکانی بمێننەوە تەنیا بە ڕەزامەندی سەرۆك نەبێت.

ماددەی ( ١١٩):
پەرلەمان، دەتوانێت لەنێو ئەندامەکانیدا، شاند ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات و داوەتی شاندیش بکات بۆ سەردانیکردنی.

ماددەی ( ١٢٠):
بەپشت بەستن، بە ڕاپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند، دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت، یارمەتی ئەو ئەندامە بدات، کە تووشی نەخۆشیەك دێت و پێویستی بە چارەسەر دەبێت، لەناوەوە، یان لەدەرەوەی هەرێم.

ماددەی (١٢١):
راوێژکارانی پەرلەمان، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە دیاری دەکرێن بەپێی (الوصف الوظيفي)، ماف و ئەرك و موچە و ئیمتیازاتەکانیان بەپێی یاسا بەرکارەکان، دیاری دەکرێت.

ماددەی (١٢٢):
دەستەی سەرۆکایەتی، نووسراو بۆ پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان دەکات. بۆ کارئاسانی، لە ڕاپەراندنی کاروبارەکانیان، لە دام و دەزگا فەرمییەکان.

ماددەی (١٢٣):
دەستەی سەرۆکایەتی، دەرماڵەی تایبەت بۆ پەرلەمان دیاری دەکات.

ماددەی (١٢٤):
دەکرێت پەرلەمان، گروپی هەماهەنگی، لەگەڵ پەرلەمانتارانی عێراق و دەرەوەدا پێکبهێنێت.

ماددەی (١٢٥):
دەکرێت حوکمەکانی ئەم پەیرەوە، هەموو، یان بەشێکی، یان هەر ماددەیەکی، لەسەر پێشنیازی (٤/١) چوار یەکی ئەندامان، بەڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان، هەموار بکرێتەوە بەهەمان ڕێکاری یاسادانان.

ماددەی (١٢٦):
ئەم پەیڕەوە، لە ڕێکەوتی دەرچوواندنی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە و کار بە هیچ پەیڕەوێکی تر ناکرێت.

**بێگەرد دلشاد شکراللە**
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

**جعفر إبراهيم ئیمنکی**
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عیراق

**یوسف محمد صادق**
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عیراق

# یەکەمین هەمواری
# پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان  عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٢

مێژووی بڕیار: ٢٠١٩/١٠/١٣

**بـــــڕیـــــار**

پشت بە حوکمەکانی برگەی (٨)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان  عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بەپێی ئەو ڕێکارە یاساییانەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی داوە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم: هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ کە هاوپێچی ئەم بڕیارەیە دەرچوێندرا.

دووەم: ئەم هەموارە لە ڕۆژی پەسەندکردنی بەرکار دەبێت و، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕێواز فایق حسێن**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان  عیراق**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان  عێراق
ژمارەی هەمواری پەیڕەو: ١
مێژووی هەمواری پەیڕەو: ٢٠١٩/٩/٢٩

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (٨)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، ماددەی (١٢٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٩/٩/٢٩ هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان عێراق پەسەند کرد:

**هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان  عێراق**

**ماددەی (١):**

یەکەم: پێناسەی (پڕۆژە یاسا و بڕیار) لە ماددەی (١) هەموارەدەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پڕۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەیە کەلەلایەن سەرۆکی هەرێم، یان ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەری لە بواری تایبەتمەندی خۆیان، دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە دەسەڵاتی ئاڕاستە کردنی پڕۆژەی هەیە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، ئاڕاستەی پەرلەمان دەکرێن.
دووەم: پێناسانەی ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ ماددەی (١)ی پەیڕەوی ناوخۆی زیاد دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:
پێشنیازی یاسا و بڕیار: ئەو پێشنیازی یاسا و بڕیارانەن کە لانیکەم لەلایەن (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان، پێشکەش دەکرێن.
زۆرینەی ڕەها: نیوە کۆ یەکی(٥٠ ٪+١)ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.
زۆرینەی سادە: نیوە کۆ یەکی(٥٠٪+١)ی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو.
زۆرینەی تایبەت: هەموو ئەو زۆرینانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە.

**ماددەی (٢):**

ماددەی (١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم: دەستەی سەرۆکایەتی پێکدێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان، لانیکەم یەکێك لە سێ ئەندامی دەستە ی سەرۆکایەتی ئافرەت دەبێت.
دووەم: لە هەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوە دەستەواژەی (جێگری دووەم) هاتبێت دەگۆردرێت بۆ (سکرتێری پەرلەمان).

**ماددەی (٣):**

وشەی (سەرۆکایەتی)، بۆ وشەی (دەستە)، لە هەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوە دا هاتبێت زیاد دەکرێت.

**ماددەی (٤):**

بڕگەی (حەوتەم) لە ماددەی ( ٢٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێتە بڕگەی (یەکەم) ی ماددەکە و ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەك خۆی بەدوایدا دێن.

**ماددەی (٥):**

یەکەم: خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت بەم

شێوەیەی خـوارەوە:
٢ دەبێـت سـەرۆك لـە نزیکتریـن دانیشـتنی پەرلەمانـدا، داواکارییەکـە بخاتـە بەرنامـەی کارەوە، بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو بارێکـدا لـە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ لـە ڕێکەوتـی پێشکەش کردنـی، دەسـت لەکارکێشـانەوەکە بـە دەنگـی زۆرینـەی ئامادەبـووان یەکلابکرێتـەوە.
دووەم: لـە هـەر مـاددە و بڕگەیەکـی ئـەم پەیـڕەوە، وشـەی (بـەروار) هاتبێـت دەگۆردرێـت بـۆ (ڕێکـەوت).
**ماددەی (٦):**
مـاددەی (٢٩)ی پەیـڕەوی ناوخـۆ هەمـوار دەکرێـت و لێژنـە هەمیشـەییەکان بەمشـێوەیەی خـوارەوە پێکدەهێنرێـت:
**ماددەی (٢٩):**
**یەکەم:** لیژنەی کاروباری یاسایی.
**دووەم:** لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری.
**سێیەم:** لیژنەی کاروباری پێشمەرگە
**چوارەم:** لیژنـەی ناوخـۆ و ئاسـایش و ئەنجومەنـە خۆجێیەکان.
**پێنجەم:** لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
**شەشـەم:** لیژنـەی پـەروەردە و خوێنـدنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی.
**حەوتـەم:** لیژنـەی کاروبـاری تەندروسـتی و ژینگـە و مافـی بەکاربـەر.
**هەشـتەم:** لیژنـەی کاروبـاری شـەهیدان و جینۆسـاید و زیندانیانـی سیاسـی.
**نۆیـەم:** لیژنـەی پەیوەندییـەکان و ڕەوەنـدی کوردسـتانی.
**دەیـەم:** لیژنـەی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێـم.
**یـازدەم:** لیژنـەی وزە و سـامانە سروشـتییەکان و پیشەسـازی و بازرگانـی.
**دوازدەم:** لیژنـەی شـارەوانی گواسـتنەوە و گەیانـدن و گەشـتوگوزار
**سێزدەم:** لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.
**چـواردەم:** لیژنـەی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵگـەی مەدەنـی و وەرزش و لاوان.
**پازدەم:** لیژنەی دەسپاکی.
**شازدەم:** لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.
**حەڤدەم:** لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
**هـەژدەم:** لیژنـەی کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و داکۆکـی لـە مافـی مـرۆڤ.
**نۆزدەم:** لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت
**ماددەی (٧):**
برگـەی (دووەم)ی مـاددەی (٤٢) هەمـوار دەکرێـت و ڕێزبەنـدی بڕگەکانیشـی بـەم شـێوەیە دەبێـت:
**ماددەی (٤٢):**
**یەکـەم:** لیژنـەکان دەتوانـن داوا لـە سـەرۆك بکـەن، بـۆ بەشـداری کردنـی وەزیـری پەیوەندیـدار بـۆ ئامادەبـوون لـە کۆبوونـەوەی لیژنـە و پێشکەشـکردنی ڕونکردنـەوەی پێویسـت، لەسـەر ئـەو بابەتـەی دەخرێتـەڕوو، بەشـێوەیەك مـاوەی (٣) سـێ ڕۆژ لەڕێکەوتـی ئاراسـتەکردنی بانگهێشـتنامەکە، تێپەرنـەکات.
**دووەم:** لیژنـەکان دەتوانـن، بـۆ بەشـداریی ئەوانـەی کـە پلەیـان، لەخـوار وەزیرەوەیـە لـە کۆبوونـەوەی لیژنـەدا، داوا ئاراسـتەی سـکرتێری پەرلەمـان بکـەن.
**سـێیەم:** لیژنـەکان دەتوانـن لەڕێـی جێگـری سـەرۆکی پەرلەمانـەوە، داوا لـە فەرمانگـە فەرمـی و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بکـەن، کـە زانیاریـی پێویسـتیان پێشـکەش بـکات، یـان لـە

کۆبوونـەوەی لیژنـەدا ئامادەبـن .
**چـوارەم:** ئەگـەر ئـەو لایەنانـەی لـە بڕگەکانـی سـەرەوەدا باسـکراون، خۆیانگـرت لـە پێدانـی زانیـاری یـان ئامادەنەبـوون لـە کۆبوونـەوە، ئـەوا ئـەو کاتـە لـە ڕێـی سـەرۆکەوە، سـەرۆك وەزیرانـی لـێ ئاگادارەکرێتـەوە و لەحاڵەتـی وەڵام نەدانـەوەی داواکاریەکـەی لەمـاوەی (٧) حـەوت ڕۆژدا، بابەتەکـە دەخرێتـە بەردەمـی پەرلەمـان، بـۆ ئـەوەی تێڕوانینـی بـۆ بـکات.
**پێنجـەم:** وەزیـری پەیوەندیـدار، لەکاتێکـدا کـە بـۆی دیـاری دەکرێـت، لەسـەر داوای خـۆی و بـە ڕەزامەنـدی سـەرۆك یـان لەسـەر داوای لێژنـە لـە کۆبوونـەوەی لێژنـەکان ئامـادە دەبێـت، کاتێـك گفتوگۆی بابەتێـك دەکرێـت کـە پەیوەندیـدارە بە وەزارەتەکـەی، و دەتوانێـت سـتافی وەزارەتەکـەی لەگـەڵ خـۆی بهێنێـت بـۆ کۆبوونـەوە، هەروەهـا تێڕوانینەکانیشـیان لەسـەر بڕیـاری لێژنـە لـە ڕاپـۆرت جێگیـر دەکرێـن بەبـێ ئـەوەی مافـی دەنگدانیـان هەبێـت.
**ماددەی (٨):**
خاڵـی (٢) لـە بڕگـەی (سـێیەمی) مـاددەی (٤٤) لـە پەیـڕەوی ناوخـۆ هەمـوار دەکرێـت بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:
٢ ئەگـەر کـەس و لایەنـی بانگکـراو بـێ پاسـاو لەکاتـی دیاریکـراودا ئامادەنەبـوو، ئـەوا لێژنـە دەتوانێـت لـە ڕێـی دەسـتەی سـەرۆکایەتیەوە، دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن ئاگاداربکاتـەوە، بـە مەبەسـتی ئامادەکردنـی داوالێکـراو بەگوێـرەی یاسـا بـەرکارەکان.
**ماددەی (٩):**
مـاددەی (٧٨)ی پەیـڕەوی ناوخـۆ هەمـوار دەکرێـت، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:
مـاددەی (٧٨): پرۆسـەی یاسـا دانـان، بریتیـە لـە **گفتوگـۆ و پەسـەندکردنی:**
**یەکـەم:** ئـەو پڕۆژە یاسـا و بڕیارانـەی تایبەتـن بـە سـەرۆکایەتی هەرێـم،و لـە بـواری تایبەتمەنـدی خۆیـان، پێشـکەش دەکرێـن.
**دووەم:** ئـەو پـڕۆژە یاسـایانەی کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە، پێشـکەش دەکرێـن.
**سـێیەم:** ئـەو پـڕۆژە یاسـایانەی کـە لەلایـەن دەسـەڵاتی دادوەرییـەوە، لـەو بابەتانـەی پەیوەندیـدارن بـە خۆیـان، پێشـکەش دەکرێـن.
**چـوارەم:** ئـەو پـڕۆژە یاسـا و بڕیارانـەی لەلایـەن دەسـتە سـەربەخۆکان و هـەر دامەزراوەیـەك کـە بەپێـی یاسـا کارپێکـراوەکان مافـی هەیـە، پێشـکەش دەکرێـن.
**پێنجـەم:** ئـەو پێشـنیازی یاسـا، یـان بڕیارانـەی، کـە لانیکـەم لەلایـەن (١٠) دە ئەندامـەوە پێشـکەش دەکرێـن.
**ماددەی (١٠):**
مـاددەی (٧٩) پەیـڕەوی ناوخـۆ هەمواردەکرێتـەوە و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:
**یەکـەم:** پێشـنیازی یاسـا و بڕیـار، پێویسـتە مەرجـە ڕەواڵەتـی و بابەتییەکانـی پێشـنیازە یاسـا و بڕیـار لەخـۆ بگرێـت.
**دووەم:** لـە مـاوەی (١٤) ڕۆژ لـە بـەرواری پێشـکەش کردنیـەوە، لەلایـەن لێژنـەی کاروبـاری یاسـایی بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بڕیـار دەدرێـت خوێندنـەوەی یەکەمـی بـۆ بکرێـت، لەسـەر بنەمـای گونجاندنـی لەگـەڵ ئـەم پێوەرانـەی خـوارەوە:-
١ هەبوونـی بابەتێکـی گشـتی ، یـان بۆشـایی یەکـی یاسـایی، یـان بوونـی کەموکـوڕی لـە

دەقەکانی یاسایەك یان بڕیارێك، کە پێویست بێت یاسایەك یان بڕیارێکی بۆ دەربچێت.
٢ ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکوومەت، پێش خوێندنەوەی یەکەم، ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان.

**ماددەی (١١):**

بڕگەیەك بە ڕێزبەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (٩١)ی پەیڕەوی ناوخۆ زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**چوارەم:** جگە لەو پێشنیازانەی کە بە گوێرەی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بۆ دەنگدان ئامادە دەکرێن، لێژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەی تایبەتمەند دەتوانن لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی کەلەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەخرێنەڕوو، بژاردەی تر بۆ خستنە دەنگدان ئامادە بکەن.

**ماددەی (١٢):**

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (١١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەڵدەوەشێتەوە.

**هۆکارە پێویستەکان**

لە پێناو باشتر بەڕێوەچوونی کاری پەرلەمانی و فەراهەمکردنی هاوڕێکی پەیڕەو لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکان، ئەم هەموارە پەسەندکرا.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان  عیراق**

# یاسای ژماره (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو
# یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق

**یاسای ژماره (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو (*)**

**یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق**

**دیباجە**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بە ناوی گەلەوە

پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق

ژمارەی دەرکردە: ١

رۆژی دەرکردە: ٢٠٠٥/٦/٨

پشت بە حوكمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژماره (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان-عیراق و، ئەو پرۆژە یاسایەش كە پەرلەمان لە دانیشتنی ژماره(٣)ی رۆژی (٢٠٠٥/٦/٧)دا دەنگی پێداوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە بە بڕگە(٣)ی ماددەی (٢)ی یاسای ژماره(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێماندراوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژماره(١)ی ساڵی/٢٠٠٥**

**یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عیراق**

**بەشی یەكەم**

**حوكمە گشتییەكان**

**مادەی یەكەم:**

١- هەرێمی كوردستان-عێراق سەرۆكێكی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆكی هەرێمی كوردستان وخۆی سەرۆكی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ كردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستانە.

٢- سەرۆكی هەرێم جێگرێكی دەبێت هاوكاری دەكات لە راپەڕاندنی ئەركەكانی و لەكاتی ئامادەنەبوونی دا جێگەی ئەو دەگرێتەوە و هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

٣- سەرۆكی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەكانی خۆی بەجێگرەكەی خۆی دەدات.

ماددەی دووەم:

هاووڵاتیانی كوردستان–عیراق، بە دەنگدانێكی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ، سەرۆكێ بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن كە لەسەر ئاستی ناوخۆو ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتییان دەكا و، بە ناویانەوە دەدوێت و، هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەكان و دەسەڵاتەكانی هەرێمدا دەكات.

**ماددەی سێیەم:**

(ویلایەتی) سەرۆكی هەرێم بۆ چوار ساڵەو، دەشێ بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لە كاتوساتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان–عیراقدا ئەنجام دەدرێت بە مەرجێ لەگەڵ حوكمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە پێچەوانە نەبێ و، لەو ماوەیە كەم نەكاتەوە كە بۆی دیاركراوە.

**بەشی دووەم**

**مەرجەكانی پاڵێوراو و هەڵبژێر**

**ماددەی پێنجەم:**

مەرجە پاڵێوراو:

١-تەمەنی لە كاتی هەڵبژاردندا لە(٤٠) چل ساڵ كەمتر نەبێ.

٢-هاووڵاتی و نیشتەجێی كوردستان-عیراق بێت.

٣-لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەكانی بەهرەمەند بێت.

---

(* ) یاسای ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) ژماره (٥٥) لە ٢٠٠٥/٧/١٠ بڵاوكراوەتەوە لە مێژووی دەرچوونیەوە لە بەرواری ٢٠٠٥/٦/٧ بەجێبەجێكراو دانراوە.

- یاسای ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم لە ڕۆژنامەی پەرلەمان ژماره (٨٣) لە ٢٠٠٧/١/٣٠ بڵاوكراوەتەوە.

- یاسای ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) ژماره (٩٧) لە ٢٠٠٩/٢/١٦ بڵاوكراوەتەوە.

- یاسای ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواركردنی سێیەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقائیعی كوردستان) ژماره (١٧٥) لە ٢٠١٤/٦/١٠ بڵاوكراوەتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

دەبێ هەڵبژێر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتوون.

**بەشی سێیەم**

**پاڵاوتن و هەڵبژاردن**

**ماددەی حەفتەم:**

١- داوای خۆپاڵاوتن، لانی کەم، پێش (٣٠) سی ڕۆژ لە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عیراق، پێشکەش بە دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عیراق دەکرێ.

٢- دەبێ دەستەی باڵا، داوای خۆپاڵاوتنەکە بە بنبڕی یەکلا بکاتەوەو، لە ماوەی(٤)چوار ڕۆژدا – لە پێشکەشکردنی داواکەوە- بڵاوی بکاتەوە.

٣- پاڵێوراو مافی خۆیەتی، لەماوەی(٧)حەوت ڕۆژدا- لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاڕی ڕەتکردنەوەی داواکەیەوە- لەبەر دەمی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستاندا ناڕەزایی خۆی نیشان بدات.

٤-دادگا لە ماوەی(٢) دوو ڕۆژ، لە پێشکەشکردنی ناڕەزاییەکەوە، بڕیارێکی بنبڕی لەسەر دەردەکاو بڵاوی دەکاتەوەو، پاڵێوراوەکەش لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە بە پێڕاگەیەندراو دادەندرێ.

٥-دەستەی باڵا لانی کەم (١٥) پازدە ڕۆژ بەر لەوادەی ڕۆژی هەڵبژاردن، ناوی پاڵێوراوان رادەگەیێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی سادەی دەنگەکان بە دەست بێنێ، بە براوە دادەندرێ.

**بەشی چوارەم**

**ئەرك وفەرمان ودەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم**

**ماددەی نۆیەم:**

سەرۆکی هەرێم، دوای هەڵبژاردن و، پێش دەستبەکاربوونی لە ئەرك و فەرمانەکانیدا، لە ماوەی (٧)حەوت ڕۆژدا -لە ڕۆژی هەڵبژاردنیەوە- ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەر دەمی پەرلەمانی کوردستان–عیراقدا دەخوات:

(سوێند بێ بە خوای مەزن، پارێزگاری لە مافەکان و دەسکەوتەکان و یەکپرزی وبەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەم و ئەرك وفەرمانەکانم بە دروستی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم).

**ماددەی دەیەم:**

سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرك وفەرمان و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم:

١- پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٢- دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان-عێراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەربڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری پەرلەمان لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و ناڕەزایشی لەسەریان نەبووە پەرلەمان ڕادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە.

دووەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پانزەڕۆژدا) لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لەماوەی شێست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە شێست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شێست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی رەت نەکات.

سێیەم: لە ماوەی (١٠)دە ڕۆژدا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە، فەرمانی بانگهێشت کردنی پەرلەمانی هەرێم بۆ خولی یەکەمی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن دەردەچوێنێ و، ئەگەر بانگهێشتی بۆ دەرنەکرا، ئەوا ئەنجومەن، لە خۆیەوە لە ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەکە کۆ دەبێتەوە.

چوارەم: لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بە مەرسوم، پەرلەمانی کوردستان–عیراق هەڵدەوەشێنێتەوە:

١- ئەگەر ڕتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە.

٢- ئەگەر لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژدا لە بانگهێشت کردنی بۆ کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن، ژمارەی

یاسایی ئەندامان بە دەست نەهات.

٣- ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە ئەنجومەنی وەزیران، لە سێ پێکهاتەی وەزاری جیاوازی یەك لەدوای یەك دا نەدا.

٤- ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن گۆڕاو، خولی هەڵبژاردنیش، (٦) مانگ یان کەمتری مابوو.

پێنجەم: کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی گشتی هەرێم، یان دامودەزگا دەستوورییەکانی بکەونە مەترسییەکی ئەوتۆوە، هەڕەشە لە بوونی بکاو، پەرلەمانیش نەتوانێ کۆببێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا سەرۆکی هەرێم دوای ڕاوێژو ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا بڕیارگەلێ دەردەچوێنێ هێزی یاسایان هەیە بە مەرجێ ئەو بڕیارانە، لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێمدا بخرێنە بەردەمی. خۆ ئەگەر هاتو نەخرانە بەردەمی، یان خرانە بەردەمی و پەرلەمان پەسەندی نەکردن، ئەوا، لەو بارەدا سیفەتی یاساییان نامێنێ.

شەشەم: لێبوردنی تایبەت لە بەندکراوان، بەپێی یاسا.

حەوتەم: پەسەند کردنی حوکمی لە سێدارە دان، یان سووك کردنی بۆ بەندکردنی هەتا هەتا.

هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی بە پێی یاسایەکی تایبەت.

نۆیەم: لەکاتی پێویستدا بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران دەکا بۆ کۆبوونەوەیەکی ناچاری وگفتوگۆکردنی پرسگەلێکی دیارکراو کە کۆبوونەوەکەی بۆ دەکرێ، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەش دەکا.

دەیەم: لە کاتی پێویستداو، بە ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێم، ڕێگەدەدات بە هێزە چەکدارەکانی فیدراڵ بێنە ناو هەرێمەوە.

یازدەم: سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە، بەرەزامەندی پەرلەمانی کوردستان- عیراق، هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێ.

دوازدەم: پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری لەماوەیەکدا کە لە (٣٠) ڕۆژ تێپەڕنەکات.

سیازدەم: کاتێ پەرلەمانی کوردستان-عیراق، ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر لە متمانە دەخات، سەرۆکی هەرێم فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەیان دەردەچوێنێ.

چواردەم: فەرمانی قبوڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێ و، داواشیان لێ دەکا لە ئەرك وفرمانی خۆیاندا بەردەوام بن تا وەزارەتی نوێ پێك دەهێنرێ.

پازدەم: دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتیەکانی هەرێم لەسەر پێشنیاری یان اقتراحی وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

شازدەم: دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە.

حەڤدەم: بەخشینی روتبەی سەربازی بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرکردن و خانەنشینیشیان بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان.

هەژدەم: بەخشینی نیشان و مەدالیا بەپێی یاسا.

نۆزدەم: سەرۆکی هەرێم هەر دەسەڵاتێکی تر کە لە دەستوورو یاسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.

**ماددەی یازدەم:**

(مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بەیاسا دیار دەکرێت).

**ماددەی دوازدەم:**

سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی دەبێ و، پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسا دیار دەکرێت.

**ماددەی سیازدەم:** هەڵوەشاوەتەوە.[١]

**ماددەی چواردەم:** هەڵوەشاوەتەوە .[٢]

---

(١) هەڵوەشاوەتەوە بە پێی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم . مادەکە پێش هەڵوەشاندنەوەی بەم شێوەیە بوو (١- سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان_عیراقە. ٢- سەرۆکی هەرێم جێگرێك بۆ فەرمانداری گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان_عیراق دادەمەزرێنێ تا لە ئەرك و فەرمانەکانیدا لەم ڕووەوە یاریدەی بداو، لە دیار نەبوونیدا جێگای بگرێتەوە).

(٢) هەڵوەشاوەتەوە بە پێی ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم

**ماددەی پازدەم :**

ئەگەر پلەوپایەی سەرۆکی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەك، چۆلأ بوو، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق ئەرك وفرمانەکانی هەڵدەسورێنێ تا لە ماوەی(٦٠) شەست رۆژ دا- لە رۆژی چۆڵ بوونی پلەوپایەکەوە- سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێ.

**ماددەی شازدەم :**

ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم، لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بەبریارێ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان- عێراق کۆتایی پێ دەهێندرێ:

١- ئەگەر سەرۆکی هەرێم خۆی داوای ئەوە بکات.

٢- نەتوانێ، لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەرك و فرمانەکانی هەڵسووڕێنێ.

٣- بەلایەنی کەمەوە (٤/٣) ی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، لە دەنگدانێکی نهێنیدا، لە متمانەی بخەن.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە گواستنەوەییەکان

**ماددەی حەڤدەهەم :**

سەرۆکی هەرێم، لە لایەن پەرلەمانی کوردستان- عێراقەوە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرێت بۆ (ویلایەتی)یەکەم بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی هەژدەم:**

یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢(یاسای هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی) و، یاسای ژمارە(١٠)ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی نۆزدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان کار بە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکەن.

**ماددەی بیستەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمی(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا سەرۆکێك هەیە یەکێتی گەل و وڵات بەرجەستە دەکات و بەناوی ئەوەوە لەسەر ئاستی سیاسی و نێودەوڵەتی دەدوێت و وەك سەرۆکی باڵای راپەڕاندن چاودێریی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان دەکات و پاڵپشتێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری باری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەش کە باری ناوخۆی پێشوو لە کوردستاندا رێك و لەبار نەبوو، بۆ تەواوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی (ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی) بەپێی یاسای ژمارە(٢) ی ساڵی (١٩٩٢)، کە ئێستا بە پایەی سەرۆکی هەرێم ناو دەبرێ، دوا جار پێویستی کرد بە یاسای ژمارە(١٠) ی ساڵی (١٩٩٧) دەسەڵاتەکانی دابەش بکرێت بەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان—عیراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا، لەبەر ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەش کە لە عیراقدا ڕوویاندا لە ئەنجامی ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێنی دیکتاتۆرو دەرچواندنی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) کە سیستەمی فیدرالی بۆ عیراق چەسپاندو، سەرکەوتنی هەڵبژاردنە گشتییەکان لە عێراقدا کە بووە هۆی پێکهێنانی یەکەم کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبژێردراوی عیراق و بەشداری کردنی کورد لە دەسەڵاتە فیدراڵیەکاندا تا دەگاتە سەرۆکایەتی کۆماریش و، لەبەر ئەوەی قۆناغی داهاتوو پێویست دەکات هەڵوێست و تواناکان یەك بخرێن بۆ بەدیهێنانی ویستەکانی گەلی کوردستان- عیراق لە ئازادی و دیموکراسی و فیدرالی دا، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

رێکخستن و ئامادەکردنی ئەم یاسایە بۆ چاپ

**پەرلەمانتار عەونی بەزاز**

**رێکخستن و ئامادەکردنی ئەم یاسایە**
**پەرلەمانتار عەونی بەزاز**

---

ماددەکەش پێش هەڵوەشاندنەوە بەم شێوەیە بوو (لە حاڵەتی نەبوونی سەرۆکی هەرێمدا لەبەر هەر هۆیەك دەبێ، بێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەجیاتی ئەو، ئەرك و فەرمانەکانی لە ئەستۆ دەگرێ)..

# یاسای
# یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموارکردنەکانی تاکو هەمواری دەیەم لە ٢٠١٤/١٢/١٦

**یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان - عێراق
ژمارەی دەرهێنان: ١٥
رۆژی دەرهێنان: ١٩٩٢/٩/١٦ - ٢٥ گەلاوێژ/٢٦٩٢ ك

بە پێی حوكمی بڕگە/١ی مادده(٥٦)ی یاسای پەرلەمانی كوردستانی ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، پەرلەمانی لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٢/٧/٨ ئەم یاسایەی خوارەوەی بڕیاردا.

**یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی[١] ژمارە(٣)ی ساڵی (١٩٩٢)**

**ماددەی یەكەم:**
مەبەسەت لەم ووشانەی خوارەوە مانەكانی تەنیشتیانە:
**ئەنجوومەن:** ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.
**سەرۆك:** سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.
**وەزیر:** وەزیری پەیوەندار لە هەرێمی كوردستانی عێراق.
**كوردستان:** كوردستانی عێراق.
**هەرێم:** هەرێمی كوردستانی عێراق.

**ماددەی دووەم[٢]:**
١- ئەنجوومەن باڵاترین دەزگای جێ بەجێ كردنە لە هەرێمدا و لە سەرۆك و جێگرەكەی و وەزیرەكان پێك دێ.
٢- سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی جێگرێكی دەبێت.
أ- سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەكانی خۆی بە جێگرەكەی بدات.
ب- لە كاتی ئامادەنەبوونی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیراندا جێگرەكەی جیگەی ئەو دەگرێتەوە.
٣- جێگری سەرۆك وەزیران، دەشێ، سەرباری فرمانی پلەكەی خۆی، جاڵ تایەكی وەزاری بە ئەسلاً یان بە وەكالەت پڕبكاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**
ئەنجوومەن و هەریەكێ لە وەزارەتەكان كەسایەتی یەكی مەعنەویان هەیەو خاوەنی گشت ئەو مافانەن كە لە یاسا رەچاوكراوەكاندا هەن.

**ماددەی چوارەم[٣]:**
یەكەم: ئەوانەی بە سەرۆك وجێگری سەرۆك ووەزیر دادەنرێن دەبێ مەرجەكانی ماددە (٢١)ی یاسای پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢یان تێدا بێ.
دووەم: مەرجە ئەو كەسەی بۆ پۆستی بریكاری وزارەت دادەنرێت بەلای كەم هەلگری بڕوانامەیەكی سەرەتایی زانكۆ بێت.

**ماددەی پێنجەم:**
باوەڕدان بە ئەندامانی ئەنجوومەن، یەكە یەكەو لەسەر خواستی سەرۆك دەبێ.

ماددەی شەشەم:
سەرۆك و جێگرەكەی ووەزیرەكان، دوای باوەڕپێدانیان لەلایەنی پەرلەمانی كوردستانەوە، لەبەر دەمیدا ئەم سوێندە دەخۆن:
**(بەخودای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزی یەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و رێز لە یاسا رەچاوكراوەكان بگرم)**[٤].

**ماددەی حەوتەم:**
ئەنجوومەن لە هەولێردا كۆدەبێتەوە، دەشكرێ لە كاتی پێویستداو بە بڕیاری ئەنجوومەن خۆی لە شوێنێكی تردا كۆبێتەوە.

---

(١) ئەسڵی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان لە رۆژنامەی (پەرلەمان) ژمارە (٢)ی مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٩٢ بڵاوكراوەتەوە.

(٢) ئەم ماددەیە بە شێوەی سەرەوە بو بە پێ ی، هەردوو هەمواركردنی پێنج و حەوت ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٩ و (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ بو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢.

(٣) ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بوو بە پێ ی هەمواركردنی یەكەم و حەوتەمی یاساكە.

(٤) تێبینی ماددەی دەیەم برگەی (١٢) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواركردنی سێیەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو سەبارەت بە راسپاردەكردنی پالیۆراو سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بە پیكهێنانی وەزارەت دوای دەستنیشان كردنی لە پەرلەمان.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجوومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێ:

١- دانانی سیاسەتی گشتی ی هەرێم و سەرپەرشتی کردنی بەجێ هێنانی بەپێ ی یاساو بڕیارە ڕەچاوکراوەکان، دوای بڕیاردانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

٢- پێشنیازکردن و ئامادەکردنی پرۆژەی یاساکان و پێشکەش کردنیان بە پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق بۆ بڕیار لەسەر دانیان.

٣- ئامادەکردنی پرۆژەی پەیرەوەکان و دەرکردنیان.

٤- ئامادەکردنی پرۆژەی بووجەی گشتی هەرێم.

٥- ئامادەکردنی پرۆژەکانی نەخشەی گەشە پێ کردنی هەرێم.

٦- قەرزدان ووەرگرتنی بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٧- جێ بەجێ کردنی یاساکان و پاراستنی ئاسایشی هەرێم و پارێزگاری کردن لە مافەکانی هاووڵاتیان و ماڵ وموڵکە گشتی یەکان و بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان عێراق.

٨- ڕێ نیشان دان و سازکردن و بەدواداچوونی کارو فرمان وەزارەتەکان و دایەرەکانیان ودام و دەزگاگشتی یەکان.

٩- چاودێری کردنی ڕەوایی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانیان دەری دەکەن.

١٠-دەرکردنی بڕیاری بەڕێ کردن و بەجێی هێنانی بە پێ ی یاسا ڕەچاوەکراوەکان و چاودێری کردنی چۆنێتی بە ئەنجام گەیاندنیان.

١١-دامەزراندنی فەرمانبەران و بەرێوەبەرە گشتی یەکان و دەرهاوێشتن و لە کارخستنی و خانەنشین کردنیان و بە پێ ی یاسا.

١٢-بەدەر لە برگەی (١١)ی پێشوو دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتی یەکان و سەرۆکی وەحدە ئیدارییەکان و دادوەرەکان و ئەندامانی دەزگای (داواکاریی گشتی)، بە پێشنیازی وەزیری پەیوەندار بڕیاری ئەنجوومەن و دواجار بە بڕیاری لایەنی پەیوەندار بە پێ ی یاسا ڕەچاوکراوەکان دەبێ.

**ماددەی نۆیەم[٥]:**

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێتەوە:

١ـ وەزارەتی داد.

(٥) ئەم ماددەیە چەند جار هەموارکرایەتەوە بەپێی یاساکانی (هەمواراکردنی یەکەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و حەوتەم و نۆیەم و دەیەم) و یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵاوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا.

٢ـ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.
٣ـ وەزارەتی ناوخۆ.
٤ـ وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٥ـ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.
٦ـ وەزارەتی تەندروستی.
٧ـ وەزارەتی پەروەردە.
٨ـ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.
٩ـ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار.
١٠ـ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
١١ـ وەزارەتی پلاندانان.
١٢ـ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.
١٣ـ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.
١٤ـ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
١٥ـ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
١٦ـ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
١٧ـ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.
١٨ـ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
١٩ـ وەزارەتی کارەبا.

دووەم: دەشێ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق (٣) وەزیری هەرێمی تیادابن[٦].

ماددەی دەیەم: **ئیلغاکراوە (هەولوەشێندراوەتەوە)[٧]**

**ماددەی یازدەیەم:**

١- لە حاڵەتی لادانی سەرۆکدا یاوازهێنانی یاخود وازهێنانی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن، وادادەنرێ کە وەزارەت وازی لە کارهێناوە. بەڵام ئەگەر وەزارەتەکە هاوپەیمانی بوو لە نێوان دوو دەستە سەرەکیەکەی ناو پەرلەمانی کوردستان داوئەگەر وەزیرانی هەر لایەکیان بە کۆمەڵێ لە وەزارەت کشانەوە، وا دادەنرێ کە وەزارەتەکە وازی لە کارهێناوە.

(٦) برگەی (دووەم) ماددەی نۆیەمی هەموارکراو بە پێی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ لە ٢٠١٤/١٢/١٦ یاسای هەموارکردنی دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢.

(٧) ئەم ماددەیە هەڵوەشێندراوە بە پێی ماددەی (٥٥) لە یاسای وەزارەتی خویندنەوەی باڵا وتوێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ ودارشتنەوەی کۆنی ماددەیکە بەم شێوەیە بوو:

**دەزگایەك بۆ خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی پێك دەهێنرێ و بەدەستەی سەرۆکایەتی وەزارەتەوە دەبەسترینەوە، کاروباریش بە پێ ی بێرەویکی تایبەتی تیبێنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٤ کە لە رۆژنامەی وقائعی ژمارە (١٨٢) لە ١٩/ك٢/٢٠١٥.**

٢- ئەندامانی ئەنجوومەن تاکاتی پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ، لەسەر بەڕێوەبەردنی ئەرکە رەسمیەکانیان بەردەوام دەبن.
٣- سەرۆك بۆی هەیە وازهێنانی وەزیر قەبول بکا(٨).

**ماددەی دوازدەیەم:**

گفت و گۆی ئەنجوومەن نهێنی دەبێ، بڕیارەکانی بە زۆربەی دەنگ و بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی دەردەکا، ئەگەر ژمارەی دەنگەکان وەك یەك بوون بڕیاری ئەو لایەیە جێگر دەبێ کە سەرۆکی لەگەڵدا دەبێ. ئاشکراکردنی بڕیارەکانیشی بەڕێ و شوێنێك دەبێ کە خۆی دەستنیشانی دەکا.

**ماددەی سیازدەیەم:**

وەزیرەکان سەبارەت بە سیاسەتی گشتی وەزارەت، بە هاوبەشی لە بەردەم پەرلەمانی کوردستانی عێراق بەرپرسیارن.بەڵام سەبارەت بە کاروباری هەر وەزارەتێك وەزیرەکەی خۆی لە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا بەرپرسیارە.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەن یا جێگرەکەی یا هەر وەزیرێك، نابێ لەو ماوەیەدا کە لەسەر ئەم کارانەیان هیچ پیشەیەکی سەربەست یا ئیشێکی بازرگانی یا دارایی یا پیشەسازی یاهەر کارێکی ئابووری تر بکەن. هەروەکو نابێ هیچ شتێك لە ماڵ و موڵکی گشتی بکڕن یا بەکرێ بگرن. یاخود شتێك لەماڵـ موڵکی خۆیان بەکرێ یا بە فرۆشتن یا بە ئاڵ وگۆڕ بدەن بەدەوڵەت.

**ماددەی پانزدەیەم:**

پەرلەمانی کوردستانی عێراق بۆی هەیە وەزیرێك بدا بە دادگا سەبارەت بە تاوانێك کەلەکاتی بەجێ هێنانی فەرمانەکەی یا بە هۆیەوە درابێتە پاڵی، پێشنیازی تاوان درانە پاڵەکە دەبێ بەلایەنی کەمەوە، لە لایەن چواریەکی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە بێ وبڕیاری بە دادگا دانەکەی لەلایەن دوولە سێ بەشی ئەندامانی یەوە، ئەوساتە، کاتی یەکالاکردنەوەی مەسەلەکەی، دەستی لەکار دەکێشرێتەوە.

**ماددەی شانزدەیەم:**

هەروەزیرێك کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نی یە، بۆی هەیە لەهەر کۆبوونەوەیەکدا ئامادەبێ، بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ.

(٨) برگەی (٣) زیادکرا بو مادده کە بە پێی ماددەی (٢) لە یاسای هەمەوارکردنی سێیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٩ لە بەرواری ١٩٩٩/١٢/١٩ دەرچوێندرا.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

١- لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سەرۆك دا، جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە ولە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سەرۆك و جیگرەکەی پۆستی سەرۆك بە یەکێك لە وەزیرەکان دەسپێردرێت(٩).
٢- لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆك دا، جێگرەکەی کارو فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ بۆ راپەراندنی کاروبارەکان تا دتەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی (١٥) رۆژ و پیکهێنانی وەزارەتێکی نوێ(١٠).

**ماددەی هەشدەیەم:**

مووچەی مانگانەی هەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و مافی خانەنشین یان بە یاسایەکی تایبەت دەستنیشان دەکرێ***.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڕیاردانی یەوە کە لە رێکەوتی ١٩٩٢/٧/٩ی کرد، کارپێ دەکرێ.

ماددەی بیستەم:

ئەم یاسایە لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**رێکخستن و ئامادەکردنی ئەم یاسایە**
**پەرلەمانتار عەونی بەزاز**

(٩) برگەی (١)ی ئەم ماددەیە هەمەوارکرا بە پێی ماددە(٣)ی یاسای ژمارە (١٦) ساڵی ١٩٩٩ لە ١٩٩٩/١٢/١٩ هەمەوارکردنی سێیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمەوارکراو، دەقەکەی پێش هەمەوارکردنەوە بەم شێوەیە بوو: {لە حالەتی ئامادەنەبوونی سەرۆك دا جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە}.

(١٠) برگەی (٢)ی ئەم ماددەیە هەمەوارکرا بە پێی ماددە (٧)ی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەمەوارکردنی پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٢ هەمەوارکراو و دارشتنەوەی ماددەکە کۆنەکەو و ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەمورکردنی حەوتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بەم شێوەی بوو:

١- لە حاڵەتی چۆلبوونی پۆستی سەرۆك جیگرەکەی کارو فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ تا کاتی دانانی سەرۆکێکی نوێ کە دەبی لە ماوەی پانزە رۆژدا دابنرێ.

*** یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ لە بەرواری ١٩٩٩/١١/٨ دەرچوێندرا (یاسای خانەنشێنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق).

# یاسای ژماره ( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧
# یاسای دەستەڵاتی دادەوەریی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**بەناوی خودای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان – عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٣ یدا بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەیدا:

**یاسای ژمارە ( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧**

**یاسای دەستەڵاتی دادەوەریی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**دەروازەی یەکەم**

**(حوکمە گشتییەکان)**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم :هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم :ئەنجومەن:** ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم.

**سێیەم: سەرۆکی ئەنجومەن** – سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی دووەم:**

دادوەریی سەربەخۆیە و لە یاسا بەولاوە هیچ دەستەڵاتێکی بەسەردا نییە

**ماددەی سێیەم:**

بەناوی گەلەوە حوکمەکان دەردەچن و جێبەجێ دەکرێن .

**ماددەی چوارەم:**

دەستەڵاتی دادوەری بودجەیەکی تایبەتی هەیە و لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە ئامادە دەکرێ و دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق بۆ پەسەند کردنی و دەبێتە پاشکۆی بودجەی گشتی هەرێم.

**ماددەی پێنجەم:**

دادگاکان دەستەڵاتیان بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەویدا هەیە، تا دەگاتە حکومەتیش و تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی هەموو کێشە و تاوانەکان.

**ماددەی شەشەم:**

زمانی کوردی زمانی دادگاکانە و دەشێ لە کاتی پێویستدا زمانی عەرەبی بەکاربێ.

**ماددەی حەوتەوم:**

دانیشتنی دادگاکان ئاشکرایە، تەنیا ئەگەر دادگا بڕیاریدا بە نهێنی بێت لەبەر ڕەچاوکردنی رەوشت و نیزامی گشتی یان بۆ رێزگرتن لە خێزان بە مەرجێك بڕیاری حوکمدان لە دانیشتنێکی ئاشکرا دابێت.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: دادگاکان داوای حقووقی و باری کەسیەتی لە ماوەی پشووی دادگاکان نابینن ئەگەر بە پەلە نەبن و هەموو دادگایی کردنێك لە رۆژی یەکەمی مانگی تەمووزەوە تاکو یەکەم رۆژی مانگی ئەیلوولی هەموو ساڵێك رادەوەستن و داوای بە پەلەش دەسنیشان دەکرێن بۆ ئەم مەبەستە بە بەیاننامەیەك کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی دەری دەکات.

دووەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا ماوەی پشووەکە بۆ ماوەیەك کورت بکاتەوە کە لە (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێ.

**دەروازەی دووەم**

**پێکهاتە دادوەرییەکان**

**بەشی یەکەم**

**جۆرەکانی دادگا**

**ماددەی نۆیەم:**

دادگاکانی مەدەنی لەمانە پێکدێن:

یەکەم: دادگای پێداچوونەوە.

دووەم: دادگاکانی تێهەڵچوونەوە.

سێیەم: دادگاکانی تاوان.

چوارەم: دادگاکانی بەرایی.

پێنجەم: دادگاکانی نەوجەوانان.

شەشەم: دادگاکانی باری کەسایەتی.

حەوتەم: دادگاکانی کەتن.

هەشتەم: دادگاکانی کار.

نۆیەم: دادگاکانی لێکۆڵینەوە.

دەیەم: دادگاکانی ماددەکانی کەسایەتی بۆ مەسیحیەکان و ئێزدیەکان و ئاینەکانی تر.

**بەشی دووەم**
**تایبەتمەندی دادگاکان**

**لقی یەکەم ـ دادگای پێداچوونەوە**

**ماددەی دەیەم:**
دادگای پێداچوونەوە دەستەی باڵای دادوەرییە، چاودێری دادوەری بەسەر هەموو دادگا مەدەنیەکان لە هەرێمدا دەکات و، بەلایەنی کەمەوە لە نۆ دادوەر پێکدێ کە سەرۆك و جێگرەکانی تێدایە و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ.

**ماددەی یازدەم:**
یەکەم: دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە بەم جۆرە دەبن:
١- دەستەی گشتی: بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە یان یەکێك لە جێگرەکانی یا خود کۆنترین دادوەر ئەگەر ئەوانە ئامادە نەبوون یاخود. بەربەستێکی یاساییان هاتە پێش بۆ بەشدار بوونیان دەبەسترێ بە ئەندامیەتی جێگرەکانی و هەموو دادوەرە کاراکان تێیدا و تایبەتمەند دەبێ بەبینینی ئەمانەی خوارەوە:
أ ـ ئەو داوایانەی حوکمی لە سێدارەدانیان پێدەرچووە.
ب ـ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیەی لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان حوکمەکان و بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوە روودەدەن.
ج ـ ئەوەی لە یەکێك لە دەستەکانی دیکەوە بۆی دەنێردریت، ئەگەر پاشگەزبوونەوەی لە پرەنسیپێك دا بینی کە لە حوکمەکانی پێشوو بڕیاری لەسەر درابوو.
د ـ ئەوانەی یاساکانی تر دەیان گرێتەوە.
٢ ـ دەستەی فراوان: بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە یاخود کۆنترین جێگری یاخود کۆنترین دادوەر تێیدا لە کاتی ئامادە نەبوونیان بوونی بەربەستێکی یاسایی لەو بەشدارنەبوونەی تێیداو، بە ئەندامیەتی بەلانی کەم شەش لە دادوەرانی دەبەسترێ و تایبەتمەند دەبێ بە بینینی ئەمانەی خوارەوە:
أ ـ بوونی ناکۆکی لەسەر جێبەجێ کردنی دوو حوکم کە پلەی بنبڕیان وەرگرتبێ و دژ بەیەك بن و سەبارەت یەك بابەت دەرکرابن ئەگەر لە نێوان ناکۆکەکان خۆیاندا بێت یان یەکێکیان لایەن بێت لە دوو حوکمەکەدا و پەسەند کردنی یەك لە حوکمانە و بڕیاردان لەسەر جێبەجێ کردنی بێ لە حوکمەکەی تر، لەو بارەدا سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بۆی هەیە جێبەجێ کردنی ئەو دوو حوکمە دژ بەیەکە رابگرێ، تاکو بڕیاری پێداچوونەوە دەردەچێ.
ب ـ ئەو ناکۆکیەی دەکەوێتە نێوان دوو دادگا لەبارەی دەسنیشان کردنی تایبەتمەندی لەسەیر کردنی داواکە.

ج ـ ئەو حوکم و بڕیارانەی سەرۆك بۆی دەنێرێ تاکو لە چوارچێوەی تایبەتمەندی دادگا بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لە بارەیەوە بدات بە پێی ئەو یاسایەی کە ئەو حوکم و بڕیارانەی پێ دەرچووە.
٣ـ دەستەی مەدەنی: تایبەتمەندە بە بینینی ئەو حوکم و بڕیارانەی کە لە داوا مەدەنییەکان و داوا جۆراوجۆرەکانی تر کە لە دادگاکان و لیژنەکانەوە بە پێی یاسا دەرچوون.
٤ ـ دەستەی باری کەسایەتی: تایبەتمەندە بە بینینی ئەو حوکم و بڕیارانەی کە لە دادگاکانی باری کەسایەتی و ماددەکانی کەسایەتییەوە بە پێی یاسا دەرچوون.
٥ ـ دەستەی سزایی: تایبەتمەندە بە بینینی ئەو حوکم و بڕیارانەی کە لە داوا سزاییەکانەوە بە پێی حوکمەکانی یاسا دەرچوون.
٦ ـ دەستەی کشتوکاڵی: تایبەتمەندە بە بینینی ئەو حوکم و بڕیارانەی کە لە لیژنەکانی زەوی و زارو دەست بەسەرداگرتن دا دەرچوون.
دووەم: دەستەی مەدەنی و دەستەی باری کەسایەتی و دەستەی سزایی و دەستەی کشتوکاڵ بە سەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك یا ئەو کەسەی کە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵیدەبژێرێ و بە ئەندامیەتی بەلانی کەم دوو لە دادوەرەکانی دادگا دەبەسترێ.
سێیەم: دەستەی مەدەنی بە سەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك و ئەندامێتی بەلانی کەم چوار لە دادوەرانی دادگا دەبەسترێ لە و کاتەی کە سەیری ئەو حوکمانە دەکات کە لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی بنەڕەتی دەرچوون، هەروەها سەبارەت بە دەستەی سزاییش کاتێك کە سەیری حوکم و بڕیارەکانی دادگاکانی تاوان دەکات.
چوارەم:
١ـ دەشێ دەستەی دیکە بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی پێك بهێنرێت.
٢ـ دەستەی سەرۆکایەتی لە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و هەردوو جێگرەکەی پێکدێ و لە کاتی ئامادە نەبوونی یەك لەوانە، کۆنترین دادوەر لە دادگادا جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی دوازدەم:**
پێکهاتنی دەستەکانی دادگا بە دەستەی فراوانیشەوە و بەناو نانی سەرۆکەکانی و ئەندامانیشیەوە لە سەرەتای هەموو ساڵێك دا بە بڕیارێکی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ و لەکاتی ئامادە نەبوونی یەکێك لە سەرۆکەکانیشی کۆنترین دادوەر جێی دەگرێتەوە و ئەندامەکانیش ناگۆڕدرێن مەگەر پێویستی وا بخوازێ و بەهەمان شێوە.

**ماددەی سێزدەم:**
یەکەم: دەسـتەڵاتەکانی سـەرۆکی دادگـای پێـداچوونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:
١-بەڕێوەبردنی دادگا.
٢- سەرۆکایەتی کردنی دەستەی سەرۆکایەتی.
٣-سەرۆکایەتی کردنی دەستەی گشتی و دەسـتەی فـراوان یـا هەر دەستەیەك لە دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.
٤- پشکنینی کارەکانی دادگای پێداچوونەوە.
٥ ـ رەوانە کردنی ئەو تانووتانەی پێشکەش بە دادگا دەکرێن بۆ وەرگرتنی پارەی رەسم و ئەمانات و تۆمار کردنیان.
٦ ـ مۆڵەتدان بە دادوەرانی دادگا و کارمەندانی.
٧ ـ بەرز کـردنەوەی راپـۆرتی سـاڵانە لە بـارەی کارمەنـدانی بـۆ ئەنجومەنی دادوەریی.
٨ ـ واژۆ کردنی نووسراوە فەرمییەکان.
دووەم: دەسـتەڵاتەکانی کـۆنترین جێگـری سـەرۆکی دادگـای پێداچوونەوە ئەمانەن:-
١ ـ ئەنجامـدانی کارەکـانی سـەرۆکی دادگـای پێـداچوونەوە لەکاتی ئامادە نەبوونی.
٢ ـ سـەرۆکایەتی کردنـی دەسـتەیەك یـا زیـاتر لە دەسـتەکانی دادگای پێداچوونەوە.
٣ ـ واژۆ کردنــی نووســراو و نــاردنەوەی دۆســیەی داوا یەکلاکراوەکـــان بە هـــاوپێچی بڕیارەکـــانی دادگـــای پێداچوونەوەوە.
٤ ـ ئەو دەستەڵاتانەی دی کە سەرۆك پێی دەدات.

**لقی دووەم**
**دادگاکانی تێهەڵچوونەوە**

**ماددەی چواردەم:**
یەکەم: دادگـــای تێهەڵچـــوونەوە دەســـتەی باڵـــی دادوەری دادگاکـانی پارێزگـایەك یـان زیـاترەو، لە سـەرۆك و چەنـد جێگرێکـی سـەرۆك و دادوەران پێـك دێـت و تایبەتمەنـدیی دیاری کراو بە پێی یاسا پیادە دەکا:
دووەم: دادگاکانی تێهەڵچوونەوە بەم شێوەیە پێکدێن:-
١- دادگـای تێهەڵچـوونەوەی نـاوچەی هەولێـر، دادگاکـانی پارێزگای هەولێـر دەگرێتەوەو ناوەنـدەکەی لە شـاری هەولێـر دەبێ.
٢- دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك، دادگاکانی پارێزگای دهۆك دەگرێتەوەو ناوەندەکەی لە شاری دهۆك دەبێ.
٣- دادگـای تێهەڵچـوونەوەی نـاوچەی کەرکـووك، دادگاکـانی پارێزگـای کەرکـووك دەگرێتەوەو ناوەنـدەکەی بە شـێوەیەکی کاتی لە شاری سلێمانی دەبێ.
٤ ـ دادگـای تێهەڵچـوونەوەی نـاوچەی سـلێمانی، دادگاکـانی پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوەو ناوەندەکەی لە شاری سلێمانی دەبێ.
سـێیەم: ئەنجـومەنی دادوەری بـۆی هەیە دادگـای دیـکەی تێهەڵچوونەوە لە کاتی پێویست دابمەزرێنێ.
چوارەم: دەشـێ دادگـایەك یـا زیـاتر لە دادگای تێهەڵچوونەوە دابمەزرێنـرێ یـاخود دابڕینـی دادگـایەك یـا زیـاتر لە دادگـای تێهەڵچوونە و لکاندنی بە دادگایەکی دیکەی تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ئەنجام بدرێ.

**ماددەی پازدەم:**
یەکەم:دادگای تێهەڵچـوونەوە و دەسـتەکانی بە سـەرۆکایەتی سـەرۆك یـان یەکێـك لە جێگرەکـانی و بە ئەنـدامیەتی دوو لە جێگرەکـــانی یـــان یەکێکیـــان و دادوەرێکـــی دادگـــای تێهەڵچوونەوە یاخود بە ئەندامیەتی دوو دادوەر لە دادوەرانی دەبەسترێ.
دووەم: ناو نانی سەرۆك و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەبێ.

**ماددەی شازدەم:**
سـەرۆکی دادگـای تێهەڵچـوونەوە لە نـاوچەکەی خۆیـدا سەرپەرشـتی دادگاکـان و کارەکانیـان دەکـات و کـار لە نێـوان دادوەرەکانیـــدا دابەش دەکـــات و، بـــۆی هەیە بڕێـــك لە دەسەڵاتەکانی بە یەکێك لە جێگرەکانی بدات.

**ماددەی حەڤدەم:**
یەکەم: لە هەر نـاوچەیەکی تێهەڵچـوونەوە ئەنجومەنێـك بە ناوی(ئەنجومەنی ناوچەی تێهەڵچوونەوە) لە سەرۆکی دادگا و ئەندامیەتی جێگرەکانی و دادوەرەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە پێکدێ.
دووەم: ئەنجـومەنەکە کۆبـوونەوەی دەوری ئەنجـام دەدات و سـەرۆکەکەی بـۆی هەیە لە کـاتی پێویسـتدا بـۆ کۆبـوونەوە بانگهێشـتی بکـات و بەبـێ ئامـادە بـوونی بەلانی کەم سـێ لەسـەر چواری ئەندامانی گرێ نادرێت.
سـێیەم: ئەنجـومەن ئەم تایبەتمەنـدییانەی خـوارەوە ئەنجـام دەدات:
١ ـ لە پێداویسـتی دادگاکـان و میلاکیـان لەبەر رۆشـنایی پێویسـتی سـاڵانە دەدوێ و راپـۆرتی سـاڵانە لەبارەیـانەوە بـۆ ئەنجومەنی دادوەری بەرزدەکاتەوە.
٢ ـ لەو گرفـت و کێشـانە دەکـۆڵێتەوە کە رووبەڕووی دادگاکان دەبنەوەو چارەسـەری گونجاویان بۆ دەدۆزێتەوە.
٣-پێشـکەش کردنـی پێشـنیاز سـەبارەت بە دانـانی دادگـا جۆربەجۆرەکان.

٤-چاكردنی شێوازەكانی كاركردن و بەرزكردنەوەی ئاستی كاركردن لە دادگاكاندا.

**ماددەی هەژدەم:**

یەكەم: دەستەڵاتەكانی سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن.

١ـ سەرپەرشتی كردنی كاروباری بەڕێوەبردن و دابەش كردنی كار لە نێو ناوچەكەیدا.

٢ـ سەرۆكایەتی كردنی ئەنجومەنی ناوچەی تێهەڵچوونەوە.

٣ـ سەرۆكایەتی كردنی دادگای تێهەڵچونەوە بەسیفەتی پێداچوونەوەیی و بۆی هەیە سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەش بەسیفەتی ئەسڵی یاخود دادگای تاوانەكان بكات.

٤ـ رەوانە كردنی ئەو تانووتانەی كە پێشكەش بە دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی تێهەڵچوونەوە یاخود پێداچوونەوە دەكرێن بۆ وەرگرتنی رەسمەكانیان.

٥ـ بەرزكردنەوەی راپۆرتی ساڵانە لە بارەی دادوەرو كارمەندان بۆ ئەنجومەنی دادوەریی.

٦ـ واژۆ كردنی نووسراوی فەرمی.

٧ـ مۆڵەتدان بە داوەرانی دادگاو كارمەندانی.

دووەم: دەستەڵاتەكانی جێگری سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە بەم جۆرەن:ـ

١ـ لە ئەستۆگرتنی كاری سەرۆكی دادگای تێهەلچوونەوە لە كاتی ئامادە نەبوونی.

٢ـ سەرۆكایەتی كردنی یەكێك لە دەستەكانی دادگای تێهەڵچوونەوە یاخود دادگای تاوانەكان.

٣-واژۆ كردنی نووسراوی ناردنەوەی دۆسیەی ئەو داوایانەی یەكلاكراونەتەوە بە هاوپێچی بڕیارەكانی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆ دادگای تایبەتمەندی خۆی.

٤ـ چاودێری دەوام كردنی دادوەرو كارمەندان.

٥ـ ئەو دەستەڵاتانەی دیكە كە سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە پێی دەدات.

### لقی سێیەم
### دادگای تاوانەكان

**ماددەی نۆزدەم:**

یەكەم: بەپێی حوكمەكانی یاسا لە سەنتەری هەر پارێزگایەك دادگایەكی تاوانەكان بۆ سەیر كردنی داوای سزایی دیاریكراو دادەمەزرێ.

دووەم: دەشێ لە دادگایەكی تاوان زیاتر لە پارێزگادا بەبڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دابمەزرێ و تایبەتمەندیی نەوعی و شوێن و مەڵبەندی بەستنی تێدا دەستنیشان بكرێ.

سێیەم: دەشێ دادگای تاوانەكان لە دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگا بە بەیاننامەیەكی سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەو لە سەر پێشنیازێكی سەرۆكی دادگای تاوانەكان ببەسترێ.

**ماددەی بیستەم:**

یەكەم: دادگای تاوانەكان لە مەڵبەندی دادگای تێهەڵچوونەوە بە سێ دادوەر و بەسەرۆكایەتی سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە یان یەكێك لە جێگرەكانی و ئەندامیەتی دوو جێگری دیكەی یان یەكێكیان و دادوەرێك یاخود بە ئەندامیەتی دوو دادوەر كە پۆلی هەر یەكێكیان لە پۆلی دووەم كەمتر نەبێ دەبەسترێ.

دووەم: دادگای تاوانەكان لە پارێزگاكانی تر كە دادگای تێهەڵچوونەوەیان تێدانیە بە سەرۆكایەتی جێگری سەرۆك لە مەڵبەندی پارێزگا و ئەندامیەتی دوو دادوەر دەبەسترێ كە پۆلی هەر یەكەیان لە پۆلی دووەم كەمتر نەبێ.

سێیەم: ناونانی سەرۆك و ئەندامە ئەسڵیەكانی دادگای تاوانەكان و یەدەگەكان بەبڕیاری ئەنجومەنی دادوەریی و لە سەرپێشنیازی سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە دەبێ.

### لقی چوارەم
### دادگاكانی بەرایی

**ماددەی بیست ویەكەم:**

لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك یا قەزایەك دادیەگایەكی بەرایی یا زیاتر دادەمەزرێ و دەكرێ لە ناحیەكانیش بە بەیاننامەیەك كە سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەریی دەری دەكا پێك بهێنرێ و بۆی هەیە دەسەڵاتی شوێنی دادگاكە بۆ زیاتر لە قەزا یا ناحیەیەك فراوان بكاتەوە.

**ماددەی بیستءدووەم:**

سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوە دادگایەكی بەرایی بۆ سەیركردنی جۆرێك یا زیاتر لە داواكان دابمەزرێنێ.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

دادگای بەرایی بە دادوەرێك گرێ دەدرێ و بەپێی حوكمەكانی یاسا تایبەتمەندە بە سەیر كردنی ئەو داواو كاروبارانەی دەكەونە چوارچێوەی تایبەتمەندییەكەیەوە.

### لقی پێنجەم
### دادگاكانی نەوجەوانان

**ماددەی بیست وچوارەم:**

یەكەم: دادگای نەوجەوانان لە دەستەیەك بەسەرۆكایەتی دادوەری نەوجەوانان و ئەندامیەتی دوو لە ناوبژیوانی شارەزا لە كێشەی نەوجەوانان گرێ دەدرێ و سەیری تاوانەكان

دەکات و حوکمەکان بەپێی یاسای چاودێری نەوجەوانان دەردەچوێنێ.
دووەم: ناولێنانی سەرۆکی دەستەو ناوبژیوانە ئەسڵی و یەدەگەکان بە بەیاننامەیەك دەبێ کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە سەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە دەری دەکا.
سێیەم: بەپێی حوکمەکانی یاسای چاودێری نەوجەوانان، دادوەری نەوجەوانان بە تەنیا خۆی سەیری سەرپێچی و کەتنەکان دەکات و دادوەرەکانی (کەتن)یش لە قەزاو ناحیەکان سەیری سەرپێچی و کەتنەکان دەکەن.

**لقی شەشەم**
**دادگای باری کەسایەتی**

**ماددەی بیست وپێنجەم:**
دادگایەکی باری کەسایەتی یان زیاتر لە هەر جێگایەك دادەمەزرێ کە دادگای بەرایی لێ بێت.
**ماددەی بیستء شەشەم:**
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە دادگایەکی باری کەسایەتی بۆ سەیر کردنی جۆرێك یان زیاتر لە داواکان دابمەزرێنی.
**ماددەی بیستء حەوتەم:**
یەکەم: دادگای باری کەسایەتی بە یەك دادوەر گرێ دەدرێ و بەپێی حوکمەکانی یاسا تایبەتمەندە بە سەیر کردنی مەسەلەکانی باری کەسایەتی.
دووەم: دادوەری دادگای بەرایی(موسلمان) بە دادوەری دادگای باری کەسایەتی دادەنرێ ئەگەر دادوەری تایبەتی نەبێ.

**لقی حەوتەم**
**دادگاکانی کەتن**

**ماددەی بیستء هەشتەم:**
یەکەم: هەر جێگایەك دادگای بەرایی لێ بێت، دادگایەکی(کەتن) یا زیاتری لێ دادەمەزرێ و بەپێی حوکمەکانی یاسا تایبەتمەند دەبێ بە سەیر کردنی داوای دیاری کراو بۆی.
دووەم: دادگای کەتن بە دادوەرێك گرێ دەدرێ.
سێیەم: دادوەری دادگای بەرایی بە دادوەری دادگای کەتن دادەنرێ ئەگەر دادوەری تایبەتی نەبوو.
**ماددەی بیستء نۆیەم:**
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە دادگایەکی کەتن دابمەزرێنێ بۆ سەیر کردنی جۆرێك یا زیاتر لە داواکان.

**لقی هەشتەم**
**دادگاکانی کار**

**ماددەی سی:**
لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك دادگایەکی کار لە دادوەرێك پێکدێ و تایبەتمەند دەبێ بە سەیر کردنی ئەو داواو کاروبارانەی بەپێی حوکمەکانی یاسا دەکەوتە چوارچێوەی پسپۆرییەکەیەوە.

**لقی نۆیەم**
**دادگاکانی لێکۆڵینەوە**

**ماددەی سیءیەکەم:**
یەکەم: دادگایەکی لێکۆڵینەوە یا زیاتر لە هەر شوێنێك دادەمەزرێ کە دادگای بەرایی لێ بێت و، دادوەری دادگای بەرایی دەبێتە دادوەری لێکۆڵینەوە ئەگەر دادوەری تایبەتی بۆ دانەنرا بێ.
دووەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە لە سەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگایەکی تایبەتی لێکۆڵینەوە بۆ جۆرێك یا خود جۆرە دیاریکراوەکانی تاوان تەرخان بکات.
سێیەم:سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچە بۆی هەیە دەستەیەك بە سەرۆکایەتی یەکێك لە دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە پێك بێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانێك یاخود تاوانە دیاری کراوەکان و دەستەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوەی دەبێت.

**لقی دەیەم**
**دادگای ماددەکانی کەسایەتی**

**ماددەی سیءدووەم:**
یەکەم: لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك دادگایەك بۆ ماددەکانی کەسایەتی بۆ مەسیحیەکان و ئێزدییەکان و ئاینیەکانی تر پێکدەهێنرێ و بە یەك دادوەر دەبەسترێ و تایبەتمەند دەبێ بە سەیر کردنی ماددەکانی کەسایەتی و دەشێ لە مەڵبەندی قەزا و ناحیەکانیش بە بەیاننامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە کاتی پێویستدا دابمەزرێ.
دووەم: دادوەری دادگای بەرایی بەدادوەری لە دادگای ماددەکانی کەسایەتی دادەنرێ ئەگەر دادوەری تایبەتی نەبێ.

**دەروازەی سێیەم**
**خزمەتی دادوەریی**
**بەشی یەکەم**
**ئەنجومەنی دادوەریی**

**ماددەی سیء سێیەم:**
یەکەم:
١ـ ئەنجومەنی دادوەریی بەرزترین دەستەڵاتی دادوەرییە لە هەرێم و بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی

هەرێمی کوردستان ـ عیراق و ئەندامیەتی جێگرەکانی سەرۆك و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادوەریی و سەرۆکی داواکاری گشتی وسەرۆکی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێم یا ئەوەی جێیان دەگرێتەوە دادەمەزرێ.

٢ـ ئەگەر سەرۆك ئامادە نەبوو، کۆنترین جێگری جێی دەگرێتەوەو ئەگەر هەر دووکیشیان ئامادە نەبوون، ئەوا کۆنترین ئەندام لە دادوەرەکانی پێداچوونەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە دەکات.

دووەم: ئەنجومەن بەلانی کەم مانگی جارێك کۆدەبێتەوە و سەرۆکیش بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بۆ کۆبوونەوە داوای بکات و ئەگەر سەرۆك یا ئەوەی کە نوێنەرایەتی دەکات و بەلانی کەم سێ لەسەر چواری ئەندامانی ئامادە نەبوو،نابەسترێ و، بڕیارەکانیش بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە وەردەگیرێ.

سێیەم: ئەنجومەن نووسینگەیەکی دەبێ، فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا هەبێت و بەلایەنی کەم پازدە ساڵ خزمەتی هەبێت و لەسەر پاڵاوتنی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە دادەمەزرێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن و ڕێکخستنی کاری ئەنجومەن و ئامادە کردنی بەرنامەو پوختە کردنی مەسەلە بەرچاوخراوەکان و پێڕاگەیاندنی بڕیارەکانی و کارە کارگێرییەکانی تر دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی سیءچوارەم:**

ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ.

یەکەم: ئامادە کردنی پلان و نەخشە بۆ دەزگای دادوەری و تووێژ لە سەرکردنی و دەربڕینی تێبینیەکانی لە بارەیەوە.

دووەم: سەیر کردنی کاروباری دامەزراندن و بەرزکردنەوە و پایە پێدان و گواستنەوەو گەڕاندنەوەی دادوەرەکان و لێکۆڵینەوە لە ڕەوشت و توانایان و سەرپەرشتی کردنی سەربەخۆیی دادوەری.

سێیەم: ئامادە کردنی بودجەی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق بۆ پەسند کردنی.

چوارەم: لایەنی ڕێکخستنی کارگێڕیی و ڕێکخستنەکانی دادگاکان بە کاروباری خزمەتی کارمەندانی و بەرزەفتکردنیانەوە تەنیا لە تایبەتمەندیی ئەنجومەنی دادوەری دەبێ.

پێنجەم: دیاریکردنی میلاکاتی دادگاکان و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کە ئەو میلاکانە پڕ دەکەنەوەو ئەوانی دیکە لە چوارچێوەی تەرخانکراوەکانی بودجەی ئەنجومەن دەبن.

شەشەم: دانانی پێڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجومەن.

**بەشی دووەم**

**دامەزراندنی دادوەران**

**ماددەی سیءپێنجەم:**

یەکەم: دادوەر بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دادەمەزرێ: ـ

١ـ دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا یاخود هاوتاکەی هەبێ.

٢ـ دەبێ لە دوای دەرچوونی لە کۆلێجی یاسا بەلانی کەم بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە فرمانی لێکۆڵەرەوەی دادی یان یاریدەری دادوەری یاخود دادنووس یان جێبەجێ کاری داد یان بەڕێوەبەری چاودێری ناکامان یاخود لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە یاخود هەمان ماوەی ناوبراو دەستی دابێتە پیشەی پارێزەری یان فەرمانبەری دادی کارکردە لە بەشی یاسادا لە فەرمانگەو دەزگا فەرمیەکان کە بەلایەنی کەمەوە سالانە پێنج داوای دادگاکاندا دەبینێت لە ماوەی دەستە دانەکاریش لەو فەرمانە ناوبراوانە پێنج ساڵە ئەگەر بڕوانامەی ماجستێری لە یاسا بەدەست هێنابێ و سێ ساڵە ئەگەر بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا بە دەست هێنابێ چ جا ئەوەی دەستەدانە کارەکەی پێش وەدەست هێنانی ئەو دوو بڕوانامەیەبێ یاخود لە دوایاندا بێت.

٣ـ تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێ.

٤ـ دەبێ عیراقی بێت.

٥ـ زمانی کوردی و عەرەبی بەخوێندنەوەو نووسینەوە بەباشی بزانێ.

٦ـ لە تاقیکردنەوەی بە زارەکی و بەنووسین لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەریی دەربچێت.

٧ـ پێویستە هیچ ناتەواوییەکی جەستەیی نەبێت، کە ڕێگە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بگرێ.

٨ـ دەبێ ناوبانگ و ڕەوشتی باش بێت.

٩ـ دەبێ بەڵێن بدات دوای دامەزراندنی کاری حزبی نەکات.

١٠-نابێ بە تاوانێکی دەستە ئەنقەستی نا سیاسی یا کەتنێکی ئابڕووبەر حوکمدرابێ.

دووەم: ماوەی کارکردن لە پارێزەری و ئەو فرمانانەی کە لە برگە(یەکەم/٢)دا ناویان هاتووە بۆ مەبەستی بەرز کردنەوەو سەرموچەو پایەپێدان حیسێب دەکرێ.

**ماددەی سیءشەشەم:**

یەکەم: دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمی بە دامەزراندنی، ئەنجومەنی دادوەری ئەو دادگایە دیاری دەکات کە دادوەر تێیدا دەست بەکار دەبێت.

دووەم: دادوەر دەست ناداتە کارەکەی تاکو لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی ئەم سوێندەی خوارەوە نەخوات:

(سوێند دەخۆم بە خودا کە دادپەروەرانە لەنێوان خەڵکدا دادوەری بکەم و یاساکان بە ئەمانەت و دەست پاکی و بێ لایەنی پیادە بکەم)و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریش هەمان سوێند لەبەردەم سەرۆکی هەرێم دەخوات.

سێیەم: سەرۆك و ئەندامانی دادگاکانی پێداچوونەوە سوێند لەبەردەم سەرۆکی هەرێم دەخۆن.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

یەکەم: سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لەنێوان جێگرانی سەرۆك یاخود کۆنترین دادوەرانی دادەمەزرێ ئەگەر ماوەی خزمەتی دادوەری لە بیست وپێنج ساڵ کەمتر نەبێ.

دووەم: جێگری سەرۆك لەنێو دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەو لە نێوان دادوەرەکانی پۆلی یەکەم دا دادەمەزرێ ئەگەر ماوەی کارکردنی لە خزمەتگوزاری دادوەری لە بیست ودوو ساڵ کەمتر نەبێ.

سێیەم: دادوەر لە دادگای پێداچوونەوە لە نێوان دادوەرانی پۆلی یەکەم دادەمەزرێ ئەگەر ماوەی کارکردنی لە خزمەتی دادوەری لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ و ماوەیەك لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ لە یەکێك لەم پایە دادوەریانەی خوارەوە کاری کردبێ:

١-سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

٢-جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

٣-دادوەری دادگای تێهەڵچوونەوە.

٤-سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری.

٥-ئەو پارێزەرەی ماوەیەك کاری لە پارێزەری کردبێ کە لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێ.

چوارەم: سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەو جێگرەکانی و دادوەری دادگای پێداچوونەوە بە مەرسوومێکی هەرێمی ولەسەر پاڵاوتنی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە دادەمەزرێن.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بە پلەی وەزیر دەبێ و مووچەو دەرماڵەی وەزیر وەردەگرێ.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

مووچەو دەرماڵەی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەو دادوەرەکانی دیکە بە یاسا دەستنیشان دەکرێن.

## بەشی سێیەم
## بەرزکردنەوەی دادوەران و بڵندکردنی پایەیان

**ماددەی چلەم:**

یەکەم: پلەکانی دادوەران چوار پلەن(أ، ب، ج، د)لە پلەی (د) ـەوە دەست پێدەکەن.

دووەم: بەرزکردنەوەی دادوەر لە پلەیەك بۆ پلەیەکی بەرزتر بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەبێ، ئەمەش دوای بەسەربردنی ماوەی یاسایی کە پێنج ساڵە.

سێیەم: ئەنجومەنی دادوەریی لە کاتی سەیرکردنی بەرزکردنەوەی دادوەر، راپۆرتی سەرۆکی ناوچەکانی تێهەڵچوونەوە، وسەرپەرشتانی دادوەری رەچاو دەکرێن لەبارەی ئەوەی پەیوەندیی بە توانایی و باش بەڕێوەبردنی کارەکانی و ئەوەی پەیوەندی بەرەوشتیەوە هەیە.

چوارەم: ئەنجومەنی دادوەری بڕیاری بەرزکردنەوەی دادوەر دەدات ئەگەر ساغ بووەوە شیاوی بەرزکردنەوەکەیە.

پێنجەم: ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە بە بڕیارێکی هۆدار بەرزکردنەوەی دادوەر بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێکیش پتر نەبێ وبۆ زیاتر لە جارێکیش دوابخات، ئەگەر بینی شیاوی ئەو بەرزکردنەوەیە نیە.

شەشەم: ماوەی بەرزکردنەوە لە پلەیەك بۆ پلەیەکی بەرزتر بە پێنج ساڵ دەستنیشان دەکرێت.

**ماددەی چل ویەکەم:**

یەکەم: پۆلەکانی دادوەران چوار پۆلن(یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم)و لە پۆلی چوارەمەوە دەست پێدەکەن.

دووەم: دادوەر لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری و لەسەر داوایەك بەرز دەکرێتەوە کە پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری دەکرێ بە مەرجێك تۆژینەوەیەکی یاسایی پێشکەش بکات و مووچەی رادەی نزمی ئەو پولەی وەرگرتبی کە بۆی بەرزدەکرێتەوەو پێنج ساڵی لە پۆلەکەی بەسەر بردبێ.

سێیەم: ئەنجومەنی دادوەری لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بەرزکردنەوەکە دەبێ رای دادگای پێداچوونەوەو سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری لەبارەی توانای دادوەرو شیاوی بۆ بەرزکردنەوەکە وەرگرێ .

چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی داواکارییەکەو شیاوی ئەو دادوەرە بە بەرزکردنەوە بە نووسراوێك وەك لە بەندی(٣)سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووەو لەگەڵ رای خۆی بۆ ئەنجومەنی دادوەریی بەرزدەکاتەوە.

پێنجەم: ئەنجومەنی دادوەریی لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ لێهاتوویی دادوەر بۆ بەرزکردنەوەی پشت بەو نووسراوانە دەبەستێ کە لە هەردوو بەندی (٣ و ٤)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، لەگەڵ راپۆرتەکانی ساڵانە کە لەلایەن سەرۆکانی سەرپەرشتیارانی دادوەریی یەوە بەرزکراونەتەوەو ئەو حوکمانەی کە دادوەر بە ماندووبوونێکی لە رادە بەدەر دەریکردوون یاخود لە ناوەڕۆکیاندا بیروڕای یاسایی وایان تێدایە ئەوە نیشاندەدات کە بەدوای چاڵاکی فقهی و دادوەریدا چووە. سەرەرای راپۆرتی ئەو لێژنەیەی کە وتووێژی لەسەر تۆژینەوە یاساییەکەی کردووە کە پێشکەشی کردبوو، لەگەڵ ئەو پلەیەی کە وەری گرتووەو ئەگەر دەرکەوت لێهاتووە بۆ ئەو بەرزکردنەوەیە، بڕیاری بنبڕیی بەرزکردنەوەکەی دەردەکەن وپێی رادەگەیەنرێ و ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە بەرزکردنەوەکە بە بڕیارێکی هۆدار بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لەساڵێك پتر نەبێت دوا بخات بۆ زیاتر لە جارێك کە بینرا شیاوی ئەوە نییە.

## بەشی چوارەم
## پایە دادوەرییەکان

**ماددەی چل ودووەم:**

یەکەم: سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دادوەرەکانی پۆلی یەکەم لە نێوان جێگرەکانی سەرۆکی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەریی دادەمەزرێت.
دووەم: جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو دادوەرانی لەنێو دادوەرانی پۆلی یەکەم یا دووەم بەپێی پاڵاوتنیان لەلایەن سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بە بڕیارێك لە ئەنجومەنی دادوەری هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی چل وسێیەم:**

قیدەمی دادوەران بەپێی پۆل و پایەکەیان و مێژووی دامەزراندنیان دەبێ ولەکاتی یەکسان بوون ئەوا قیدەمەکە بەپێی ئەوە دەبێ کە ئەنجومەنی دادوەری بڕیاری لەسەر دەدات.

## بەشی پێنجەم
## مۆڵەت ومافی خانەنشینی

**ماددەی چل وچوارەم:**

یەکەم: دادوەر مافی مۆڵەتی ئاسایی بە مووچەی تەواو هەیە لەماوەی خزمەتکردنی لەهەر هەشت رۆژدا مافی رۆژێکی هەیە.
دووەم: پێویستە دادوەر ساڵانە لە سی رۆژ کەمتر لە مۆڵەتی موستەحەقی خۆی وەرنەگرێت ولەکاتێك کە وەری نەگرت، بۆی کۆناکرێتەوە تەنیا ئەو بەشە نەبێت کە لە سی رۆژ زیاترە.
سێیەم: دەشێ ئەو مۆڵەتە ئاساییانەی کە بەپێی بەندی دووەم لەم ماددەیەدا بۆی ماوەتەوە بۆی کۆبکرێتەوە بە مەرجێك لە ساڵێك پتر نەبێت.
چوارەم: مۆڵەتە ئاساییەکانی کە لە خزمەتەکانی پێشووی دەیکەوت بۆ دادوەر دەگەڕێتەوە.

**ماددەی چل وپێنجەم:**

یەکەم: ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە مۆڵەتی خوێندن لە دەرەوەی هەرێم یا لەناوەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بە مووچەی تەواو بەدادوەر بدات بۆ وەرگرتنی پسپۆڕیی لە بابەتێك کە پەیوەندیی بە پسپۆڕییەکانی دادوەریی و دادەوە هەبێت و بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستێر یاخو دوکتۆرا وبۆی هەیە ئەم مۆڵەتە بۆ ماوەی ساڵێکی دی درێژبکاتەوە.
دووەم: دەشێ بۆماوەی دوو ساڵ مۆڵەتی خوێندنی دووەم بدرێت بەوەی مۆڵەتی یەکەمی خوێندنەکەی تەواوکردووەو بڕوانامەی ماجستێری وەرگرتووە بۆ مەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی دوکتۆرا لە هەمان بابەتی ناوبراو کە لە بەندی (یەکەم)لەم ماددەیەدا ناوی هاتووە. ئەمەش دوای بەسەر چوونی ساڵێك لە دەست بەکاربوونی لە فرمانەکەی دەبێ و ئەنجومەنی دادوەریش بۆی هەیە ئەم مۆڵەتە بۆ ساڵێکی تر درێژبکاتەوە.
سێیەم: مۆڵەتی خوێندن بە خزمەتی دادوەریی دادەنرێ و قیدەمی بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەو تەرقیەکردن وسەرمووچە بەو کەسە دەدرێ کە بڕوانامەی دوکتۆرا وەردەگرێ و ساڵێکیش بۆ ئەوانەی بڕوانامەی ماجستێر بە دەست دێنن.

**ماددەی چل وشەشەم:**

یەکەم: دادوەر دوای تەواوکردنی تەمەنی شەست و پێنج ساڵی خانەنشین دەکرێ و ئەوەی خانەنشین دەکرێ مافی ئەوەی هەیە، هەموو ئەو مووچەو دەرماڵانە وەربگرێ کە بەر لە خانەنشین بوونی وەریدەگرتن.
دووەم: لە کاتی کۆچی دوایی دادوەر لەکاتی خزمەتدا، مووچەی خانەنشینی بەقەد ئەو مووچەو دەرماڵانەی دەبێ کە وەری دەگرت.
سێیەم: دەشێ دادوەر بەر لەتەواوکردنی ئەو تەمەنەی کە لە بەندی یەکەم لەم ماددەیەدا دەستنیشان کراوە یان لەسەر داوای خۆی بەپێی حوکمەکانی یاسای مەدەنی یاخود لەبەر

هـۆی تەندروسـتی خانەنشـین بکـرێ، و حوکمەکـانی بەنـدی (دووەم)ی سەرەوەی لەسەر پیادە دەکرێ.
چـوارەم: دادوەری خانەنشـین کـراو مـووچەی مـۆڵەتە ئاساییەکان بە تەواوی وەردەگرێ لەسەر بنەمای کۆی ئەوەی مانگـانەیەی وەری دەگـرت بەر لە خانەنشـین کردنـی، بە مەرجێك لە ساڵێك پتر نەبێت.

**ماددەی چل وحەوتەم:**
دادوەر بـۆی هەیە هەر کاتێـك ویسـتی دەسـت لەکـار بکێشـێتەوەو لەو بارەشـدا مـافی وەرگرتنـی مـووچەی خانەنشـین بـوون وڕێزلێنـانی بەپێـی یاسـای خـزمەت و خانەنشینی مەدەنی هەیەو مافی ئەو مۆڵەتانەشە لە دەست نادات هەیە کە هەقیەتی.

**ماددەی چل وهەشتەم:**
داوا لەو مافانە بەرزدەکرێتەوە کە لەم یاسایەدا دەرکەوتووە بۆ لیژنەی کاروبـاری دادوەری و بڕیارەکانیشی لەم داوایانەدا قـابیلی تـانە لێـدانن لەبەردەم دەسـتەی فـراوان لە دادگـای پێـداچوونەوە لەلایەن سـەرۆکی دادگـای تێهەڵچـوونەوە ولەلایەن ئەو دادوەرەی کە بڕیـارەکەی لە دژی دەرکـردووە لەماوەی(٣٠) سی ڕۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی و بڕیارەکەشی لەو بارەیەوە بنبڕە.

**ماددەی چل ونۆیەم:**
حوکمەکانی یاسای خزمەتی مەدەنـی و یاسای خانەنشـینی مەدەنی لەو کاروبارانەی کە دەقی یاسایی لەم یاسایەدا پـێ نەهـاتووە لەسـەری پیـادە دەکـرێ بە جۆرێـك نـابێ لەگەڵ حوکمەکانی ناکۆك بێت.

**بەشی شەشەم**
**گواستنەوەو ئینتیداب**

**ماددەی پەنجایەم:**
یەکەم:
١-نـابێ دادوەر بـۆ فرمـانێکی نـادادوەری بگـوێزرێتەوە تەنیـا مەگەر بە ڕەزامەندیی وبە نووسینی خۆی بێت.
٢-دەشـێ دادوەران لە پـۆلی یەکەم و دووەم بە دادوەرانـی دادگای پێداچوونەشەوەو بە ڕەزامەندیی نووسراوی خۆیان و بە بڕیاری ئەنجـومەنی دادوەری ئینتیـداب بکرێن بـۆ فرمـانی ڕاوێژکاری یاسایی لە سەرۆکایەتی هەرێم یاخود ئەنجـومەنی وەزیران یان سەرۆکایەتی یەکێك لە دەزگاکانی وەزارەتـی داد یـان بـۆ مەبەسـتی دەرس گـوتنەوە.لە زانکۆکـان یـان دەسـتە نێودەوڵەتیەکـان بە مەرجێـك سـیفەتە دادوەریـیەکەی تێـدا بمینێت.
دووەم: مـاوەی ئینتیـداب کـردن کە لە بەنـدی (یەکەم)ی ئەم مـاددەیەدا هـاتووە نـابێ لە سـێ سـالأ پ تر بێـت و قـابیلی درێژکردنەوەیە بۆ ساڵێکی دی.
سـێیەم: لەبەر بەرژەوەنـدی گشـتی وبە فەرمـانی سـەرۆکی دادگـای تێهەڵچـوونەوە دەشـێ دادوەر ئینتیـداب بکـرێ بـۆ کـارکردن لە دادگـایەکی تـر ئەو ئینتیـدابەش لە نـاوچەیەکی تێهەڵچـوونەوە بـۆ نـاوچەیەکی تـر بە بڕیـاری ئەنجـومەنی دادوەری دەبێت بە مەرجێك ماوەی ئینتیدابەکە لە ساڵێك پ تر نەبێ.

**ماددەی پەنجاو یەکەم:**
گواسـتنەوەی دادوەران لەمـاوەی مـانگی تەمـووز لە هەمـوو سـاڵێك دەبێـت و دەشـێ لە کـاتی پێویسـتی بەرژەوەنـدیی گشـــتی ئەو گواســـتنەوەیە لەو مـــانگەدا نەبێـــت وگواسـتنەوەکەش بە بڕیـاری ئەنجـومەنی دادوەری ولەسـەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە دەبێت.

**بەشی حەوتەم**
**ئەرکی دادوەران**

**ماددەی پەنجاو دووەم:**
یەکەم: دادوەر پابەندی ئەمانەی خوارەوەیە:
١-پاراسـتنی شکۆمەندیی دادوەری ئەمەش بە پاراسـتنی بـێ لایەنی ودەست پاکی و دوورکەوتنە لە هەموو ئەوانەی گومان بخەنە ڕاستیەکەی.
٢-پاراستنی نهێنی ئەو کاروبارو زانیاریی وبەڵگەنامانەی کە بە حوکمی کارەکەی دەستی دەکەوێ و پەیوەستە بە دەزگاکانی هەرێم و کەسایەتییەکان و، ئەو ئەرکەش تا دوای تەواوبوونی خزمەتەکەشی هەر دەمێنێ.
٣-نابێ کاری بازرگانی یان هەر کارێکی دیکە بکـات کە لەگەڵ کاری دادوەری نەگونجاو بێت.
٤-دەبێ ڕۆبـی تـایبەتی لە کـاتی دادگـایی کردنـدا لەبەر بکـات، ئەمەش بەپێـی ئەو ڕێنماییـانەیە کە ئەنجـومەنی دادوەری دەریان دەکات.
٥-مـانەوە لە مەڵبەنـدی ئەو یەکە کـارگێڕییەی کە بارەگـای کارەکەیی لێیە، مەگەر تەنها سـەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری ڕێگـای پـێ بـدات لە شـوێنێکی دیـکەدا نیشـتەجێ بێـت لەو بارودۆخەی کە خۆی هەڵیدەسەنگێنێ.
دووەم: کـارکردنی دادوەر لە ئیشـی حزبـی قەدەغەیەو نـابێ خـۆی بـۆ هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی نیشـتمانی یـان

دەستەکانی خۆجێیەتی یان ڕێکخراوی سیاسی بیالێوێ مەگەر لەدوای دەست لەکار کێشانەوەی بێت.

**ماددەی پەنجاو سێیەم:**

نابێ دادوەران بەشداریی لە دەستەیەکی دادوەری دا بکەن کە پەیوەندیی زاوایەتی وخزمایەتی تا دەگاتە پلەی چوارەمیان لە ناودا هەبێت و ناشبی دادوەر سەیری تانەگرتن لە حوکمێك بکات کە دادوەرێکی دی دەری چواندووەو پەیوەندیی باسکراوی لەگەڵدا هەیە.

**بەشی هەشتەم**

**سەرپەرشتی کردنی کاری دادوەران وکاروباری بەرزەفتکردن**

**لقی یەکەم**

**سەرپەرشتی دادوەران**

**ماددەی پەنجاو چوارەم:**

یەکەم:

١- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی مافی سەرپەرشتی و چاودێری کردنی هەموو دادگاو دادوەران و ئەوانەی دەستەڵاتی دادوەرییان پێدراوە لە فەرمانبەران ودەستەو لیژنەکانی هەیە.

٢- سەرپەرشتی و چاودێری کردن بەهۆی سەرپەرشتیاری دادوەری یان بەهۆی دادوەری ئینتیداب کراو بۆ ئەم مەبەستە دەبێ.

٣- سەرپەرشتی کردنی کارەکانی دادگای پێداچوونەوەو دادوەرانی لەلایەن سەرۆکەوە ئەنجام دەدرێ بە مەرجێك راپۆرتێکی ساڵانە لە بارەی کارەکانی دادگا پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری بکات.

دووەم:

١-سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە مافی سەرپەرشتی کردن وپشکنینی هەموو دادگاو دادوەرانی لە ناوچەکەی خۆی هەیە، هەروەها بۆی هەیە ئامۆژکارییە پێویستیەکان وهوشیارکردنەوە لەبارەی هەر شتێکی بە پێچەوانەی ئەرکی فرمانبەری و باش بەرێوەچوونی کارە کارگێریی و ژمێریارییەکان پێشکەش بکات ودەبێ راپۆرتی ساڵانە لەبارەی دادوەرەکانەوە لە ناوچەکەی خۆی بەرزکاتەوە وهەموو تێبینیەکانی لەبارەی رەوشتیان وشیاوییان وکاروباری کارگێرییان لە دادگاکانیاندا بگرێتەخۆ.

٢-سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆی هەیە یەکێك لە جێگرەکانی بۆ پشکنینی هەر دادگایەك لە ناوچەکەیدا هەبێ ئینتیداب بکات.

**ماددەی پەنجاو پێنجەم:**

پێویستە دەستەکانی پێداچوونەوەو دەستەکانی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەو دادگاکانی تاوان راپۆرتی وەرزی رێك بخەن و تێیدا ئەو حوکم و بڕیارانە دەربخەن کە دادوەران هەڵەی گەورەیان تێدا کردووە لە ئەنجامی نەزانینی پرەنسیپە سەرەتاییەکانی یاسا یان گوێ نەدان بەو رووداوانەی کە لە کاتی وردبینی کردنی ئەحکام و بڕیارەکانی دەردەکەون و، دەبێ وێنەیەکیان بۆ ئەنجومەنی دادوەری بنێرێ بۆ پاراستنی لە دۆسیەی کەسیەتی ئەو دادوەرەدا، بۆ ئەوەی لەکاتی بەرزکردنەوەو پلەبەرز کردنەوەدا لەبەر چاو بگیرێت.

**ماددەی پەنجاو شەشەم:**

یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە دادوەر لەو هەڵە یاسایی و کارگێڕییانەی ئاگادار بکاتەوە کە لە ئەنجامی پشکنینی کارەکەی دەردەکەون. هەروەها هەر شتێك کە رووەدەدات، پێچەوانەی ئەرك و پێداویستی فرمانەکەی بێت.

دووەم: بۆ سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەو سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە هەیە دادوەر لەو هەڵە یاساییانەی ئاگادار بکەنەوە کە لەکاتی وردبینی کردنی پێداچوونەوەکاندا دەردەکەون.

سێیەم: سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بۆی هەیە دادوەر لە ناوچەکەی لەو سەرپێچیانەی ئاگادار بکاتەوە کە لە ئەرکەکانی فرمانەکەی روو دەدەن.

چوارەم: ئاگادار کردنەوە بە نووسراوێك دەبێ کە ئاراستەی دادوەر دەکرێ ودانەیەکیش لەو نووسراوە بە ئەنجومەنی دادوەریی رادەگەیەنرێ و دانەیەکی دیکەیشی لە دۆسیەی کەسیەتی دەپارێزرێ.

**لقی دووەم**

**کاروبارە بەرزەفتیەکان**

**ماددەی پەنجاو حەوتەم:**

یەکەم: لیژنەیەك لە سێ ئەندام بەناوی لیژنەی کاروباری دادوەران پێك دێ کە ئەنجومەنی دادوەری لەناو ئەندامانی خۆی لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا بۆ سەیرکردنی کاروباری بەرزەفتی هەڵیان دەبژێرێ.

دووەم: لیژنەی کاروباری دادوەران لە داوای بەرزەفتی کە لەسەر دادوەر تۆمار دەکرێ یەکێك لەم سزا بەرزەفتییانەی خوارەوە بەسەر دادوەردا دەسەپێنێ.

١-هۆشداریی (ئینزار)، ئەمەش دواکەوتنی سەر مووچەو بەرزکردنەوەی بۆ ماوەی شەش مانگی لێدەکەوێتەوە.

٢-دواخستنی بەرزکردنەوە یان سەرمووچەکەی یان هەردووکیان بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر نەبێ و لە سێ

ساڵیش زیاتر نەبێ لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە، ئەگەر ماوەی یاسایی بەرزکردنەوەکەی تەواو بوو، دەنا لە مێژووی تەواوکردنیەوە دەبێ.
٣-کۆتایی هێنان بە خزمەت و ئەم سزایەش بەسەر دادوەردا دەسەپێنرێ ئەگەر حوکمێکی بنەبڕی بە سزایەك لە دادگایەکی تایبەت لە بارەیەوە دەرچووبوو لەسەر کردەوەیەك کە لەگەڵ شەرەفی فرمانە دادوەرییەکەیدا نەگونجێ یاخود ئەگەر دەرکەوت لە دادگاییکردنێکدا کە لیژنە ئەنجامی دەدات دادوەرەکە شیاوی بەردەوام بوونی لە خزمەتی دادوەریدا نیە.

**ماددەی پەنجاو هەشتەم:**
یەکەم: کۆتایی هێنان بە راژەی دادوەر بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دەبێ .
دووەم: بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەر کەسێك کۆتایی بە راژەکەی هات بۆ دادوەری ناگەڕێتەوە.

**ماددەی پەنجاو نۆیەم:**
یەکەم: داوای بەرزەفتی لەسەر دادوەر بەپێی بڕیاری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە تۆمار دەکرێ و بۆ لیژنەی کاروباری دادوەران دەنێردرێت وە دەبێ بڕیارەکە ئەو رووداوەی تێدا بەیان بکرێ کە دراوەتە پاڵی لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنن و بڕیارەکەش بە دادوەرو داواکاری گشتی رادەگەیەندرێ.
دووەم:
١-لیژنەی کاروباری دادوەران وادەیەك دیاری دەکات بۆ تەماشاکردنی ئەو داوایەو دەبێ ئەوکاتە بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکی داواکاری گشتی و دادوەرەکە رادەگەیەندرێت.
٢-دادگایی کردن نهێنی یە و بڕیارەکەشی بە ئاشکرا تێدەگەیەندرێ.
٣-دادگایی کردنەکە بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکی داواکاری گشتی یان هەر داواکارێکی گشتی کە تەنسیبی دەکا و پێویستە دادوەر خۆی ئامادەبێ وبۆشی هەیە پارێزەرێك لەگەڵ خۆیدا ئامادە بکات.
٤- لیژنە بۆی هەیە چەندی بەباشی دەزانێ لێکۆڵینەوە بکات.
٥-لیژنە دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوەو گوێ گرتن لە وتەکانی نوێنەری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو داواکاری گشتی و بەرگریی دادوەر داواکە یەکلادەکاتەوەو بڕیارەکەی بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکی داواکاری گشتی و دادوەر رادەگەنێ.
٦-لیژنە لە رێکارەکانیدا ئەو بنەمایانە پەیڕەو دەکات کە لە یاسای بنچینەکانی دادگایی کردنەکانی سزاداندا هاتوون.

**ماددەی شەستەم:**
یەکەم: ئەگەر لیژنەی کاروباری دادوەریی لەکاتی سەیرکردنی داوایەکەدا بۆی دەرکەوت ئەو کارەی خراوەتە پاڵ دادوەرەکە تاوانە یان کەتنە، بڕیاری ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەند دەدات وهەموو ئەوراقەکانی بۆ رەوانە دەکات دوای ئەوەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی دەستی دادوەرەکە لە کارەکەی دەکێشێتەوە، هەروەکو لە یاسای بەرزەفتکاریی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا یا هەر یاسایەکی تر کە جێگای دەگرێتەوە بڕیاری لەسەر دراوە.
دووەم: ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری بەبێ تاوانی دادوەرەکە، یان بە بەردانی دا یان هەر بڕیارێکی دی کۆتایی بە داوا سزاییەکە هێنا، پێویستە لیژنە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە تەماشاکردنی داوا بەرزفتکارییەکە بەردەوام بێت.
سێیەم: ئەگەر دادگا بڕیاری تاوانبارکردنی دادوەرەکەی دەرکرد، پێویستە لیژنە سزایەکی بەرزەفتیی گونجاو لەگەڵ ئەو کارەی دراوەتە پاڵی بسەپێنێ ئەمەش بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥٧)ی ئەم یاسایە دەبێ.

**ماددەی شەست و یەکەم:**
سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکی داواکاری گشتی و دادوەرەکە بەپێی حوکمی ئەم یاسایە مافی ئەوەیان هەیە لەبەردەم دەستی گشتی دادگای پێداچوونەوە تانە لە بڕیاری لیژنەی دادوەران لە کاروبارە بەرزەفتکارییەکان بدەن، لە ماوەی سی رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندنەکەوەو دەستەی گشتیش بۆی هەیە ئەگەر پێویستی کرد نوێنەری سەرۆکی دادگای تێهەلچوونەوەو نوێنەری سەرۆکی داواکاری گشتی و دادوەرەکە بانگ بکات تا گوێ لە وتەکانیان بگرێت وپاشان بڕیارەکەی بە پەسند کردنی بڕیاری لیژنە یاخود هەڵوەشاندنەوەی یا هەموارکردنی دەردەکات و، بڕیارەکەشی لەمبارەیەوە بنبڕە.

**دەروازەی چوارەم**

**حوکمە جیاجیاکان**

**ماددەی شەست و دووەم:**
بودجەی ئەنجومەنی دادوەری لە مانە دابین دەکرێ:
یەکەم: رەسم و غەرامەی دادوەری کە لەلایەن دادگاکانەوە وەردەگیرێن.
دووەم: ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم ساڵانە بۆ بودجەی ئەنجومەنی دادوەری تەرخانی دەکات.

**ماددەی شەست و سێیەم:**
یەکەم: ئەگەر سەرۆکی دادگا یان سەرۆکی دەستە ئامادە نەبوو یاخود پایەکەی چۆڵ بوو یاخود تەگەرەیە هاتەپێش و رێی لە دەست بەکاربوونی گرت، ئەوا کۆنترین لە جێگرانی یان ئەندامان کارەکەی ئەو دەکەن.
دووەم: ئەگەر پ ـتر لە دادوەرێــك لە دادگایەکــدا هەبــوون، کۆنترینیان دەبێتە بەرپرسی کارگێڕیی و کارەکان لە نێوانیاندا دابەش دەکرێ.

**ماددەی شەست وچوارەم:**
نـابێ راوە دووی دادەر بنبـڕی یـان لەسـەر تاوانێـك دەسـتگیر بکرێ پێش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی، تەنیا لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوانێکی دەست ئەنقەست نەبێت.

**ماددەی شەست وپێنجەم:**
کاتەکانی دەوام لە دادگاکان بە بڕیاری ئەنجـومەنی دادوەری دیاری دەکرێت.

**ماددەی شەست وشەشەم:**
دەســـتەیەك بەنـــاوی دەســـتەی سەرپەرشـــتی دادوەری دادەمەزرێ وبە ئەنجـومەنی دادوەریـیەوە دەلکـێ وئەرك و تایبەتمەندییەکانی بە یاسا رێك دەخرێن.

**ماددەی شەست و حەوتەم:**
بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەیە رێنمایی بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی شەست وهەشتەم:**
یاســـای دەســـتەڵاتی دادوەری ژمـــارە(١٤)ی ســـاڵی ١٩٩٢و هەموارکروەکانی هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی شەست ونۆیەم:**
پێویسـتە ئەنجـومەنی وەزیـران ولایەنە پەیوەندیـدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەفتایەم:**
کـار بە هـیچ دەقێکـی یاسـایی یـا بڕیارێـك نـاکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەفتاویەکەم:**
ئەم یاسـایە لە رۆژی دەرچـوونیەوە جێبەجـێ دەکـرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

**هۆیە پێویستییەکانی**
**دەرچوواندی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی مـاوەیەکی تـاڕادەیەك زۆر بەسـەر دەرچـوونی یاسای دەستەڵاتی دادوەری (هەرێمی کوردستان – عیراق)ی ژمـارە(١٤) سـاڵی ١٩٩٢ تێپەڕیـوە کە دەرچوواندنەکەی لە سـەرەتای دامەزراندنی دەزگـا دیموکراتیەکـانی هەرێمـی کوردسـتان بـووەو سـەبارەت بەو پەرەسـەندنە پـۆزەتیڤە گەورانەی لەو مـاوەیەدا هەمـوو بوارەکـان خۆیـانەوە بینیـوە بەتـایبەتی لەلایەنی دادوەری و فراوانبـوونی دادگاکـان لە کوردسـتان لەرووی چەنـدایەتی و چۆنـایەتیەوە، ئەمە وای خواسـت نـاوچەی تـازەی تێهەڵچـوونە دابنـرێن و لە پێنـاوی سـەربەخۆیی دان بە دەسـتەڵاتی دادوەری و جیـاکردنەوەی لە وەزارەتی داد بەو ناوەی ئەمەی دوایی بەشێکە لە دەسـتەڵاتی جێبەجـێ کـردن و لە پێنـاوی هینـانەدی پرەنسـیپی لێـك جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

-----------------------------------------------
تێبینی: ئەم یاسەیە بەبڕیاری ژمارە (٣٠) لەساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.

# مێژووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان

## مێژووی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان

لەئەنجامی ئەو هەلومەرجە سیاسیە نوێیەی کەبەهۆی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت، لەپاش ١٩٩٠/٨/٢ لەعیراق و ناوچەکە هاتە ئارا، بۆ یەکەمجار لەمێژووی خەباتی گەلی کوردستان لەعیراقدا، بەرەی کوردستانی بەپشتیوانی و بەشداری جەماوەری کوردستان توانیان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عیراق، بەشاری کەرکوکیشەوە ئازاد بکەن.

بەڵام دواتر، رژێمی سەدام بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێرو دهۆکی داگیرکردەوە، بۆدەربازبوون لەشاڵاوی کوشتنی درندانەی رژێمی سەدام، گەلی کوردستان بەکورد و تورکمان و مەسیحیەوە، لەکۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنووریەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد. هاوکات هێزی پێشمەرگە لەناوچە شاخاویەکان، لەهەردوو ناوچەی کۆرێ لە هەولێرو چیای ئەزمڕ لەسلێمانی، سەنگەری بەرگریان قایم کردو ئازایانە هێزی پەلاماردەری سوپای عیراقیان تێکشکاند. دواتر لەسەر پێشنیازی فەرەنساو بەپشتیوانی ئەمریکاو بەریتانیا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بڕیاری٦٨٨ ی دەرکرد، بەهۆیەوە ناوچەی (پەناگەی ئارام) بۆ خەڵکە ئاوارەبووەکەی ناوچە سنووریەکان، لەدژی فڕینی فڕۆکەکانی سوپای عێراقی لەسەرووی هێڵی پانی ٣٦ پلە، بۆ پاراستنی گەلی کوردستان دیاریکرا.

دوای شکستهێنانی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی سەدام، لە ١٩٩١/١٠/٢٦ حکومەتی عیراق دەستی کرد بەکێشانەوەی دامودەزگا ئیداریەکان لەناوچەکانی کوردستان، ئەمەش بۆشاییەکی یاسایی و ئیداریی دروستکرد، بەرەی کوردستانی، کە لەحەوت حزب پێکهاتبوو، وەکو دەسەڵاتی دیفاکتۆی ناوچەکە، لەئاستی رووبەرووبوونەوەی ئەو تەنگەژە سیاسی و ئیداری و یاساییەدا بوو کە رژێم لەکوردستان دروستی کرد، ئەوەبوو لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بەرەی کوردستانی بیری لەدامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە، لەرێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازادو دیموکراتیەوە.

بۆئەمەش سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٢، لیژنەیەکی تایبەتی لە (١٥) کەس لە حاکم و پارێزەرو مافپەروەران و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی پێکهێناو لەم بەرێزانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١. رەشید عەبدولقادر، سەرۆکی پێشووی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستان.
٢. مەعروف رەئووف، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستان دواتر بوو بە یەکەم وەزیری داد لە هەرێمی کوردستان.
٣. حاکم نازم حەوێزی، جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستان.
٤. حاکم ئەمیر حەوێزی، ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر، جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستان، دواتر بووە سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان.
٥. شەمسەدین موفتی پارێزەر
٦. مەحمود بابان، پارێزەر
٧. د. سەعدی بەرزنجی، راگری کۆلیژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین.
٨. د.خورشید شەوکەت رواندزی، یاریدەدەری راگری کۆلیژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین.
٩. مستەفا عەسکەری، پارێزەر.
١٠. فەرسەت ئەحمەد، پارێزەر دواتر بوو بە سکرتێری پەرلەمان.
١١. د. قەیس دیوالی، پارێزەر، دواتر بووە ئەندامی خوولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.
١٢. حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی، پارێزەر، دواتر بووە ئەندامی خوولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.
١٣. بەختیار حەیدەری، پارێزەر دواتر بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.
١٤. قادر جەباری، نوێنەری بەرەی کوردستانی، دواتر بووە وەزیری داد لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم.
١٥. فەرەنسۆ هەریری، نوێنەری بەرەی کوردستانی، دواتر بووە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم لیژنە تایبەتیەی پێکهات، دوای ئەوەی چەند دانیشتنێکی لەماوەی نێوان ١٩٩١/١٢/٢٣ تاوەکو ١٩٩٢/١/٢٨ ئەنجامدا، پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بەسەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد، و لەرۆژی ١٩٩٢/٤/٢٨ لەلایەن بەرەوە بڕیاری لەسەردرا و بەناوی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق پەسەندکرا.

هەلبژاردنەکانی پەرلەمان و رابەری گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، لەرێگای دەنگدانی گشتی ونهێنی و راستەوخۆ، لە ١٩٩٢/٥/١٩ بەبەشداری نزیکەی یەك ملیۆن دەنگدەر، کەنوێنەرایەتی زیاتر لەسێ ملیۆن ونیو هاوڵاتیان دەکرد و کەبەهاوکاری وپشتیوانی چاودێرانی بیانی ودۆستانی گەلی کورد بەڕێوەچوو.

## مێژووی هەڵبژاردن خولی یەکەم

**١٩٩٢**

یەکەمین ئەزموونی هەلبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لەکوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (١)ی بەرەی کوردستانی لە ١٩٩٢\٥\١٩ بەسەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین رێکخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپاو رۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا، کە(٩٦٧٢٢٩) دەنگدەر بەشداریان تێدا کرد.
ئەو لیستانەی بەشداریان لەهەلبژاردنەکەدا کرد:

**لیستی پارتەکان**

١. پارتی دیموکراتی کوردستان
٢. یەکێتی نیشتمانی کوردستان وحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٣. یەکگرتن ( پارتی سۆشیالست و پارتی سەربەخۆیی کوردستان - پاسۆک)
٤. یەکێتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و بێلایەنەکان
٥. لیستی ئیسلامیەکان
٦. لیستی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان
٧. لیستی سەربەخۆی دیموکراتەکان

بەپێی ئەنجامەکانی هەلبژاردن، کەلەلایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەلبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان راگەیەندرا، کەبەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی (التمثیل النسبی) بەرێوەچووو، تەنیا (لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان)و لیستی هاوبەشی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان)، رێژەی ٧٪ تێپەڕاند کە یاسای هەڵبژاردن دیاری کردبوو هاتنە نێو پەرلەمان، لە کۆی ١٠٥ کورسی پەرلەمان هەریەك لە یەکێتی و پارتی ٥٠٪ ی کورسیەکانیان بەرکەوت.

بەپێی بریارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیش کە لە ١٩٩٢\٤\١٨ دەرچوو (٥) کورسی بۆ مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا، کە ٤ ئەندامیان لە لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و ١ ئەندامیش بۆ لیستی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا.

## مێژووی هەڵبژاردن خولی دووەم

**٢٠٠٥**

لەرۆژی ٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا کەهاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کەدوای رووخانی رژێمی سەدام لەکوردستان و عیراق ئەنجام درا .
لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دانیشتووانی کوردستان جیا لەدانیشتووانی ناوچەکانی تری عیراق لەیەك کاتدا دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی ٣ ئەنجوومەنی جیادا ئەوانیش: ئەنجوومەنی

نیشتمانی کوردستان- عیراق، کەلەسنووری پارێزگاکانی (سلێمانی و هەولێرو دهۆك) ئەنجامدرا، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان .

پێویستە بگوترێ کە لەم هەلبژاردنەدا خەڵکی ناوچە دابراوەکانی کوردستان:لەهەرسێ پارێزگای (کەرکوك، نەینەوا، دیالی) رێگەیان پێنەدرا دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان بدەن، لەبەر ئەوەی چارەنووسی گەرانەوەیان بۆسەر هەرێم یەکلایی نەکرابۆوە، وەك چۆن لەمادەی ٥٨ی قانونی ئیدارەی دەولەتی عیراق ناسراو بە TAL هاتبوو، کە دواتر بووە ماددەیەکی دەستووری لەدەستووری هەمیشەیی عیراق بەژمارە ١٤٠.

لەهەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ١٣ لیستی جیاواز بەشداریان لە ململانێکاندا کرد کەبەسیستمی (نوێنەرایەتی رێژەیی) بەرێوەچوو. تیایدا ١٧٥٣٩١٩ کەس لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەکورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و موسلمان و مەسیحی و ئیزیدی بەشداریان تێدا کرد .

لەم هەڵبژاردنەدا، ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە ١٠٥ ئەندام بۆ ١١١ ئەندام بەرزکرایەوە. لەئەنجامدا تەنها سێ لیست لەکۆی ١٣ لیست کەبەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کردبوو، توانیان بگەنە پەرلەمان، ئەوانیش لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان کە (١٠٤) کورسی و لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان عیراق (٦) کورسی و لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان (١) یەك کورسیان بەدەستهێنا.

لیستەکان

١. لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان
٢. کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق
٣. لیستی زەخمەتکێشان و سەربەخۆکان
٤. پارتی کاری دیموکراتی کوردستان
٥. بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
٦. لیستی بێلایەنەکان
٧. پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
٨. تەجەموعی کۆماری عێراق
٩. بەرەی نیشتمانی وەحدەی عێراق
١٠. بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان
١١. پارتی پارێزگارانی کوردستان
١٢. حزبی ئەخای وەتەنی عێراقی
١٣. رەوتی نیشتمانی کوردستان

## مێژووی هەڵبژاردن خولی سێیەم ٢٠٠٩

بەرلە ٢٠٠٩/٦/٤ کەرۆژی کۆتایی هاتنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بوو عەدنان موفتی سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەنامەیەکدا کەرۆژی ٢٠٠٩/١/٥ دەرچوێنراوەو ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە، تیایدا پێشنیاری رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ ی کردبوو بۆ هەڵبژاردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی ئەو رۆژەشی بۆ ئەوەی گەراندبۆوە کە یەکەم

هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستان لە ١٩٩١/٥/١٩ ئەنجامدراوە.

لەنووسراوێکی تریشدا کەئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراقی کردووەو مێژووی ٢٠٠٩/٣/٢٦ ی بەسەرەوەیە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خولی دووەم جارێکی تر تەئکیدی لەسەر رۆژی ٥/١٩ کردۆتەوە کە هەڵبژاردنی تیا ئەنجامبدرێت بۆئەم مەبەستەش لەنووسراوەکەدا داوای لە کۆمسیۆن کردووە بۆ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن تەنسیق لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن.

دوای تاووتوێکردنی ئەو پێشنیارەی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەعیراقدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنامەیەدا کە مێژووی ٢٠٠٩/٤/١١ ی بەسەرەوەیەو ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی کردووە، تیایدا ئەوە روونکراوەتەوە کە لەبەر تەرخاننەکردنی بودجەی تایبەت بۆ کۆمسیۆنی باڵا لەلایەن حکومەتی فیدرال و نەبوونی پلانی دارایی روون و توانای تەکنیکی پێویست کۆمسیۆن ناتوانێت لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ هەڵبژاردن ئەنجام بدات.

دوای ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەعیراق رۆژی ٥/٢ /٢٠٠٩ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان ئاگادار کردەوە کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٠ بەدواوە ئامادەن هەڵبژاردن بەڕێوەبەن، ئەوەبوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/٥ لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە ٩ی خولی دووەمی ساڵی چوارەمی لە خولی دووەمی هەڵبژاردن ئامادەبوو، لە وتارێکدا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ی دیاری کرد وەك رۆژی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەهەرێمی کوردستان و داواشی کرد هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت.
دواتر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ پرۆسەی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکەشێکی ئارام و بەئامادەبوونی چەندین چاودێری نێودەولەتی و بیانی و عەرەبی و ناوخۆیی سەرکەوتووانە بەرێوەچوو.

لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا ٢٤ لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، بۆ کێبرکێ لەسەر ١١١ کورسی و تیایدا ١١ لیست توانیان رێژەی یاسایی بەدەست بێنن و بێنە ناو پەرلەمان. ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەش وەك لەنووسراوی ژمارە (خ/٩/١٤٣١ لە ٢٠٠٩/٨/١٨) ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان لەعیراق هاتووەو ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووەو تیایدا موسادەقەی کۆتایی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە کردووە کە (1978382) یەک ملیۆن وحەوت سەدو هەشتاوسێ هەزارو هەشتاودوو هاوڵاتی بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کردووە.
ناوی قەوارەو لیستە سیاسییە سەرکەوتووەکان
١. لیستی کوردستانی

٢. ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی
٣. گۆڕان
٤. بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان/عیراق
٥. لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی قائمە الخدمات والاصلاح
٦. قائمە الرافدین
٧. المجلس الشعبی لکلدانی السریانی الاشوری
٨. الحرکە الدیمقراگیە الترکمانیە فی لاکردستان
٩. قائمە اربیل الترکمانیە- لیستی تورکمانی هەولێر
١٠. قائمە اصلاح الترکمانی
١١. ارام شاهین داود باکویان

## مێژووی هەڵبژاردن خولی چوارەم

## ٢٠١٣

بەر لەوادەی کۆتایی هاتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، د. ئەرسەلان بایز سەرۆکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەنووسراوێکدا بەژمارە ٦٢٩٨/٣/٤ لە رۆژی ٢٠١٢/١٢/٥ داوایەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیراق کردووە تیایدا داوای دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانی کردووەو دەقەکەی بەمشێوەیە هاتووە: "لە ٢٠١٣/٩/٧ دا پەرلەمانی کوردستان ماوەی چوار ساڵی خولی سێیەمی هەڵبژاردن تەواو دەکات، بە پێی بڕگەی دووەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو، پێویستە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسومێکی هەرێمی دەربکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی دیاریکراو لە مادەی ئاماژە پێکراو تیایدا ئاگاداری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکرێت بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم مەبەستە بە تایبەتی کە کۆمسیۆن ماوەی (٦) مانگی پێویستە بۆ ئامادەکاری.

دواتر سەرۆکی هەرێمی کەوردستان بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٥٠) لە (٢٠١٣/٤/١٨)، رۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ دیاری کرد وەك کاتی ئەنجامدانی هەلبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان – عیراق و هەلبژاردنی سەرۆکی هەرێم چونکە ویلایەتی سەرۆکی هەرێمیش لەهەمان وادە کۆتای دێت.

دواتر رۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەسیستمی نیمچەکراوە بەبەشداری ١٨٧٤١٤٧ دەنگدەر بەرێوەچوو، تیایدا (٣١) لیست بەشداری پرۆسەکەیان کردوو سەرەنجام (١٧) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن.

ناوی قەوارەو لیستەکان

١. لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢. لیستی گۆڕان
٣. لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٤. لیستی یەکگرتووی ئیسلامی
٥. لیستی کۆمەڵی ئیسلامی
٦. لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان
٧. لیستی سۆسیالیست
٨. لیستی ئازادی
٩. لیستی ئاراستەی سێیەم
١٠. لیستی رافدین ( قائمه الرافدين)
١١. ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی و ئاشووری
١٢. لیستی پێشکەوتنی تورکمان
١٣. لیستی هەولێری تورکمانی
١٤. لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمانی
١٥. لیستی جبهەی تورکمانی عێراقی
١٦. لیستی ابناء النهرين
١٧. لیستی ئەرمەن

## مێژووی هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ٢٠١٨

بەپێی ماددەی یەکەم برگەی یەکەم لەیاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەمەرسوومی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠١٨ رۆژی ٢٠١٨/٩/٣٠ دیاری کرد وەک وادە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.
بەپێی راگەیەنراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان ژمارەی ٣٠٨٥٤٦١ هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبوو لەو ژمارەیە ١٨٤٥٩٧٩ هاووڵاتی بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کردوە کەرێژەی بەشداری هاوڵاتیان دەکاتە ٥٩٪. لەو هەڵبژاردنەدا ٢٩ لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کردوو لە ئەنجامدا ١٦ لیست توانیان کورسی پەرلەمانە بەدەست بهێنن بەم شێوەیەی خوارەوە:


**ناوی لیستەکان**

١. لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢. لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٣. لیستی گۆڕان
٤. جولانەوەی نەوەی نوێ
٥. لیستی کۆمەڵی ئیسلامی
٦. هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح
٧. لیستی سەردەم
٨. لیستی ئازادی
٩. پارتی گەشەپێدانی تورکمانی
١٠. پارتی چاکسازی تورکمانی
١١. لیستی میللەت
١٢. لیستی بەرەی تورکمانی
١٣. هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی
١٤. لیستی رافدین
١٥. ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی و ئاشووری
١٦. لیستی ئەرمەن

# خشتەی کۆی گشتی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان
# جدول قوانين وقرارات برلمان اقليم كوردستان-العراق
# KURDISTAN PARLIAMENTS LAWS AND DECISIONS

| TERMS | کۆی گشتی<br>مجموع<br>TOTAL | بڕیارەکان<br>القرارات<br>DECISIONS | یاساکان<br>القوانين<br>LAWS | ساڵەکان<br>السنوات<br>YEARS | دورات | خولەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Fifth term | 0 | 0 | 0 | 2023 | الدورة الخامسة | خولی پێنجەم |
| | 17 | 0 | 17 | 2022 | | |
| | 21 | 1 | 20 | 2021 | | |
| | 7 | 2 | 5 | 2020 | | |
| | 6 | 2 | 4 | 2019 | | |
| Fourth term | 11 | 1 | 10 | 2018 | الدورة الرابعة | خولی چوارەم |
| | 4 | 0 | 4 | 2017 | | |
| | 0 | 0 | 0 | 2016 | | |
| | 10 | 1 | 9 | 2015 | | |
| | 14 | 6 | 8 | 2014 | | |
| Third term | 19 | 1 | 18 | 2013 | الدورة الثالثة | خولی سێیەم |
| | 17 | 0 | 17 | 2012 | | |
| | 22 | 1 | 21 | 2011 | | |
| | 17 | 1 | 16 | 2010 | | |
| | 18 | 5 | 13 | 2009 | | |
| Second term | 21 | 3 | 18 | 2008 | الدورة الثانية | خولی دووەم |
| | 41 | 2 | 39 | 2007 | | |
| | 22 | 2 | 20 | 2006 | | |
| | 6 | 4 | 2 | 2005 | | |
| Transitional term | 28 | 3 | 25 | 2004 | الدورة الانتقالية | خ. گواستنەوە |
| | 14 | 7 | 7 | 2003 | | |
| | 30 | 14 | 16 | 2002 | | |
| First term | 25 | 6 | 19 | 2001 | الدورة الاولى | خولی یەکەم |
| | 26 | 7 | 19 | 2000 | | |
| | 28 | 10 | 18 | 1999 | | |
| | 12 | 3 | 9 | 1998 | | |
| | 23 | 10 | 13 | 1997 | | |
| | 4 | 0 | 4 | 1996 | | |
| | 1 | 0 | 1 | 1995 | | |
| | 20 | 16 | 4 | 1994 | | |
| | 36 | 15 | 21 | 1993 | | |
| | 42 | 26 | 16 | 1992 | | |
| **TOTAL** | **562** | **149** | **413** | **32** | **المجموع** | **گشتی** |

ئەم ئامارە تا بەرواری (٢٠٢٤/١١/٦)ە.




سـەرچاوە: کتێبـی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، پ. د. خەلیـل ئیسـماعیل محەمـەد، پەسندکراوی لیژنـەی ناوچـە کوردسـتانییەکانی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان، ٢٠٢١، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێر.




سـەرچاوە: کتێبـی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، پ. د. خەلیـل ئیسـماعیل محەمـەد، پەسندکراوی لیژنـەی ناوچـە کوردسـتانییەکانی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان، ٢٠٢١، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێر.

## ڕۆژانی پشووە فەرمییەکان

| | |
|---|---|
| 1/1 | سەری ساڵی زایینی |
| ٣/١١ | یادی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ |
| ٣/١٠ | ڕۆژی سەربەخۆیی کۆماری عێراق |
| ٣/١٤ | ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی نەمر |
| ٣/٢٣-٢١ | جەژنی نەورۆز |
| ٢٠٢٥/٣/٣٠ | جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز |
| ٤/١ | سەری ساڵی ئاشوورییەکان |
| ٤/٩ | ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی عێراق |
| ٤/٢٠ | سەری ساڵی ئێزدییەکان(جەژنی سووری ئێزدییەکان) |
| ٥/١ | ڕۆژی کرێکارانی جیهان |
| ٥/٣ | ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان |
| ٢٠٢٥/٦/٦ | جەژنی قوربانی پیرۆز |
| ٢٠٢٥/٦/٢٧ | سەری ساڵی کۆچی |
| ٢٠٢٥/٧/٦ | ڕۆژی عاشورا |
| ٧/١٤ | ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری عێراق |
| ٢٠٢٥/٩/٥ | یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن (د.خ)* |
| ١٢/٢٥ | یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (د.خ) |

*بە پشت بەستن بە ڕۆژمێری کۆچی، ڕۆژەکان مەزندەکراوە

ـ سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## یاد و بۆنە فەرمییەکان و ڕۆژە مێژوویەکانی گەلی کوردستان

| | |
|---|---|
| ١/١٧ | جەژنی سێ ڕۆژەی یاران (قەوڵتاس) |
| ١/٢٢ | ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری مهاباد |
| ٢٠٠٥/١/٣٠ | هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٢/١: | یادی تەقینەوە خۆکوژییەکەی بەردەم هەردوو بارەگاکانی لقی ٢ی پارتی و مەڵبەندی ٣ی یەکێتی. |
| ٢٠٢١/٢/١٥ | کۆچی دوایی دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی خولی گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٢/٢٥ | ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی پێکهاتەی تورکمان |
| ٣/١ | کۆچی دوایی بارزانی نەمر. |
| ٣/٧ | ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری سلێمانی |
| ٣/٨ | ڕۆژی جیهانی ژنان |
| ٣/١٠ | ڕۆژی جلی میللی نەتەوەیی |
| ٣/١١ | ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری هەولێر |
| ٣/١٤ | ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری دهۆك |
| ٣/١٦ | یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید |
| ٣/١٦ | ڕۆژی شەهید. |
| ٣/٢١ | ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری کەرکوك |
| ٢٠١١/٣/٢٢ | کۆچی دوایی(جوهر نامق سالم)سەرۆکی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٤/١٤ | یادی ئەنفالکردنی گەرمیان (چەمچەماڵ و کەلار). |
| ٤/١٦ | یادی کیمیابارانکردنی بالیسان |
| ٤/٢٢ | ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی |
| ٤/٢٤ | یادی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ |
| ١٩٩٢/٥/١٩ | هەڵبژاردنی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٢٠٠٩/٧/٢٥ | هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٧/٣١ | یادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان |
| ٨/٣ | یادی جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان |
| ٨/٧ | ڕۆژی شەهیدانی ئاشووریان |
| ٨/٢٥ | یادی ئەنفالکردنی بادینان |
| ٢٠١٣/٩/٢١ | هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان |
| ٢٠١٨/٩/٣٠ | هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان |
| ٢٠١٧/١٠/٣ | کۆچی دوایی سەرۆک تاڵەبانی |
| ١٩٩٢/١٠/٤ | ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدرالی |
| ٢٠٢٤/١٠/٢٠ | هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان |
| ٢٠١٤/١٠/٢٢ | بڕیاری ژمارە (٢٨) سەبارەت بە ڕەزامەندیی دەربڕین لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ. |
| ٢٠١٤/١١/١٦ | کۆچی دوایی دکتۆر کەمال فوئاد سەرۆکی خولی گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستان. |
| ١١/١٧ | ڕۆژی زمان و کولتوری پێکهاتەی تورکمان |
| ١٢/١٧ | ڕۆژی ئاڵای کوردستان |
| ١٢/١٧ | ڕۆژی دایک لە کوردستاندا |

ـ سوود لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
0750 448 3863
shahab.printing@gmail.com